# ڕێزمانی کوردی

## ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

نامەیەکـــــە

**دیار علی کمال کریم**

پێشکەشی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدینی کردووەو

بەشێکە لەپێویستییەکانی پلەی ماجستێر لەزمانی کوردیدا

زانكۆی سەلاحەدین / كتێبخانەی ناوەندی
ناو/ ١٠٩
ژمارەی تۆمار /
بەرواری تۆمار: ١٦ / ١ / ٢٠٠٢

سەرپەرشتیار

**د. طالب حسین علی**

تشرینی یەکەم ٢٠٠٢

Scanned by TapScanner

ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سەلاحەدین ئامادە کراوەو بە شێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردی ( رستە سازی ) دا .

ناو : د. طالب حسين علي

مێژوو: ٢٥ / ١٢ / ٢٠٠٢

بەپێی ئەو پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

ناو : د. مصطفى محمد كريم زەنگنە

سەرۆکی لیژنە خوێندنی باڵا

مێژوو: ٢٥ / ١٢ / ٢٠٠٢

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی موناقەشەو هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ قوتابیە کەدا موناقەشەمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( زۆر باش ) بڕوانامەی ماجستێری لەزمانی کوردی ( رستە سازی ) دا پێ بدرێ.

ناو : د. جمال سمایل حسن

ئەندام

مێژوو:

ناو : پ. د. محمد معروف فتاح

سەرۆکی لیژنە

مێژوو:

ناو : د. مصطفى محمد کریم زەنگنە

ئەندام

مێژوو: ٢٥ / ١٢ / ٢٠٠٠

ناو : د. طالب حسين علي

ئەندام و سەرپەرشتیار

مێژوو: ٢٨ / ١٢ / ٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردە وە پەسەند کرا.

ناو : پ. د. کریم صالح حمید

راگری کۆلیجی پەروەردە :

مێژوو: ١٢ / ١ / ٢٠٠٢

# سوپاسنامە


- رێز و سوپاسم بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم ( د٠طالب حسين علي ) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆو لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا تەواوی ئازادی پێبەخشیم و لەگەڵما ماندووبوونی کێشا ٠

- مامۆستای بەرێز پرۆفیسۆر د٠ محەمەد معروف فتاح کەیارمەتی زۆری دام و بەسنگێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە و تێبینی زانستی پێشکەش کردم.

- مامۆستای بەرێز د. عەزیز گەردی کە لە سەرەتای خوێندنی زانکۆمەوە بەردەوام زانستی لێفێردەبم .

- مامۆستایانی بەرێز حاتم وليا و دلۆڤان سيف الدين کەیارمەتیان دام و ماندووبوونیان کێشا .

- هەموو ئەو مامۆستاو هاورێیانەم کەسوودم لێیان وەرگرت و هاوکارییان کردم .

**دیــــار**




Scanned by TapScanner

# سوپاسنامە

❖ ڕێز و سوپاسم بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم ( د.طالب حسین علي ) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆو لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا تەواوی ئازادی پێبەخشیم و لەگەڵ ما ماندووبوونی کێشا .

❖ مامۆستای بەرێز پرۆفیسۆر د. محەمەد معروف فتاح کەیارمەتی زۆری دام و بەسنگێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە و تێبینی زانستی پێشکەش کردم.

❖ مامۆستای بەرێز د. عەزیز گەردی کە لە سەرەتای خوێندنی زانکۆمەوە بەردەوام زانستی لێفێردەبم .

❖ مامۆستایانی بەرێز حاتم ولیا و دلۆڤان سیف الدین کەیارمەتیان دام و ماندووبوونیان کێشا .

❖ هەموو ئەو مامۆستاو هاورێیانەم کەسوودم لێیان وەرگرت و هاوکارییان کردم .

**دیار**



Scanned by TapScanner

# ناوەڕۆك

بابەت — لاپەڕە


نیشانە كورتكراوەكان ........ ١

لیستی زاراوەكان ........ ٢

پێشەكی ........ ٨

بەشی یەكەم

١- سەرەتا ........ ١٢

١-١ كورتەیەك دەربارەی تیۆرەكە ........ ١٣

١-٢ بنەماكانی ڕێزمانی ب.گ ........ ١٦

١-٣ ئاستە ڕۆنانیەكانی ڕستە ........ ٢٥

١-٣- ڕۆنانی ژێرەوە ........ ٢٦

١-٣- ڕۆنانی سەرەوە ........ ٢٨

١-٤ مۆدێلی ڕێزمان لە تیۆرەكەدا ........ ٢٩

١-٥ پەسەندێتی و ڕێزمانێتی ........ ٣٢

١-٦ چاكەكانی تیۆری ب.گ ........ ٣٤

١-٧ نیشانە فرەیز ........ ٣٦

بەشی دووەم

٢- یاساكانی ڕۆنان ........ ٣٩

٢-١ فرەیزی ناوی ........ ٣٩

٢-١-١ فراوانكردنی فرەیزی ناوی بۆ دەرەوە ........ ٤٣

٢-٢ فرەیزی كاری ........ ٥٠

٢-٢-١ فراوانكردنی فرەیزی كاری ........ ٥٣

٢-٣ جوڵەی ڕاناوی لكاو ........ ٥٤

٢-٤ گوێزانەوە لە ڕێزمانی ب.گ دا ........ ٥٦

٢-٤-١ شروشتی كردەی گوێزانەوە ........ ٥٧

٢-٤-٢ یاساكانی گوێزانەوەو ڕستەی كوردی ........ ٥٨

٢-٥ بكەر نادیار ........ ٧٦

بەشی سێیەم

٣- چەمكە ئەركییەكانی ڕستە لە ڕێزمانی ب.گ دا ........ ٨٠


Scanned by TapScanner

٣-١ یاسا فەرهەنگییەکان ..........................

٢-٣ سیماسیتاکسی و فەرهەنگییەکان.............................. ٨٣

٩٠

کورتەو ئەنجامەکان..............................................

٩٦٠ .

سەرچاوەکان.........................................................

١٠٣

ملخص الرسالە......................................................

١٠٨

Stract.....................................................................

١٠٩


Scanned by TapScanner

# نیشانەو کورت کراوەکان

| | |
|---|---|
| ئا. | : ئاوەڵناو |
| ئاك | : ئاوەڵکار |
| ئاك . شوێن | : ئاوەڵکاری شوێن |
| ئاك .كات | : ئاوەڵکاری کات |
| ئا.باڵا | : ئاوەڵناوی پلەی باڵا |
| ب | : بکەر |
| بە | : بەرکار |
| ب.گ | : بەرهەمهێنان و گوێزانەوە |
| ك | : کار |
| ف | : فرەیز |
| ر | : رستە |
| ر–ژێرەوە | : رۆنانی ژێرەوە |
| ر–سەرەوە | : رۆنانی سەرەوە |
| ر– ناوەندی | : رۆنانی ناوەندی |
| م. | : مۆرفیم |
| ن | : ناو |
| یا . | : یاسا |
| ← | : بریتی‌یە لە |
| ⇐ | : گوێزانەوە |
| ∝ | : بێ کۆتا |
| Ø | : دەرنەکەوتن |
| [ ] | : نیشانەی بە ئارەزوویی |
| ? | : رستەکە لەرووی واتاوە نادروستەبەڵام پلەی رێزمانییەکەی دروستە |
| * | : نارێزمانی |

# لیستی زاراوەکان

-A-

| | |
|---|---|
| Abstract | ئەبستراکت |
| Acceptability | پەسەندێتی |
| Active | دیار |
| Adjective | ئاوەڵناو |
| Adverb | ئاوەڵکار |
| Ambiguity | لێڵی |
| Animate | زیندوو |
| Aspect | ئەسپێکت |

-B-

| | |
|---|---|
| Base component | پێکهێنی بنجی |
| Branch | لق |

-C-

| | |
|---|---|
| Category | پۆل |
| Category label | ناونیشانی پۆل |
| Context | دەوروبەری زمانی ( کۆنتێکست) |
| Context free | دورە کۆنتێکست |
| Count | بژێر |

-D-

| | |
|---|---|
| Deep structure | رۆنانی ژێرەوە |

Scanned by TapScanner

| | |
|---|---|
| Definite | ناسراو |
| Determiner | دیاریکەر |

-F-

| | |
|---|---|
| Finite sestem | سیستەمی بەکۆتا |
| Finite state grammer | ڕێزمانی دۆخ سنوردار |

-G-

| | |
|---|---|
| Generative | بەرهەمهێنان |
| Generative semantic | سیمانتیکی بەرهەمهێنانی |
| Grammaticality | ڕێزمانێتی |
| Grammatical function | ئەرکی ڕێزمانی |

-H-

| | |
|---|---|
| Head | سەرە |
| Human | مرۆڤ |

-I-

| | |
|---|---|
| Indefinite | نەناسراو |
| Infinite | بێ کۆتا |
| Infinite system | سیستەمی بێ کۆتا |
| Intensifier | وشەی ڕادە |
| Intermediate structure | رۆنانی ناوەندی |
| Interpretation | شرۆڤەکردن( تەئویل) |

Scanned by TapScanner

| | |
|---|---|
| Intuition | فيترة |

-K-

| | |
|---|---|
| Kernel sentence | رستەی بنجی( ناوك ) |

-L-

| | |
|---|---|
| Label | ناونيشان |
| Left branching construction | رۆنانە لقدارەكانی لای چەپ |
| Lexical | فەرهەنگی |
| Lexical category | پۆلی فەرهەنگی |
| Lexical feature | سيمای فەرهەنگی |
| Lexical insertion rule | ياسای هەڵبژاردنی فەرهەنگی |
| Lexical item | دانەی فەرهەنگی |
| Lexical rule | ياسای فەرهەنگی |

-M-

| | |
|---|---|
| Meaning preserving | واتاپارێزی |
| Multiple – branching construction | رۆنانە فرە لقەكان |

-N-

| | |
|---|---|
| Native speaker | ئاخێوەری ڕەسەن |
| Nested construction | رۆنانە ئامێزيیەكان |
| Node | نۆد( گرێ) |
| Non – terminal node | نۆدی ناوخۆيی ( ناكۆتايی) |
| Noun phrase | فرەيزی ناوی |
| Number | ژمارە |

Scanned by TapScanner

## -O-

| | |
|---|---|
| Object | بەرکار |

## -P-

| | |
|---|---|
| Performance | چالاکی |
| Phonological ability | توانی فۆنۆلۆجی |
| Phrase | فرەیز |
| Phrase marker | نیشانە فرەیز |
| Phrase structure rule | یاساکانی رۆنانی فرەیز |
| Phonological component | پێکهێنی فۆنۆلۆجی |
| Pre – terminal string | زنجیرەی پێش کۆتا |
| Preposition | پریپۆزیشن |
| Prepositional phrase | فرەیزی بەند |
| Proper name | ناوی ناسراو |

## -Q-

| | |
|---|---|
| Quantifier | رادەی چەندێتی |

## -R-

| | |
|---|---|
| Rationalism | ئەقلآنیەت |
| Right branching construction | رۆنانە لقدارەکانی لای چەپ |

Scanned by TapScanner

## -S-

| | |
|---|---|
| Selectional | هەڵبژاردن |
| Self – embeded construction | ڕۆنانە وێکچوەکان |
| Semantic component | پێکهێنی واتایی |
| Syntactic category | پۆلی سینتاکسی |
| Sentence analysis | شیکردنەوەی سینتاکسی |
| Sentence element | کەرەسەی ڕستە |
| Sentence structure | ڕۆنانی ڕستە |
| Speech | ئاخاوتن |
| Standard theory | تیۆری ستاندارد |
| Structural analysis | شیکردنەوەی ڕۆنانی |
| Structural description | پەسن کردنی ڕۆنانی |
| Structuralism | ڕۆنانکاری( بونیادگەری) |
| Structure preserving | یاسای پۆلکردنی پاژی |
| Sub categorization rule | ڕۆنانی سەرەوە |
| Surface structure | توانای سینتاکسی |
| Syntactic ability | پێکهێنی سینتاکسی |
| Syntactic component | سیمای سینتاکسی |
| Syntactic feature | ڕۆنانی سینتاکسی |
| Syntactic structure | |

## -T-

| | |
|---|---|
| Terminal node | نۆدی کۆتایی |
| Terminal string | زنجیرەی کۆتایی |

| | |
|---|---|
| Topicalaziation | بەاووتکە کردن |
| Traditional grammar | ڕێزمانی دێرین |
| Transformational – generative grammar | ڕێزمانی ب.گ |
| Transformational rule | یاساکانی گوێزانەوە |

-U-

| | |
|---|---|
| Unacceptability | ناپەسەندێتی |
| Ungrammatical sentence | ناڕێزمانێتی رستە |
| Universal grammar | ڕێزمانی سەراپا |

-V-

| | |
|---|---|
| Verb phrase | فرەیزی کاوی |
| Verb | کـــار |

Scanned by TapScanner

# پێشەکی

## ناونیشان و بواری نامەکە :

نامەکە بەناونیشانی ( ڕێزمانی کوردی، ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە)یە، بەمەش نامەکە تەرخان کراوە بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی هەندێک لایەنی ڕێزمانی و فەرهەنگی زمانی کوردی لەڕوانگەی تیۆری بەرهەمهێنان وگوێزانەوەوە مۆدێلی (٥٧-٦٥)، لێکۆڵینەوەکە لەهەندێ جێگەدا کە بابەتەکە پێویستی کردبێت پەڕیوەتەوە بۆ ئاستەکانی سیمانتیک و فۆنۆلۆجی .

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :

تیۆری بەرهەمهێنان وگوێزانەوە ، یەکێکە لە مۆدێلە چالاك و بەتواناکانی زمانەوانی تیۆری بۆ لێکدانەوەو پەسن کردنی ڕستەکانی زمان و دیاردە ڕێزمانییەکان ، لەم ڕووەوە هەڵبژاردنی ئەم تیۆرە بۆ شیکردنەوەی ڕستەکانی ئەم زمانە کارێکی بێسوود نابێت بەتایبەتی کەلێکۆڵینەوەی تایبەت و سەربەخۆ بەزمانی کوردی لەم لایەنەوە دەگمەن بێت .

## سنووری لێکۆڵینەوەکە :

لێکۆڵینەوەکە لەچوارچێوەی زمانی کوردی - زاری ناوەڕاست - دایە ، لەڕستەی سادەدا .

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە پابەندە بەتیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی ( ١٩٥٧-١٩٦٥ ) ی چۆمسکی و لەهەندێ جێگەی پێویستدا نەبێت ئاوڕی لەگەشە سەندنی مێژوویی و قۆناغەکانی تری پەرەسەندنی ئەم تیۆرە نەداوەتەوە .

Scanned by TapScanner

## گیروگرفتی نامەکە :

لەماوەی ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە ، رووبەرووی هەندێ گیروگرفت بوومەوە کەگرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون :

١–نەبوونی سەرچاوەی تایبەت بەبابەتەکە بەزمانی کوردیو هەروەها کەمی سەرچاوەی نوێ بەزمانە بیانیەکان لەبارەی بابەتەکەوە لەکتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان دا .

٢– بەهۆی پەنا بردنە بەر سەرچاوە بەزمانی عەرەبیو ئینگلیزیو ، دووچاری کێشەی زاراوە بوومەوە ، بەتایبەتی ئەم کارە ـ تیۆرەکە ـ کۆمەڵێك زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیەو لەکوردیدا یان دانەرێژراون یاخود نەچەسپیون ، بۆیە بۆزیاتر روونکردنەوەی ئەو زاراوانەی وەرم گێراون یان دام رشتوون لەسەرەتادا لیستێك بەو زاراوانە بەزمانی ئینگلیزی ـ کوردی ئامادە کراوە .

## ناوەرۆکی نامەکە :

نامەکە لەپێشەکیو سێ بەش وکورتەو ئەنجامی لێکۆڵینەوە پێك دێت :

**بەشی یەکەم** : دەروازەیەکی تیۆریە بۆ باسکردنی سروشتی تیۆرەکەو بنەما گرنگەکانی و ئەو مۆدێلەی کەتیۆرەکە لە لێکدانەوەی رستەکانی زماندا پیادەی دەکات ، وێرای بەدیارخستنی هەندێ لەچاکەکانی تیۆرەکە .

**بەشی دووەم** : ئەم بەشە تایبەتە بە یاساکانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لەرستەی کوردیدا کە ئەم ناونیشانە سەرەکیانە لەخۆ دەگرێت :

١–یاساکانی رۆنان

أ- فرەیزی ناوی

ب ـ فرەیزی کاری

٢–جوڵەی راناوی لکاو

٣– گوێزانەوە لەرێزمانی ب.گ دا

أ ـ سروشتی کردەی گوێزانەوە

ب ـ یاساکانی گوێزانەوەو رستەی کوردی

Scanned by TapScanner

١- گوێزانەوە گشتی‌یەکان

٢-یاسا بەخورتیەکان

٣- یاسا بەئارەزووییەکان

بەشی سێیەم : ئەم بەشە تایبەتە بەروانگەی تیۆرەکە بۆ چەمکە ئەرکیەکانی کەرەسەکانی رستە ( بکەر ، بەرکار ، تەواوکەر ، ...) و یاسا فەرهەنگییەکان لەتیۆرەکەداو پیادەکردنیان لەزمانی کوردیدا،کورتەی لێکۆڵینەوەکە باس لەکەموکوڕییە سەرەکییەکانی تیۆرەکە دەکاتو ئەنجامەکانیش لەچەند خاڵێکدا خراونەتە روو.

Scanned by TapScanner

# بەشی یەکەم

١-١ کورتەیەك دەربارەی تیۆرەکە

١-٢ بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

١-٣ ئاستە ڕۆنانییەکانی ڕستە

١-٤ مۆدێلی ڕێزمان لەتیۆرەکەدا

١-٥ پەسەندێتی و ڕێزمانێتی

١-٦ چاکەکانی تیۆری بەرهەم هێنان و گوێزانەوە

١-٧ نیشانە فرەیز

Scanned by TapScanner

## سەرەتا :

بڵاوبوونەوەی کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسیەکان)ی چۆمسکی لە ١٩٥٧دا سەرەتایەکی گرنگ بوو سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی و سەرهەڵدانی قوتابخانەیەکی گەورەی تیۆری زمانی بوو، کە جیاوازیەکی زۆری هەبوو لە گەڵ قوتابخانەکانی تری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی داوەرچەرخانێکی گرنگی دروست کرد لەڕەوتی بەرەوپێشچوونی دیراسەکردنی زماندا، چۆمسکی دامەزرێنەری قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە سەرەتای لێکۆڵینەوەکانی لەناو پانتاییەکانی دیراساتی بونیادگەریدا دەستپێکردو لەوێوە لە سەر زمان وەستا، بەلام لەئەنجامی تێبینی و کردەی تێڕامانی قووڵەوە توانی بونییادگەرییەکان تێپەڕێنێ و لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی بە ئاراستەیەکی تردا بەرێت ، بەوەی سەر لەنوێ بەدوای واتای وردو قووڵی ڕێزماندا گەڕاو هەوڵی دەستنیشانکردنی ماهیەت و سنوورەکانیدا و (( ڕێزمانی لە بیرۆکەی (ئەگەرە ئامارییەکان)(*) جیاکردەوە)). " ٢٠:٤٠ "

بەمەگومانی خستە سەر ئەو پێناسەیەی ڕۆنانکارییەکان بۆ ڕستە پێشکەشیان کردبوو؛ (( ڕستەی ڕێزمانی ئەوەیە کە دەشێ لەو زماندا بێت ))(**) ئەم کارەش جێگەی تەواوی ڕێزمانی لەبواری لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا دەست نیشان کردو ((تیشکی خستەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ڕێزمان و ئامارو سیمانتیك)). "٢١:٤٠" چونکە ڕێزمانی ب.گ بیرۆکەی تەنها پەسن کردن دەبەزێنیو بەرەو ناوەوی زمان دەڕوات ((بۆ دەست نیشانکردنی کۆی توانا گوزارشتکاریەکان))"٦٩:٢٧" واتا ئەو تواناییانەی کە لەمرۆڤی ئاخێوەردا کاردەکەن بۆ دەربڕینی گوزارشتە زمانییەکان (ڕستە).

---

(*) مەبەست لە ئەگەرە ئامارییەکان ئەگەری دەرکەوتن یا بیستنی ڕستەیە، واتە کاتێك ڕستەیەك ڕێزمانی دەبێت کە ئەگەری هاتنی لەو زماندا زۆربێت.

(**) بەلام تیۆری ب.گ دەیسەلمێنێت کە ئەگەری هاتن و بیستنی ڕستە مەرج نی یە بۆ ڕێزمانێتی ئەو ڕستەیە، بەڵکودەبێت ڕستە بەرهەم هاتووی ئەو یاسایانە بێت کەلە توانستی زمانی ئاخێوەر دان و تایبەتن بەبەرهەمهێنانی ڕستەکان - تەنها ڕستە ڕێزمانیەکان.

## ١ ـ ١ كورتەیەك دەربارەی تیۆرەكە :

رێزمانی ب.گ كار لەسەر بەدیار خستن و دەستنیشان كردنی یاساكانی توانست دەكات و بایەخێكی ئەو تۆ بەدیوی چالاكی زمان نادات، چونكە ئەم تیۆرە زمان بۆ توانست و چالاكی دابەش دەكات و لەم دابەش كردنەدا توانست ئاماژەیە بۆ ((توانای هەموو ئاخێوەرێكی رەسەنی زمانەكە بۆ تێگەیشتن و بەرهەم هێنانی رستەكان)) "٤٤:٥١" كە لەوانەیە پێشتر هەرگیز نەیان بیستبێت یان بەرهەمیان نەهێنابێت، ئەو توانایەش جگە لە لایەنێكی (فطری) بۆ ماوەیی لایەنێكی تری لەو داتایانەوە دێت كە ژینگەیەكی زمانی بە ئاخێوەری دەبەخشێت.

توانست ((ئەو زانیاریە زمانیەیە هەلگیراوەیە كە فێربووی زمانێك ـ یا ئاخێوەری رەسەن ـ وەریدەگرێت و هەرهەمان زانیاریشە كەبەشێوەیەكی نا ئاگا( لاوعی) بەكاری دەهێنێت بە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زماندا))"٤٨:٣٠" بۆیە رێزمانیەتی و دروستی رستەش پەیوەندی بە توانستەوە هەیە هەر توانستیشە(( بریار لەسەر ئەوە دەدات كە هەندێك لە بەدوایەكدا هاتنەكان (رستەكان) دەچنە ناو زمانەوە و هەندێك ئینتیمای بۆ ناكەن))"٤٨:٣٠" واتە توانست ئەو زانیاریانەیە كە یاساكانی رێزمان لەخۆ دەگرێت و دەشتوانێت پێمان بلێت لە كوردیدا رستەی (١) و (٣) رێزمانیەو رستەی (٢) نارێزمانییە.

(١) ژنەكە دەستی منالەكەی شوشت .

(٢) شوشت دەستی منالەكە ژنەكە*.

(٣) دەستی منالەكە ژنەكە شوشتی

بۆیە ((رێزمانی ب.گ بەدوای توانای بەرهەمهێنانی رستەی نوێ زماندا دەگەرێت بە پابەند بوون بەتوانستەكانی خودی زمانەكە))"٦٩:٢٧" واتە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو میكانیزمەیە كەلە توانستی زمانیدا هەیە بۆ بەرهەمهێنانی رستەكان، ئەمەش وادەكات تیۆری ب.گ توانایەكی گەورەی هەبێت ـ زیاتر لە تیۆرەكانی تر ـ بۆ لە خۆگرتن و شیكردنەوەو پەسن كردنی زمانەكان. چونكە هەرچەند زمانەكان ئالۆزو لەناو یەكتردا جیاواز بن بەلام هەر منالێكی ئاسایی دەتوانی فێری هەر زمانێك ببێت كەلەژینگە زمانییەكەیدا هەیە، هەر ئەو ژینگە زمانیەش جۆری زمانەكەو یاساو تایبەتمەندییەكانی دیاری دەكات ، ئەمە وامان

Scanned by TapScanner

لێدەکات بڵێین(( هەموو مرۆڤێك لە بونیادێکی مەعریفی سنووردار‌دا هاوبەشن ئەویش خاو نێتی زمانە، ڕۆنانێکی لەناو یەکتردا گونجاوی گشتی‌یە بۆ نواندنی زەینی ( ذهنی) زمان)) "١٤٣:٣٠" ئامانجی تیۆری‌بەرهەمهێنان و گوێزانەوەش دۆزینەوەو دەست نیشانکردن و لێکۆڵینەوەیە لەو ڕۆنانە لە ڕووی سروشت و چۆنیەتی کارکردنەوە.ئەم تیۆرە بەو پێیەی کار لەسەر میکانیزمە بنەرەتیەکانی بەرهەم هێنانی رستە دەکات لە زماندا، دەبێت تیۆرێك بێت لە مێشکی مرۆڤەوە بروانێتە زمان، چونکە تیۆری ب.گ بە پێچەوانی ئەو بنەما رەوشتیەیی ڕۆنان کاریەکانەوە کار دەکات و پێی‌وانی‌یە زمان لە ژێر کاریگەری هاندەرێکی دەرەکی دابێت[*] و چۆمسکی پێی وایە ((زمان ئاوێنەی هۆشە)) "١:٥٧" بەوەی کە توانستی زمان لە چالاکی دا دەردەکەوێت و زمان بریتی دەبێت لەو دەستوور و یاسا هەڵگیراوانەی کە لەبەرهەمهێنان و تێگەیشتنی هەموو رستەیەك بەرپرسیارن ئەمەش بەخاڵێکی گرنگی جیاواز لە نێوان ڕێزمانی ب.گ تیۆرە ڕێزمانیەکانی تردا دادەنرێت چونکە ئاراستەی لێکۆڵینەوەی زمانی گۆری لەلێکۆڵینەوەی دەرکی ڕێزمانەوە - کە تەنها لێکۆڵینەوەی پەسنی بوو لە فۆرمەکانی زمان - بەرەو لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی مێشك لێکۆڵینەوەی توانستی زەینی زمان -، بۆیە دەگوترێت روانگەی هۆشەکی‌یەکان و رەوشتی‌یەکان بۆ زمان لەم رووەوە جیاوازە و ((هۆشەکی‌یەکان روانینێکی ناو خۆییان بۆ زمان هەیە)) "٣٤٤:٢٨" بەڵام رەوشتی‌یەکان بە پێچەوانەوە. ئەم بیرۆکەیەش لە بنەرەتدا دەگەرێتەوە بۆ دیکارت کاتێك جەغت لەسەر ئەوە دەکات کە ((ڕاڤەکردنمان (تأويل) سەبارەت بەجیهان بە شێوەیەکی پاژی لەسەر بنەمای گونجان و نواندی زمان بونیادنراوە، کەئەمەش لە بونیادی خودی زەینەوە دێت، ناشتوانێت بە شێوەیەکی راستەو خۆ رەنگدانەوەی شێوەی شتەکانی دونیای دەرەکی بێت)) "٤٦:٣٠" پاشان چۆمسکی توانی بگاتە بونیادێکی قووڵی گشتی‌و لە وێوە هەنگاو بەرەو شیکردنەوەی پاژەکانی بنێت.

---

(*) بەلای رەوشتیەکانەوە زمان کاردانەوەیەکی رەوشتییە لە بەرامبەر هاندەرێکی دەرەکی دا و خۆشی هاندەرێکی زمانییە بۆ کاردانەوەیەکی تری زمانی .

S -----r -----s -----R

هاندەری زمانی: s

هاندەری نازمانی: S

کاردانەوەی زمانی: r

کاردانەوەی نازمانی: R

تیۆری ب.گ تیۆرێکە لەگشتەوە بەرەو پاژ دەڕوات بە ئاراستەیەکی ستوونی نەك ئاسۆیی، لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەم جۆرە هەست دەکرێت کە تیۆرەکە ڕۆڵێکی گرنگە هەبوو لە گۆڕینی ئاراستەی لێکۆڵینەوە زمانیەکاندابەرەو خودی زمان بۆ دۆزینەوەی ئەو بونیادە داڕێنراوانەی کەبەهۆیانەوە ڕستەکان - تەنهاو تەنها هەموو ڕستە ڕێزمانی یەکان - بەرهەم دێن، لەم بوارەشدا چۆمسکی چەند مەرجێك بۆ تیۆری ڕێزمانی دادەنێت:

((١- یاساکانی سنتاکس دەبێت بە کۆتا بن.

٢- یاساکان دەبێت ژمارەیەکی بێ کۆتا لەرستە بەرهەم بهێنن.

٣-کرداره ڕێزمانی یەکان دەبێت پەسنی و شەکلی بن و سەربەخۆبن لە کرداره سیمانتیکی و واتاییەکان.))"١٠٠:٣٣" بەم جۆرە چۆمسکی هێلێك لەنێوان ڕێزمان و واتادا دادەنێت ئەمەش بۆ ئەوەی سینتاکسی سەربەخۆیی خۆی وەرگرێت و بتوانرێت یاسای داڕنراو دەست نیشان بکرێت لە کردەی بەرهەمهێنانی ڕستەدا، چونکە بەپێی بیرو بۆچوونی ڕێزمانی ب.گ تیۆرەکانی واتا لە ڕووی زانستی یەوە تیۆری تەواو و ورد نین بۆیە ((ناتوانرێت پێوەرێکی واتایی ورد دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی بە هۆیەوە جیاوازی بکرێت لە نێوان ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی)) "١٠٠:٣٣" بۆیە ڕێزمانی ب.گ هەوڵ دەدات شیکردنەوەی ڕێزمانی ئاشکرا و ورد دابڕێژرێت کە پشتگیری و یارمەتی لێکۆڵینەوەی واتای زمان بدات نەك بە پێچەوانەوە، تیۆری ڕێزمانی لەسەر بنەما ی واتایی بونیاد بنرێت، چونکە لەم کاتەدا تیۆرە ڕێزمانی یەکە ناتوانێت بە تەواوی پارێزگاری لە زانستێتی خۆی بکات و (( هەر لێکۆڵینەوەیەك بۆ پێناسەی ڕێزمانێتی پابەند بێت بە سیمانتیکەوە نەزۆکە)) "٢٠ :٤٠" لێرەدا یەکێك لەو بەڵگە بە هێزانەی ب.گ پشتی پێ دەبەستێت لەم لایەنەوە هەبوونی هەندێك ڕستەیە کەلە لایەنی واتاوە دروست نی یە بەڵام لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستە(*)، ئەمەش ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی واتا نی یە ئەوەندەی تیایدا مەبەست لەدەست

(*) چۆمسکی لەم ڕووە وە جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕستەیە دەکاتە نموونە :

١-بیرۆکە سەوزە بێ ڕەنگەکان بەتوندی دەنوون .

٢-بە توندی دەنوون سەوزەکان بێ ڕەنگەکان بیرۆکەکان. بەوەی هەموو ئاخێورێك دەزانێت تەنها ڕستەی (١) ڕێزمانی یەو هی (٢) ڕێزمانی نی یە.

نیشانکردنی تیۆرێکی ڕێزمانی زانستی و سەربەخۆیە، هەرچەندە گرنگی دانی تیۆرەکە بە واتا لاوازە - بە تایبەتی لە کتێبی یەکەمدا بەڵام لە ڕێگای پێکهاتەی سیمانتیکی و یاساکانی کە لەم پێکهاتەدا کاردەکەن ڕۆڵی سیمانتیک لە تیۆرکەدا دەبینرێت .

## ١ ـ ٢ بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

یەکەم : تیۆرەکە تیۆرێکی هۆشەکی (عقلانی)یەو جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی هۆش و زمان دەکات و توانستی زمانیی بە توانایەکی چالاکی غەریزی دادەنێت. گەڕانەوەو پشت بەستن بە لایەنی هۆشەکی لەم تیۆەردا لە بنەڕەتدا ئاوەردانەوە بوو لە بیرو بۆچوونەکانی دیکارت و لۆژیکی نوێی کارناب ، کە پێشتر لە سەدەی حەڤدەهەمدا چەند بنەمایەکی سەرەکی بۆ بیرۆکەی لوژیکی بوونی زمان سەریان هەڵدا کە لە ڕێگەیەوە ((بیر لە داڕشتنی تیۆرێکی سینتاکسی وا کرایەوە کە لەگەڵ ناوەڕۆکی سەرجەم زمانەکانی جیهاندا بگونجێت)) "٢٢٣:٤٢" ئەم بیرۆکەیەش بە شێوەیەکی دیار لە نێو ڕێزمان زانە فرنسیەکاندا بڵاو بۆوە بە تایبەتیش لە ناوەندی لێکۆڵینەوە ڕێزمانیەکان لە پۆرت - رۆیاڵ کە لە ساڵی ١٩٦٠ کتێبە بەناو بانگەکەیان بڵاو کرایەوە( ڕێزمانی سەرتا پاو عەقلانی) کە باس لە پێویستی جووت بوونی نێوان نموونە ڕێزمانیەکان و لۆژیک دەکات، کاتێکیش لۆژیك یەك لۆژیك و گشتی بێت بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەبێت ئەگەری داڕشتنی ڕێزمانێکی گشتی بەهەموو زمانەکانی جیهان بێتە ئاراوە. ئەم بیرۆکەیەش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە سەدەی هەژدەداو ڕێزمانی قوتابخانەی پۆرت ـ رۆیاڵ وەك نموونەیەك بەکار هێندرا بۆ دانانی ( تیۆرییە ڕێزمانییە فەلسەفییەکان) کە یەکێك لە وانە کتێبەکەی جیمس هاریس( hermes، یان لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی لەڕێزمان و ڕێزمانی سەرتاپا ) بوو کە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکرایەوە)) "٢٢٣:٤٢" پەرە پێدانی ئەم بنەما سەرەکیانەو ڕوانگە نوێیەکەی ڕێزمانی ب.گ وای کرد بیرو ڕاکانی دەربارەی زمان وەرگرتن و فێربوون بگوردرێت ، واتە بوونی توانایەکی خۆڕسکی بۆماوەیی لای (منداڵ ـ مرۆڤ) ببێتە بنەمایەك بۆ فێر بوونی زمان کاتێك ئەو مرۆڤە لە ژینگەیەکی زمانی دابێت .

دووەم: دیاریکردنی هەردوو لایەنی توانست و چالاکی بۆ زمان و دانانی توانست وەك مەیدانی کاری لێکۆڵینەوە زمانی‌یەکان، کە بەم هۆیەوە تیۆرەکە توانی بیرۆکەی تەنها پەسن کردن ببەزێنێت بۆ پەسنکردن و شیکردنەوە .

١ـ توانست :

ئەو ژێرخانەیە لە زانیاری کە لە هەموو ئاخاوتنێکدا ڕستە پشتی پێ دەبەستێت لە بەرهەمهێنانیدا ،(( توانست مەعریفەی ئاخێوەرانە سەبارەت بەزمانەکەیان)) "٦٦:٤٥" بەو پێیەش کە توانستی زمان لەمۆدێلی (٥٧– ٦٥)دا توانستێکی ڕێزمانییە تایبەتە بەتیۆری ڕۆنانی زمانی و (( ئەو یاساو دەستورە شاردراوانەیە کەپرۆسەی ڕێزمان بەگشتی پێکدەهێنن ))"٨١:٥٧". توانستی ڕێزمانی توانستێکی ناوخۆیی زمانەو بریتی‌یە لە(( زانیاری ئاخێوەرە ڕەسەنەکان بەرامبەر بە ڕێزمانی زمانەکەیان))"٣:٥٨" لەرووی تێگەیشتن و ئاخاوتنەوە کەلەسێ شێوەی توانای زمانیدا بەرجەستە دەبێت(*):

١–توانای سینتاکسی توانای خستنەسەر یەکتری کەرەستەکانە لەڕیزبوون و جۆردا بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی ڕێزمانی .

(٤) ئێمەخواردمان نان .*

(٥) ئێمە نانمان خوارد .

---

(*) لێرەدا دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە (( خاڵی ڕێزمانیەتی ڕستە پێویستە جیا بکرێتەوە لەگەڵ زانیاریمان سەبارەت بە جیهانی دەرەوە )) "١١:٣٤" چونکە هەندێك ڕستە لەپلەیەکی ڕێزمانی دروستدان بەڵام لەگەڵ ڕووداوو زانیاریەکانی کەبەڕاستی لەجیهانی دەرەوەماندا ڕوویان داوە ناگونجێت ، یا لۆژیك پێی ناوەستێت .

– گۆران لەساڵی ١٩٢٣ دا چیرۆکی لەخەومای نووسی .

ڕستەی [illegible]ڕێزمانی‌یە ، بەڵام زانیاریەکەی ڕاست نی‌یە ، چونکە لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا ناگونجێت کەمێژووی ئەدەبی کوردی پێمان دەڵێت ، بۆیە زانیاریەکانی مێژووی ئەدەب وادەکات ئەم ڕستەیە لەلای ئاخێوەران و گوێگرانی زمانی کوردی پەسەند نەبێت .

Scanned by TapScanner

توانای سینتاکسی ئاخێوەرانی زمانی کوردی ڕێگە نادات ڕستەی (٤) لەبەرامبەر ڕستەی (٥) دا بەرهەم بێت . چونکە لە (٤) دا ڕیزبوونی کەرەسەکان تێکچوەو پارێزگاری لەقاڵبەکانی ڕستەی کوردی نەکراوە .

٢- توانای سیمانتیکی : بریتی‌یە لەتوانای هەڵبژاردنی مەرجەکان بۆ ئەو دانە فەرهەنگیانەی ڕستە تا واتایەکی لێکسیکی و لۆژیکی دروستیان هەبێت .

(٦) باوکم تا ئێستا ڕەبەنە .*

< +خێزاندار > < ـ خێزاندار >

(٧) براکەم تا ئێستاش ڕەبەنە .

ئەمەش توانای سیمانتیکیەکە نامێڵێت ڕستەی (٦) بەرهەم بێت .

٣-توانای فۆنۆلۆجی : توانای بەدوایەکداهاتنی فۆنیمەکان و پێکهاتەی فۆنۆلۆجیانەی ڕستەکەیە .

(٨) هەمووەمان لەئەوماندا *

(٩) هەمووەمان لەوماندا

لێرەشدا توانای فۆنۆلۆجیانەی ئاخێوەرانی کوردی ڕێگە بەگۆکردن و درکاندنی (٨) نادات لەبری (٩) .

٢.چالاکی:

ئەو لایەنە دەگرێتەوە کە ئاخاوتنی تێدا بەدیار دەکەوێت واتە ڕستە(ئاخاوتن) دێتە سنووری هەبوونێکی هەست پێکراوەوە ، چالاکی ((ئەو دەنگە زمانیانەن کە ئاخێوەر دەیاندرکێنێت و مەرجیش نی‌یە وێنەیەکی ڕاست و دروستی زمان بن)) "١٦١:٣٨"چونکە زۆر جار دووبارەیی و وەستان و هەڵەی ڕێزمانی و کرتاندنی تێدەکەوێت بەپێ باروذۆخی گوتنەکە .

چالاکی لایەنی هەست پێکراو و بوونایەتی ڕستە و دیوی نواندنیەتی بەهۆی فۆنیمە گۆکراوەکانیەوە ، ((سیماکانی توانست ـ خاسیەتەکانی ـ کە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا هەن و لە لایەن پێکهاتی سینتاکسی یەوە نیشان دەدرێن ، پێکهاتی فۆنۆلۆجیش دەیاننوێنێت، لەئاستی ڕۆنانی سەرەوەدا سیماکانی چالاکی دەبینرێن )) "٤٤:٥١" لێرەدا چالاکی

شێوازی چۆنیەتی بەکار هێنانی توانستە لەکردەی ئاخاوتن دا ، واتە (( بەکار هێنانی زمـان لە هەڵوێستی راستەقینەدا )) "٢٨:٣٩" بۆیە دەبێت تیۆری ڕێزمانی ئاگاداری ئەوە بێت کە جیاوازی لە نێـوان توانسـت و چـالاکی دا ڕەگـەزێکی پێویسـت و سـەرەکی‌یە ،بۆ نموونـە : مرۆڤێکی لاو لەگەڵ پیاوێکی پیردا توانستی زمانیان یەکـە ، بـەڵام فەرهـەنگی وشـەکان لای پیاوەکە جیاوازە و فراوانترە واتە لە رووی چالاکی‌یـەوە جیاوازیـان هەیـە، چونکـە توانسـت کۆتاییەکی داخراوی هەیە هەرچی چالاکیشە کۆتاییەکی کراوە(*) ، هەروەها ((لەیەك زمـاندا توانستی زۆربەی هاوزمانانی ـ ئاخێوەرانی ـ لەیەك ئاستدایە بەڵام لـە کـردەوەدا جیاوازیان دەبێت)) "١٣٥:٥" واتەکرداری نواندن و گوزارشت کردن لەو توانستە لە نێوان ئاخێوەرانی دا جیـاوازە، ئاشـکرێت چـالاکی بـە ڕەنگدانەوەیـەکی ڕاسـتەوخۆی توانسـت دابـنرێت لەبـەر ئـەوەی ((چـالاکی لـەژێر کاریگـەری چـەند مـەرجێکی نموونـەییدا توانسـت ڕەنـگ پێدەداتـەوە))(**)"٢٨:٣٩" هەربۆیـە بەشـێوەیەکی ئاسـانیش دەتوانـین هەسـت بەرەنگدانەوەی ناڕاستەوخۆیی نێوان چالاکی‌و توانست بکـەین ، بـەوەی ((کەهەڵەیـەك لـە ئاخاوتندا ـ ڕستە بەرهەمهاتووەکاندا ـ دروست دەبێت ، ئەو هەڵەیە هەڵەیـەکی چالاکی‌یـە ، نەك توانست))"٨٦:٥٧" چونکە دەتوانرێت یەکسـەر هەسـت بـەو هەڵەیـە بکرێـت و ڕاست بکرێتـەوە ، بـەپێی پێوەرێکـی زەینـی کەئـەویش توانسـتە ، بۆیـە هـەموو ئـاخێوەرێکی ڕەسەنی زمانەکە ئەگەر ڕسـتەی (١٠) بەرهـەم بـهێنێت هەسـت بەنادروسـتیە ڕێزمانیەکـەی دەکات و ڕاستی دەکاتەوە بەڕستەی (١١) .

(١٠) دوێنێ سەردانمان کردین *


بکەر ـ راناو ـ ← مان
+ کۆ
+ دەستەی خاوەنی
+ یەکەم

---


(*) داخراویی توانست خۆی لەبەکۆتابوونی یاساو دەستورەکانی ڕێزماندا دەبینێتەوە و کراوەیی چالاکیش لەژمارەی بێ کۆتای ڕستەکانی زماندا کەڕێزمان بەرهەمیان دەهێنێت .

(**) باسکردن لەو مەرجانە لەوانەیە دوورمان بخاتەوە لەبابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە بۆیە لێرەدا بەپێویست نەزانراوە باس بکرێت .

Scanned by TapScanner




(١١) دوێنیٚ سەردانمان کردن .




بەلای چۆمسکی‌یەوە ((توانست زمانەو چالاکی زیاتر زانستێکی دەروونی‌یە)) "١٥: ــ "

ڕیزمانی ب . گ چالاکی تیدەپەڕێنێت و کار لەسەر توانست دەکات بەو بڕوایەی کەماهیەتی زمانە ، ئەم خاڵەش یەکێکە لەبنەما بەهێزەکانی ڕێبازەکەو هۆکاری سەرەکی هەنگاو نان بوو بەرەو ڕێزمانی سەراپا (universal grammar) کە ((لەکۆکردنەوەو دەست نیشانکردنی یاسا ڕێزمانییە گشتیەکانی زمانی مرۆڤایەتیدا خۆی دەنوێنێت))"٢١:٣٩" ئەم هەستکردنە بەدیوی چالاکی‌و جیاوازی لەگەڵ توانست دا پرەنسیپێکی هۆشەکی دۆزیویەتیەوە کەتوانیویەتی بڵێت(( لەپشت هەموو رەوشتێکی ڕاستەقینەی زمانییەوە ، توانستێکی شاراوە و زانینێکی ناڕاستەوخۆ سەبارەت بەڕێزمان هەیە ))"٧٤:٣٥" ئەم دابەشکردنە بۆ توانست‌و چالاکی نزیکە لەهەردوو چەمکی زمان (LANGUA) و ئاخاوتن ( PAROLE)لای دی سۆسێر ، کەدەڵێت (( زمان کۆمەڵایەتی‌و جەوهەرییە، ....ئاخاوتن کەسی و تارادەیەك لاوەکییە))"٣٢:٣٢" بەلام (Langua) لای سۆسێر شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتیانەی هەیەو وەك بونیادێکی نەگۆڕی کۆمەڵایەتی دەبینرێت‌و لەلای چۆمسکی توانست لەتێڕوانینێکی هۆشەکیدا شیکراواتەوەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دەسەڵاتێکی باڵایان بەسەردا نییەو هەبوونی لەلای مرۆڤ غەریزەیە هەروەها لەو پێناسانەشەوە کەبۆ توانست کراوە دەتوانین توانست بەماهیەتی زمان و چالاکیش بە بوون (وجود) بناسێنین ، کاتێك بوون مانای بەدی‌هاتنی توخمەکە بێت لەدەرەوەیدا ، چونکە چالاکی دیوی بەدی هاتنە .

سێیەم: ڕێزمانەکە دەیەوێت میکانیزمی بنەڕەتی بەرهەمهێنان بدۆزێتەوەو لەبەرهەمهێنانەوە دەست پێ بکات وەك پایەیەکی سەرەکی . ئەم بیرۆکەیەش لەوەوە هەست پێدەکرێت کەدەکرێت لەڕێگەی کۆمەڵە کەرەسەیەکی بەکۆتا ( فۆنیمەکان ، وشەکان ...) کۆمەڵە کەرەسەیەکی بێ کۆتا بەرهەم بهێنرێت وەك چۆن دەتوانرێ لەڕێگەی (( تەنها ١٠ ژمارەوە ( ٠ ، ١، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ) کۆمەڵە ژمارەیەکی بێ کۆتا دروست بکرێت ، بەپێی ڕیزکردنی چەندی(*) و چۆنی(**))) "١٤٣:٥". ئەم بیرەش لەبنەڕەتدا ماتماتیکییە(***) و خودی ((زاراوەی بەرهەمهێنانیش لەماتماتیکەوە وەرگیراوە)) "١٥١:٤٥" و ڕێبازەکە لەزماندا پیادەی دەکات لەئەنجامی دۆزینەوەی چەند یاسایەکی دارێنراو بۆ نموونە (( ئەگەر هاوکێشەیەکی جەبری هەبێت وەك $\{3x+2y\}$ دەتوانین بەهای ژمارەیی بدەین بە (X) و (Y) )) "١٠١:٥٠" بەم شێوەیە :

| ئەگەر | لەبری دانان | ئەنجامی هاوکێشەکە |
|---|---|---|
| ١- | ٢ = x | ١٢ |
| | ٣=y | |
| ٢- | ٤=x | |
| | ١٠ = y | ٣٢ |
| ٣- | ٦= x | |
| | ٤=Y | ٢٦ |

---

(*) چەندی : مەبەست چەند خانە ژمارە هەبێت (١٢) دووخانە ، (١٣٢) سێ خانە ... هتد .

(**) چۆنی : مەبەست لەڕیزبوون و بەدوایەکداهاتنیانە (١٢٣) ، (٣٢١) ، (٢٣١) ...هتد

(***) هەوڵە ڕاستەقینەکانی لێك نزیکبوونەوەی نێوان ماتماتیك و زمانەوانی دەگەڕێتەوە بۆ دەسپێشخەری زانایانی ماتماتیك و یەکەمین هەنگاوە گرنگەکانی زانایانی بواری ماتماتیك بەرەو زانستی زمان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستی پێکردو (( لەساڵی ١٩١٣ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی ئەم بوارە بڵاو کرایەوە لەلایەن زانای ماتماتیکی ڕووسی ئـ ، ئـ ، مارکۆڤ بەناوی (نموونەیەك لەوانەی ئاماریی بۆ دەقی ئیڤیجینیا ئۆنیجینا ) لەم لێکۆڵینەوەیەدا مارکۆڤ دیراسەی ئەو یاسایانەی کرد کەکۆنترۆڵی هاتنی ڤاوڵ و کۆنسونانتەکان دەکەن لەزمانی ڕووسیدا ئەمەش بەپیادەکردنی ڕێبازە ئامارییەکان لەلێکۆڵینەوەی قەسیدەی (ئیڤیجینیا ئۆنیجینا) ی پۆشکین ، ئەم لێکۆڵینەوەیەش نیشانەیەك بوو بۆ چاخێکی نوێ لەماتماتیك ،کەلەسەر بنەمای تیۆری ئەگەرەکان - نظرية الاحتمالات - بۆنرابوو )) "٣٩٨:٣٧"

کتێبخانەی ناوەندی
١٠٩

بەم شێوەیە بە پیادەکردنی ئەم هاوکێشەیە و بەهادان بە (X) و (Y) کۆمەڵێکی بێ کۆتا لە نرخ بەرهەم دێن .

ڕێزمانی ب.گ هەوڵدانێکە بۆ بەدیارخستنی مۆدێلێکی ماتماتیکی لەزماندا بۆ ئەوەی یاساکانی بتوانێت ڕستەکانی زمان - تەنها هەموو ڕستە دروستەکان - بەرهەم بهێنێت و ڕێگەش لەبەرهەمهێنانی ڕستە نادروستەکان بگرێت(*) .

بەرهەمهێنان ئاماژەیە ((بەتوانای ڕێزمان بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵە ڕستە ڕێزمانیەکانی زمان))"١٥١:٤٥" لەبەر ئەوە چۆمسکی کاتێك ڕەخنە ئاراستەی نموونە ڕێزمانیەکانی پێش خۆی دەکات و تواناکانیان تاقی دەکاتەوە ، کەم و کورییەکان لە نەبوونی توانای بەرهەمهێنانیاندا نیشان دەدات ، یان بەرهەمهێنانی (ڕستەو نارستە) پێکەوە بۆیە پاش ئەوەی هەردوو نموونەی ( ڕێزمانی دۆخ سنوردار (finite state grammar)(*) و نموونەی

---

(*) سەبارەت بەلایەنی بەراوورد پێکردن و لێکچوون لەنێوان زمان و ماتماتیکدا دەکرێت بڵێین ((هەردوکیان کەرەسەیان هەیە(وشەکان و ژمارەکان) هەروەها هەردوکیان یاسایان هەیە (یاساکانی ڕستە بۆ زمان و یاساکانی کۆکردنەوە بۆ ماتماتیك ) )) "٢٤:٦١" لەلایەکی ترەوە بیرۆکەی ڕۆنانی پێکهاتەکانی ڕستە بەلای چۆمسکیەوە ((وەك بیرۆکەی دانانی کەوانەکان وایە لەماتماتیك و لۆژیکی ڕەمزیدا )) "٥٧:٥٥" بۆ نموونە برێکی جەبری وەك (س×(ص+ع)) دەبێت لەسەرەتادا کردەی کۆکردنەوەکە ئەنجام بدرێت پاشان لێکدانەکە، بەلام لە برێکی جەبری وەك (س×ص+ع) دەبێت بەپێچەوانەوە بێت ، لەسەرەتادا لێکدانی نێوان س و ص بکرێت پاشان کردەی کۆکردنەوەی نێوانیان . لەنموونەی یەکەمدا (س) بۆ (ص) بۆ (ع) یش دەگەڕێتەوە ، لەزمانیشدا ئەم نموونەیە بەرامبەری دەوەستێت :


- پیاو و ژنە پیرەکان

لەدۆخی یەکەمدا (پیاو و ژنە) پیرەکان (س×ص) +ع


لەدۆخی دووەمدا (پیاو) و ژنە پیرەکان س(ص+ع)

لەیەکەمدا سیفەتەکە بۆ هەردووکیانەو لەدووەمدا تەنها بۆ ژنەکانە .

(*)دەکرێت بەهۆی ئەم هێڵکاریەوە ئەم نموونە ڕێزمانیە نیشان بدرێت :




کە تیایدا دەکرێت بەزیاد کردنی هەندێ بازنەی داخراو ئەم نموونەیە فراوان بکرێت بەلام لەم حاڵەتەشدا هەر دۆخێکی سنووردارە :



ماركۆفی[*] دەخاتە ڕوو ئەوە بەدیار دەخات کە ئەم دوو نموونەیەبۆ شرۆڤە کردنی

---

(*)نموونەی ماركوفی شێوە مۆدێلێکی ئامارییە بۆ بەدوایەکدا هاتنی کەرەسەکان :

١- أب ، أأ ب ب ، أأأ ب ب ب

٢- أأ ب ب ، أب ب أ ، ب أأب

ئەم شێوازە ڕیزبوونەش هەرچەندە سنوردار نیە بەلام یەك دۆخـە ، چونکـە ئەگـەر وای دانێـین (ر١) ، (ر٢) ، (ر٣) (ر٤) و (ر٥) لەکوردیدا ڕستەن ئەوا :

١-ئەگەر (ر١) ، ئەوا (ر٢) .

نموونە {ئەگەر ( پیاوەکە بۆ هەولێر دەچێ ) ، ئەوا ( من ناڕۆم بۆ سەفەر ) }

٢-یان (ر٣) ،یا (ر٤) .

نموونە {یان (من پەنجەرەکە دادەخەم ) ، یا (تۆ دەرگاکە دابخە )}.

٣-ئەو پیاوەی وتی (ر٥) ئەمرۆ دەگات .

نموونە { ئەو پیاوەی وتی ( من دزەکانم گرتوە ) ئەمرۆ دەگات }.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە : (( لە (١)دا ناتوانین (ئەگەر) لـەجێی (ئـەوا ) دابنێـین یـان (ئـەوا) لەجێگای (یا) وەك چۆن ناتوانین لە (٣)دا کارێك لە شێوەی کۆ دابنێین . لەبەر ئەوەی هەردۆخێك لەم دۆخانە بەدوای یەکدا هاتنی هەیە لەنێوان ئەو وشانەدا کەکەوتونەتە ئەم بەرو ئەوبـەری کۆماوەکـە ))"٣٠:٤٠" بـەلام سەبارەت بەزمانی کوردی - کوردی ناوەڕاست - ڕێککەوتنی نێوان بکەرو کار لەهەندێ ڕستەدا پێویست نی‌یەو بەنەبوونی ئەو ڕێککەوتنە ڕستە تێك ناچێت ، ئەمەش سەبارەت بەو ڕستانەی (بکەر ) ەکانیان سیمای < + ڕووەك > یان <+بێگیان> یان تێدایە .

- گەلاکان زەرد بوون .   ڕێزمانی

- گەلاکان زەرد بوو.   ڕێزمانی

- پەرداخەکان شکا.   ڕێزمانی

- پەرداخەکان شکان.   ڕێزمانی

کێشەی سەرەکیش لەنموونەی مارکۆفیدا لێرەدایە ، چونکە ئەو ڕستانەی بەم شێوەیە دروست دەبن ((هەموو ئەگەرە شیاوەکان )) ناگرنەوە "٣١:٤٠" واتە ئەو ڕستانەی بـەم شـێوەیە دروسـت دەبـن بەشـێکن لـەزمانی کوردی - لەدۆخی هەبوونی ئەو مەرجانەدا کەدیاریکراون - بـەلام نـاتوانین بزانـین یـان بڕیـار لەسـەر ئـەوە بدەین کەئەو ڕستانە لەم شێوەیە دەردەچن سەر بەزمانی کوردین یان نا ، بۆیـە کـردەی مـارکۆفی نـاتوانێت شیکاری توانسـتی ئـاخێوەر بکـات لەسـەر بەرهەمـهێنانی ئاخـاوتنی نـوێ و تێگەیشـتنی یـان ڕەتکردنـەوەی ڕستەیەك کەسەر بەو زمانە نی‌یە.

Scanned by TapScanner

ڕێزمانی زمان دەست نادەن ، چونکە ((زمانە زیندووەکان زمانی یەك دۆخ و زمانی دۆخ سنووردار نین ))"٦:٤٠" ئەو نموونەی مارکۆف پێشنیاری دەکات ناتوانێت زمان شیکاتەوە لەبەر ئەوەی ئەم مۆدیلە دەمانگەیەنێتە کۆتاییەکی داخراو ، ئەو چەمکە ڕێزمانییەش کەڕەتکرایەوە ((بریتی‌یە لەنزمترین سنووری تیۆری زمانی))"٣٠:٤٠" ، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕەتکردنەوەی نموونەکان لەلایەن چۆمسکی‌یەوە لەبەر ئەوەی بەپێچەوانەی ئەو پێناسەیە دەوەستا کەچۆمسکی بۆ ڕێزمانی کردووە ((ئەو سیستەمەی کەبەهۆیەوە ئاخێوەری ڕەسەن هەموو ڕستەکانی زمانەکە بەرهەم دەهێنێت ))"٨:٣٩"

لەکۆتاییدا چۆمسکی نموونەی (ڕێزمانی ڕۆنانی فرەیز) پەسند دەکات کەڕێزمانی بەرهەمهێنانەو دەتوانێت ئەرکی بەرهەمهێنانی زمانی بێ کۆتا لەخۆ بگرێت تاڕێزمانەکە وەك مۆدێلێکی چالاك خۆی بەدیاربخات، چونکە(( زمان بێ کۆتایەو ئاخێوەران هیچ سنورێکیان نی‌یە بۆ زانیاریەکانیان لەسەر تێکەڵی و کۆتاییەکان،بەڵام دەتوانن زانیاریەکانیان لەڕێگەی سیستەمێکی بەکۆتایی ڕێزمانییەوە دیاری بکەن کەتایبەتمەندیەکانی ئەو ژمارە بێ کۆتایە لەڕستە دەستنیشان بکات))"٤٥:٣٠".

چوارەم: ڕستەکە بەرهەم دێت لەهەمان ئاستی ڕۆنانی خۆیدا نامینێتەوە، بەڵکو بۆ ئاستێکی ڕۆنانی سەرووتر دەگوازرێتەوە کەتیایدا درکاندن و هەبوونێکی هەستپێکراوی دەبێت بەهۆی کرداری گویزانەوەوە. هێنانەکایەی گوێزانەوە وەك بنەمایەك لەتیۆری ڕێزمانی ب.گ دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەندی نێوان ڕستەکان(*) وپەیوەندییەکانی نێوان ڕۆنانی سەروەو ژێرەوە بوو(**)، لەهەمووشی گرنگتر بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کەڕێزمانی ڕۆنانی فرەیز

---

(*) لێوردبوونەوەی زمانی دەتوانێت بگاتە ئەو ڕایەی کەئەم ڕستانە پەیوەندارن بەیەکترەوە:

- من نامەکەم نووسی.
- کێ نامەکەی نووسی ؟
- من نامەکەم نەنووسی .

بنەمای گوێزانەوەش هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی نێوانیان دەستنیشان بکات. ئەو ئاستە یان ئەو ڕستە بنجی‌یە بدۆزێتەوە کەڕستەکانی لێوەرگیراون.

(**) بەبێ بوونی بنەمای گوێزانەوە تیۆرەکە ناتوانێت پاساو بۆ ئاڵوگۆری نێوان کەرەستەکانی ڕستە بدۆزێتەوە وەك ( گوێزانەوەی ڕاناوەکان ، نەرێ ...) بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە .

نەیدەتوانی چارەسەری بکات(*)، بۆ ئەم بنەمایەش تیۆرە ڕێزمانیەکە سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا لە پەسنکردن و شیکردنەوەی ڕێزمانیدا بەو ئاستە چالاکەی ئێستای، لەبنەڕەتیشدا بیرۆکەی گوێزانەوە کەخۆی لە یاساکانی گوێزانەوەدا دەبینێتەوە، ((لەسەر ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکار دەکات و دەیگۆڕێت بەفۆرمێکی دەرەکی کەلەڕێگەی فۆنیمەکانەوە گوزارشتی لێدەکرێت)) "١١٦:٣٨" هەرچی کردەی گوێزانەوەشە ئەوا لەڕێگەی پێکهاتەی گوێزانەوەیەوە ئەنجام دەدرێ، کەئەویش سەر بەپێکهاتەی ڕۆنانی - ڕێزمانی-زمانە، ((کەهەریەکەیان - لە یاساکانی گوێزانەوە - کەرەسەیەك بەکەرەسەیەکی تر دەگۆڕن، هەندێکیان گشتین - بۆ هەموو زمانەکان - و هەندێکیان تایبەتن بەزمانێکی دیاری کراو))"٢١٤:٣٥" بەشێوەیەکی گشتیش ئەم گۆڕانکاریانە هەندێکیان بەخورتین(ئیجباری)، هەندێکیشیان بەئارەزووین، بەم جۆرە گوێزانەوە بریتی‌یە لەو کردە ڕێزمانیانە ((کەڕۆنانی سەرەوەو ژێرەوە بەیەکەوە پەیوەند دەکەن)) "٢٩١:٤٣"

پێنجەم :ڕێبازە ڕۆنانکاریەکانی پێشتر لەلێکۆڵینەوەی زمانیدا پەسنکردنیان کردبووە تەنیا ئامانجی لێکۆڵینەوەی زمانی بەلام تیۆری ب. گ شیکردنەوەو هۆهێنانەوە (تعلیل) یان کردە ئامانجە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەی زمانی لەپاڵ پەسنکردندا.

شەشەم.پابەند بوون بەڕێبازی ئیستنباطی لەلێکۆڵینەوەدا بەپێچەوانەی ڕۆنانکاریەکانی پێشتر کەپابەندی ڕێبازی استقرائی بوون.

## ١ - ٣ ئاستە ڕۆنانیەکانی ڕستە :

وردبونەوەو هەوڵدان بۆ شیکردنەوەو پەسنکردنی تەواوی ڕستەو گۆڕانکاریەکانی‌و ئەو پەیوەندییانەی ڕستەکانی زمان لەناو خۆیاندا دروستی دەکەن، پێویستی جیاکردنەوەو دیاریکردنی دوو ئاستی ڕۆنانی بۆ ڕستە هێنایە کایەوە ئەمەش بەهۆی پابەند بوون بەپیادەکردنی بنەمایەکی هۆشەکی قووڵ کەتوانی ڕێزمانی ڕۆنانی رووکەش تێپەڕێنێت و


(*) ڕێزمانی ڕۆنانی فرەیز دەتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات بەلام خۆی زۆر ئاڵۆز دەوستێت‌و توانای گشتی بەرهەمهێنانی دادەبەزێت، بۆیە ئەم ئەرکانە دەدرێنە پاڵ یاساکانی گوێزانەوە.

لێکدانەوەیەکی ئەقڵی بۆ ئەو کردە ناوەکیانە بکات کەلەپشت ئەو ڕووکەشەوە کاردەکەن بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆنانەکان و ئەو دووئاستە ڕۆنانیەش بریتین لە :

## ١-٣-١ ڕۆنانی ژێرەوە(*)

ئەو ڕۆنانەی ڕستە یافرەیزە(( کەڕێزمانی دروست لەیەکەم هەنگاوی بەرهەمهێنانیدا بەرهەمی دەهێنێت و بریتی‌یە لەپەیوەندییە ڕێزمانیە ناوخۆییەکانی نێوان کەرەسەکانی ڕستە))"٥٩:٥١" بەمەدا دەبێت ئەم ئاستە رۆنانیە خاوەن توانا بێت بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکییانەی رستە ، چونکە(( رۆنانی ژێرەوە لەگەڵ واتادا پەیوەندارە)) (**)"١٠:٤٩" ئەم ئاستەی ڕۆنان((ئەبستراکتە بەشێوەیەك ناتوانرێت بدرکێندرێت تاکوو ئاڕاستەی ڕۆنانی سەرەوەنەکرێت )) "٥٩:٥١" بۆ رۆنانی رستەیەکی وەك (١٢) مەرجەکانی بەرهەمهێنانی بەم شێوەیەی خوارەوە دێتە ئاراوە :

(١٢) من سێوەکەم خوارد .




---


(*) لەکوردیدا ڕێزمان نووسەکان ئەم زاراوانەی خوارەوەشیان بەکارهێناوە : (بنچ، دروستەی بنەرەت،بنیاتی قووڵ،ئاستی ژێرەوە ).

(**) لێرەدا مەبەست لەواتای حەرفییە.

Scanned by TapScanner

سیمای <+ خواردەمەنی> لە بەرکاردا لەژێر کاریگەری کاردا دەبێت ، واتە ئەو دەیهێنێتە ئاراوە لەبەرکارەکەدا .

وەك لەهێلکاریەکەدا دەردەکەوێت (( ڕۆنانی ژێرەوە لەلایەن یاساکانی بنجەوە بەرهەم دێن)) " ١٧ : ٢١" یاساکانی بنجیش بریتین لەیاساکانی ڕۆنانی فرەیزو یاسا لێکسیکیەکان، – بڕوانەبەشی سێیەم– لەمۆدێلی ڕێزمانی ب.گ جێگەی ڕۆنانی ژێرەوە دەکەوێتە ژێر ناوچەکانی کاریگەری یاساکانی گوێزانەوە .




هێلکاری ـ ١ ـ "٦١: ٣٩"

هەروەها چەمکە ئەرکییەکانی ڕێزمان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندارن بەڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەو لەو ئاستە ڕۆنانییە دا دەستنیشان دەکرێن وەك (بکەر، بەرکار...)ئەوەی کە پێویستە لە کۆتایی ئەم بابەتەدا ئامازەی بۆ بکرێت خاسیەتەکانی ڕۆنانی ژێرەوەیە کە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆدەکرێنەوە :

(( ١–یەکەمین ڕۆنانی بەرهەمهاتووە کە لەڕێگەی یاساکانی ڕۆنانی فرەیزەوە بەرهەم دێت .

٢–تەنها بوارە بۆ پڕکردنەوەی فەرهەنگی (کەتیایدا یاساکانی فەرهەنگ ڕۆڵ دەبینن لە گۆڕینەوەی هێما بۆ دانەی فەرهەنگی) . – بڕوانە بەشی سێیەم–

٣–ئەو ڕۆنانەیە کە بەشێوەیەکی سیمانتیکیانە شرۆڤە دەکرێت لەلایەن پێکهێنی سیماتیکییەوە .

٤– لەڕێگەی گوێزانەوە،دەگوێزرێتەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە))" ٦٨:٣٠ ".

لەوانەشە یەکێك لە دیاردە گرنگەکانی کەوای کرد زمانەوانەکان بە پێدا گرتنێکی زۆرەوە باس لە ڕێزمانی سەراپا بکەن ئاستی ژێرەوەی ڕستە بێت، چونکە زۆربەی لێکۆڵینەوە لۆژیکی و فەلسەفییەکان ئەگەری هاوبەش بوونی زمانەکانی مرۆڤایەتی لە هەمان ئاستی ڕۆنانی ژێرەودا زیاتر دەکەن و(( زۆر بەی بەڵگەی مەنتقی و تەجریبی دەیسەلمێنن کە زمانی مرۆڤ هەموو بەپێی هەمان پەیڕۆ کاردەکەن و هەڵدەسوڕێن و ئەو جیاوازییەی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت هەر لە سیمادایە ئەگینا لە بنچ دا هەموو یەکن و یەکدەگرنەوە)) "٧٣:٢٠"

## ١-٣-٢ ڕۆنانی سەرەوە(*)

ئەو ئاستە ڕۆنانیەی زمانە کەڕستە تیایدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە سەروو ناوچەکانی یاساکانی گوێزانەوە لەهێڵکاری (١)دا، بۆ ئەوەی بتوانین بەڕونتر لەم چەمکە بدوێین دەتوانین نموونە بەوە بهێنینەوە کە ئەگەر ڕستەیەك دوو واتای بەخشی ئەوا ئەو ڕستەیە یەك ڕۆنانی سەرەوەودووڕۆنانی ژێرەوەی هەیە ، واتا ڕستەیەکی لێڵەو ڕێزمانی ب.گ بەم جۆرە چارەسەری ڕستەی لێڵ دەکات :

(١٣) لەسەرمان کەوت. ر− سەرەوە

− مرۆڤەکە لەبەر سەرما کەوت. ر− ژێرەوە١

−ئێمە کارێکمان بەخراپ لەسەر کەوت. ر− ژێرەوە٢

کاتێکیش زیاتر لەڕستەیەك بەهەمان واتا هاتن ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەئەو ڕستانە یەك ڕۆنانی ژێرەوەو زیاتر لە ڕۆنانێکی سەرەوەیان هەیە:

(١٤) ئێمە تۆمان بینی. ر− ژێرەوە

− تۆمان بینی. ر− سەرەوە١

− بینیمانی. ر− سەرەوە٢

ڕۆنانەکانی ڕستە لەم ئاستانەدا ڕۆنانێکی ستونین‌و تیایاندا ڕۆنانی ژێرەوە پەیوەندی بەواتاوە دەبێت ، ((بەڵام ڕۆنانی سەرەوە پەیوەندی بەڕیزبوونی کەرەسەکانەوە هەیە ،

(*) لەکوردیدا ئەم زاراوانەش بەکارهێنراون (سیما ، دروستەی رووکەش،ئاستی سەرەوە ...).

لێرەشەوە بۆدەنگ، بۆ ئەوەی بەدوای یەکدا هاتنی دەنگەکانی تیادا دەستنیشان بکرێت))"٩٤:١٠"

## ١ـ ٤ مۆدێلی ڕێزمان لە تیۆرەکەدا

کردە ڕێزمانیەکان لەم تیۆرەدا ڕێکخستنی نێوان دەنگ و واتای زمانی دەکەن بە بنەما، ئەم سیستەمەش لە ڕێزماندا بە هۆی ٣ پێکهێنەوە کار دەکات :

١-پێکهێنی سینتاکسی

٢-پێکهێنی فۆنۆلۆجی

٣-پێکهێنی واتایی

لەناو ئەم سێ پێکهێنەدا پێکهێنی سینتاکسی (( تاکە پێکهێنی بەرهەمهێنانەو ئەو پێکهێنەیە کە کار لەسەر رستە دەکات لە ڕۆنانی ژێرەوەی دا)) "٢١٢:٣٥" و کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی دیاری دەکات و ڕۆنانی بنەرەتی رستەش دەچەسپێنێت ، بەڵام هەردوو پێکهێنەکەی تر شیکارین ( تفسیرین) واتە هەر یەك لەپێکهێنی فۆنۆلۆجی و واتایی رستە شی دەکەنەوە یەکەمیان دەنگەکانی رستەو دووەمیان واتاکەی؛

١-پێکهێنی سینتاکسی ئەو پێکهینەیە کە(( ئەرکی دیاریکردنی کۆمەڵێکی بێ کۆتا لە کەرەسەی رستە دەگرێتە خۆی))"٣٩:٣٩" بۆ بەرهەم هێنانی رستە، بۆیە دەوترێ ئەرکی پێکهێنی سینتاکسی بەرهەمهێنانییە، چونکە رستە بەرهەم دەهێنێت ((بۆ هەر رستەیەکیش ڕۆنانێکی سەرەوەو ڕۆنانێکی ژێرەوە دیاری دەکات)) . "٣٩:٣٩"

ئەو زانیارییە ڕێزمانیانەش کە ئەم پێکهێنە دەری دەبرێت(( ڕۆنانی ژێرەوەی رستە دیاری دەکات )) "٣٦:٤٥" پێکهێنی سینتاکسی لە دوو بەشە پێکهێنی تر پێکدێت

أ- پێکهێنی بنجی .


ب- پێکهێنی گوێزانەوەیی .

پێکهێنی بنجی بەهۆی دوو بەشە پێکهێنی ترەوە ئەرکە ڕێزمانییەکانی خۆی ئەنجام دەدات:-

أ - یاساکانی ڕۆنانی فرەیز

ب - یاسا فەرهەنگییەکان

دەتوانرێت مۆدێلەکە بەم هێلکارییە وێنە بکێشرێت :




هێلکاری ٢ "٥٦: ١٥" بەدەستکارییەوە

دانە فەرهەنگییەکانی زمان ( وشەکان) لە رێگەی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەست نیشان دەکرێت تا بە هۆی یاساکانی رۆنانی فرەیزەوە رستە بەرهەم بهێنن،پێکهێنی فۆنۆلۆجیش ئەرکی درکاندنی رستە دەبینێت کاتێك کەرستە بەکار هاتووەکان دەگۆرێتەوە بۆ دانەی گۆکردن ( یەکەی درکاندن) و لێکدانەوەی فۆنۆلۆجیانەی رستەکە دەکات ئەم کارەش بەشێوەیەکی راستەخۆ نییە، بەڵکو لەرێگای هەردوو یاساکانەوە(یاساکانی فۆنۆلۆجیو فۆنەتیك) جێبەجێ دەکرێت.


٢-پێکهێنی فۆنۆلوجی

هەموو رۆنانێکی زمانی بۆ ئەوەی بێتە لایەنی هەست پێکردنەوە دەبێت درکاندنی هەبێت پێکهێنی فۆنۆلوجیش ئەو پێکهێنەیە ((کەبەرامبەر هەر رۆنانێکی زمانی

درکاندنێکی تایبەت دیاری دەکات لە ڕێگەی درکاندنی مۆرفیمەکانەوە ))"١٥: ٣٤"بەم جۆرە کاری پێکهێنی فۆنۆلۆجی تایبەت دەبێت بە نواندنی دەنگیی ئەو ڕۆنانە زمانیەی کە رستە هەیەتی و دەبێتە ((پەیوندی دروستکەر لە نێوان ڕۆنانێکدا کە پێکهێنی سینتاکسی بەرهەمی هێناوەو نیشانەیەك کەبریتییە لە ڕمزێکی دەنگی بۆ نواندنی ئەو ڕۆنانە))"٣٩:٣٩".

٣-پێکهێنی واتایی ( سیمانتیکی)

ئەو پێکهێنەی ڕێزمانە کە ئەرکی واتایی رستەکە بەجێ دەگەینێت و هەڵدەستێت بە لێکدانەوەی سیمانتیکیانەی رستەکە بەپێی ئەو زانیاریە واتاییانەی کەکەرەسەکان خۆیان هەڵیدەگرن ئەو ریزبوون و ئەرکانەی لە ڕێزماندا پێیان دەدرێت. لە ڕێگەی ئەم هێلکارییەوە دەتوانرێت پەیرەوی پێکهێنەکان لە ڕێزماندا بنوێنرێت :




هێلکاری -٣-

Scanned by TapScanner

## ٥-١ پەسەندێتی و ڕێزمانێتی ڕستە

ڕێزمانی گوێزانەوە و بەرهەمهێنان دوو چەمکی گرنگی بواری زمانەوانی جیادەکاتەوە ئەوانەش پەسەندێتی و ڕێزمانێتی ڕستەکانی ناخاوتنە. ئەم جیاکردنەوەیە لەسەر ئەو بنەمایە دێت کە (( پێوەری پەسەندێتی پابەندە بەلێکۆڵینەوەی چالاکی زمانی و هەرچی پێوەری ڕێزمانێتی ڕستەیە ئەوا پابەندە بە لێکۆڵینەوەی توانستی زەینی زمان))"٣٣:٩٩" ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی هەندێ ڕستە دەشێت لە زماندا پەسەند نەبن بەڵام لە بەرامبەردا لەڕووی ڕێزمانەوە دروست بن واتە ڕێزمانیین بۆ نموونە ڕستەی (١٥) لە کوردیدا ڕستەیەکی تەواو پەسند نییە بەڵام ڕێزمانییە

(١٥) ئەو پیاوەی دوێنێ لە فیستیڤاڵەکەدا بینیمان کە کتێبێکی دەربارەی جوگرافیای کوردستان نووسیوەکە ئێمە قسەمان لەسەر دەکرد ئەمڕۆ هات بۆ لام.

هەر لەژێر ئەم پۆلینەشدا ڕستەکان لە ڕووی پەسندێتییەوە بە ئاست وپلەی جیا جیا ڕیزدەبن، واتە ڕستە هەیە پلەی پەسەندێتی نزمترە لە ڕستەیەکی دیکەو کۆمەڵێک هۆکاری زمانی هەن کار لە سەر پێوەری پەسەندێتی ڕستەکانی زمان دەکەن وەك خێرایی ، ڕێکخستن ، وەبیرهاتنەوە ، ئاوازەی ئاسایی...... بەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا جیاوازی نێوانیان دەردەکەوێت و دەبێ زمانەوان بزانێت کە مەرج نییە (( پێوەری پەسندێتی و ڕێزمانێتی هاوسەنگ بن)) "٣٩:٣٤"، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمان نمونەی جیاوازمان سەبارەت بەیەك نە گرتنی هەردووکیان دەداتێ وەك ڕستەی (١٥) کەتیایدا پلەی پەسەندێتی وڕێزمانێتی هاوسەنگ نین . هەروەها دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە پێوەری ڕێزمانێتی ڕستە یاسا ڕێزمانیەکانی زمان حوکمی لەسەر دەکات و لە لایەن ئەوانەوە دیاری دەکرێت. بەڵام((ئەستەمە ڕستەی ناپەسەند پەسنێکی ڕێزمانی بکرێت))"٣٩:٣٢" ، واتە یاسایەکی ڕێزمانی دیاریکراو هەبێت بۆ جیاکردنەوەی پەسەند وناپەسەند یاخود دیاریکردنی پلەکانی پەسندێتی لە گەڵ یەکتردا ،بەڵکو دەتوانرێت لە ڕێگەی سیفەتێکی گشتی ڕۆنانەکانەوە پەسن بکرێن کە ناگەڕێتەوە بۆ یاسایەکی دیاریکراو بەڵکودەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەیوەندی یاساکان لەگەڵ یەکتردا لە ڕۆنانێکی دیاریکراودا.به شێوەیەکی گشتی ئەم خاڵانە لەڕووی پەسەندێتییەوە دەور دەبینن :

١- ڕۆنانە بە ناو یەکدا چووەکان (التراكيب المتداخلة المتكنفة)

٢- ڕۆنانە وێکچووەکان (التراكيب المتماثلة المكتنفة)

٣- ڕۆنانە فرە لقەکان (التراكيب عديدة التفرع)

٤- ڕۆنانە لقدارەکانی‌لای چەپ (التراكيب المتفرعة الى‌اليسار)

٥- ڕۆنانە لقدارەکانی لای راست (التراكيب المتفرعة الى اليمين)

بەشێوەیەك ئەگەر (ا) بەشداری لە (ب) بکات و ئەوا (ا+ب )ڕۆنانێکی بەناویەکدا چوون.

(ا)ئەو قوتابیەی کە بۆت باس کردم کە بە یەکەم دەرچووە لە ناو قوتابیەکاندا .

(ب) دیار بیەکم بۆ ئەو قوتابیەی کە بۆت باس کردم کە بە یەکەم دەرچووە لەناو قوتابیەکاندا کرێ.

هەروەها(ا) و(ب) دەبنە ڕۆنانێکی وێکچووی ئامێز بە یەکدا کردوو ئەگەر (ا) بەشداری لە ڕۆنانی (ب)دا بکات ولەرووی ڕۆنانیشەوە (ا) لە(ب) بچێت .

(ا)ئەوەی کە تۆ ئاماژەت بۆ کرد. (ب)ئەوەی کە تۆ ئامـاژەت بۆ کرد ئەوەی کە ژنەکان ناسییانەوە

دیسان ئەو ڕۆنانانەی کە فرە لقن جا بە هەر ئاراستەیەك بێت ،بۆ نمونە ڕۆنانێکی وەك (ا) بەرەو چەپ پلەی پەسەندێتی رستەکە دادەبەزێنێت

(ا)کچی مامی باوکی خوشکە زاکەی شیلان

بەم شێوەیە سەبارەت بە نموونەکانی تریش ؛ئەم خالانە وا دەکەن پێوەری پەسەندێتی گۆرانی تێبکەوێت بەم شێوەیەی خوارەوە: ـ

(ا) بەناو یەکدا چوونی دووبارە بەشداری لەناپەسەندێتی‌دا دەکات .

(٢)ڕۆنانە وێکچوە ئامێزییەکان ناپەسەندیان زیاترە .

(٣) ڕۆنانە فرە لقەکان پلەی پەسندیان نزمترە (لە بەرامبەرە ئاساییەکەیان )

(٤) بەناویەکدا چوونی توخمە درێژو ئالۆزەکان بۆ ناو ڕۆنانێکی زمانی پلەی پەسەندی ئەو ڕۆنانە کەم دەکاتەوە

(٥)سەبارەت بە لق لێبونەوە بەرەو راست یان چەپ ،ئەوا نموونەکانی ئەم جۆرە بە ئاشکرا بە دیاری دەخەن کەپێوەری پەسەندی ڕۆنانەکەیان نـرم کردۆتەوە ئەمە جگە لەوەی دەتوانرێت لە رێگەی نائاسایی بوونی ئاوازی ڕۆنانەکەوە هەستی پێ بکرێت، چونکە برین و وەستانی ئاوازەکە لە جێگەی ئاسایی خۆیدا ناکەوێت .

Scanned by TapScanner

- ئەو پشیلەیە کە مشکەکەی گرت کە پەنیرەکەی خوارد .

لایەنێکی دیکەی چەمکی پەسەندێتی لە ڕێزمانی ب. گ دا بەر لایەنی دەروونی - زانستی دەروون - دەکەوێت و تیۆری ڕێزمانی ناتوانێت مامەڵەی تەواوی لەگەڵ بکات و چارەسەری بکات ئەمەش بە بەهانەی ئەوەی قوڵبوونەوەی رستە - واتە زیاد بوونی لق لێبوونەوەی - ((پانتاییەکی زیاتر لە بیر - زاکرە - دادەگرێت و توانای کۆنترۆل کردنی نامێنێ لە لایەن بەرامبەرەوە ))"٥٥ :٩٠-٩١" (( یەکێکیش لە هۆکارەکانی هەبوونی لە زماندا بۆ ئەوەیە ئاخێوەر بتوانێت لەو حاڵەتە بەدوور کەوێتەوە))"٥٥ :٩٠-٩١" ئەویش بە دارشتنی رستەیەکی هاوتا لە بەرامبەر رستە لقدارەکەدا.

## ٦-١ چاکەکانی تیۆری گوێزانەوەو بەرهەمهێنان

(١) تیۆرەکە بە پێچەوانەی تیۆرە ڕێزمانیەکانی پێش خۆی توانای تەنها پەسن کردنی ڕۆنانکاریيانەی زمان دەبەزێنێت بەرەو پەسن کردن و لێکدانەوە (لێکدانەوەی چۆنیەتی ڕۆنانەکان) واتە لە ڕێگەی یاساکانی ڕێزمانەوە کردەی چۆنیەتی بەر هەم هێنانی رستەکانی زمان بەدیار دەخات.

(٢)تیۆرەکە بەهۆی نواندنی پەیوەندی تایبەتی نێوان کەرەسەکانەوە لەنیشانە فرەیزدا ئەرکی ڕێزمانی کەرەسەکانی رستە دەستنیشان دەکات (بکەر ،بەرکار ...هتد) ئەمە لە کاتێکدا کە پێشتر واتا ڕۆڵی سەرەکی دەبینی لەم دیاریکردنەدا بۆیە ئەم لایەنە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورەی تیۆری ڕێزمان بوو کە توانی چارەسەری بکات بە مامەڵە کردن لەگەڵ بکەرو بەرکاری ڕێزمانی (*).

(٣) تیۆرەکە توانی بە شێوەیەکی زانستیانە دیاردەی فێربوونی زمان (فێربوونی مرۆڤ بۆ زمان)لێك بداتەوە بەهۆی ئەو توانستە بۆماوەییەی هەموو مرۆڤێك هەیەتی بۆفێربوون و بەکار هێنانی زمان لە دەربڕین وتێگەیشتندا، ((مرۆڤ کە لە دایك دەبێت توانایەکی تەواوی بەڕێزمانی گشتی هەیە مەبەستیش لەوەیە کە نەخشەیەکی چەسپیوی هەیە بەکاری

---

(*) ئەمە لەهەموو زمانەکان وەك خاڵێك لەخاڵە چا کەکانی تیۆرەکە دەرناکەوێت، بەلام لەزمانی کوردیدا ئەم دیاردەیە پەیوەندییەکان دەست نیشان دەکات.

دەهێنێت بۆ فێر بوونی زمان)) "٢٦: ١٣٦ " بەلام لە بەرامبەردا تیۆرەکانی تری زمان کەم و کورپیەکی زۆریان نیشان دەدا لەم رووەوە چونکە نەیانتوانی بە تەواوی چۆنیەتی روودانی دیاردەکە و سەرجەم رەهەندەکانی چارەسەر بکەن .

(٤) تیۆری ب.گ مەنگاوێکی بنەڕەتی و گرنگە بۆ جەخت کردن لەسەر بنەمای رێزمانی سەراپا کە هەولدەدات رێزمانی مرۆڤایەتی لە چوار چێوەی کۆمەڵە یاسایەکی گشتی‌دا کۆ بکاتەوە و ئەو یاسایانەش هێڵە گشتیەکانی‌سنوری رێزمانی زمانەکان دیاری دەکەن .

(٥) تیۆرەکە دەتوانێت پەیوەندی رستەکانی زمان بەیەکترەوە لەناوخۆیاندا دیاری بکات وکێشەی لێڵی و فرە واتایی رستەش لێك بداتەوە کە بەلای تیۆرەکانی دیکەی رێزمانەوە کارێکی دژوار بوو ئەمەش بەهۆی دانانی یەك ئاستی رۆنانی بۆ رستە، بەلام تیۆری ب .گ بەجیا کردنەوەی هەردوو رۆنانی سەرەوە وژێرەوەی رستەو لە رێگەی پەیوەندی‌یەکانی نێوانیانەوە ئەو کێشە رێزماشیانەی چارەسەر کرد.

(١٦) لەناو هەموویاندا تەنها رەخنەکەی ئازاد یان بەجێ‌بوو.

ئەم رستە یە لێڵەو دوو رۆنانی ژێرەوەی هەیە

(١) لەناو هەموویاندا تەنها ئەو رەخنەیەی ئازاد لە یەکێکی دیکەی گرت بەجێ بوو.

(٢)لە ناو هەموویاندا تەنها ئەو رەخنەیەی لە ئازاد گیرا بە جێ‌بوو.

بەلام پێویست ناکات ئاخێوەر رستەی (١) یان (٢) لە بەرامبەر

(١٦) دا بە کار بهێنێت ((چونکە بە بەکار هێنانی (١٦) ئابووری دەکات و لێڵیەکەش لەبەکار هێناندا دەرەوێتەوە بەو پێیەی کە هەموو دەورووبەرێکی زمانی لێڵی دەرەوێنێتەوە و مەبەستی رستە ئاشکرا دەکات)) ."٢٦: ١٣٣ "

(٦) یاساکانی رێزمانی ب.گ هاوتەریبن لە گەڵ بنەمای وزە پاراستن ـ ئابووری لە زماندا. چونکە یاساکانی گوێزانەوەی بە ئارەزوویی ـ لادان ـ ئەرکی هێنانەدی کەم کردنەوەو پاراستنی وزە لە ئاخاوتندا دەبینن ولە کاتی لادان و کرتاندن دا رێزمانی ب.گ لە رێگەی گەڕانەوە بۆ رۆنانی ژێرەوەی رستەکە دەتوانێت بنەڕەتی رستەکە دەست نیشان بکات و واتای تەواوی بەر جەستە ببێت، بڕوانە رستەکانی ژمارە ( ١٧ )( ٤٤ )( ٦٣ ).

## ٧-١ نیشانه فرەیز (*)

یاساکانی ڕۆنانی فرەیز لەڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا پێویستیان بەوە هەیە کەلەڕێگەی هێڵکاریەکی تایبەتەوە بنوێنرێن بەشێوەیەك ئەم هێڵکاریە توانای دەستنیشانکردنی پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نێوان پێکهێنەکانی ڕستەی هەبێت(**) ، هێڵکاریەکەش لەڕێگەی کەوانەکانەوە یاخود شیکردنەوەی درەختییەوە دەنوێنرێت و بریتییە لەنیشانە فرەیز کەبریتییە لە((وێنە نواندنێکی پێکهێنە ڕۆنانیەکانی ڕستەکە هەر پێکهێنێکی لەڕێگەی (نۆد) (***) ی ناونیشانەوە دەنوێنرێت کەپۆلەسینتاکسیەکان(****) و پێکهێنە ڕاستەوخۆکان نیشان دەدەن)) "٢٨٤:٦٢" واتە هەنگاوەکانی ڕۆنانی ڕستەو جۆری پێکهێنەکانی ڕستە تیایدا پەسن دەکرێت و پەیوەندیشیان لەگەڵ یەکتردا دیاری دەکرێت، چونکە نیشانە فرەیزەکان تەنها نواندنی ڕۆنانی ڕستە نین ، بەڵکو ئەو وێنە نواندنە ((پێکهاتووە لەکۆمەڵێك خاڵ پێیان دەوترێت نۆد _ هەریەك لەو نۆدانە ناونیشانێك هەڵدەگرێت وهەر یەك لەو نۆدانە بەپەیوەندیەك بەیەکترەوە بەستراونەتەوە ، لەڕێگەی هێڵێك کەپێی دەوترێت لق)) "١١٤:٦٠"

لەنیشانە فرەیزدا دوو جورە نۆد هەیە بەپێی جێگەی تایبەتی دەرکەوتنیان لەسەر نیشانە فرەیز :

١ـ نۆدە کۆتاییەکان

ئەونۆدانەن کەتەنها پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەك نۆدی تردا هەیەو وشەیەکی فەرهەنگی بەخۆیانەوە هەڵدەگرن و ئەو نۆدانەن کە دابەش نابن.

---

(*)لەبەرامبەر زاراوەی نیشانە فرەیز دا ئەم زاراوانەی دیکەش بەکاردێن (هێڵکاری درەختی ، شیکردنەوەی درەختی ، هێڵکاری دار ئاسا ) .

(**)بۆزانیاری دەربارەی ئەرکە سینتاکسییەکانی کەرەسەکانی ڕستە بڕوانە ل(٨٠) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە .


(***)مەبەست لە نۆد خاڵی بەیەکگەیشتنی دوو هێڵ یا هێڵ و (ناونیشان)ە لەفرەیزەنیشانەکاندا و ناو نیشانی پۆلێکی سینتاکسی یا فەرهەنگی هەڵدەگرێت

(****)مەبەست لەپۆلی سینتاکسی(ف. ن، ف. ك، ف. بەند...)ە، لەبەرامبەریشیدا پۆلی فەرهەنگی بریتییە لە ( ناو ، ئاوەڵناو ، کار ، ......).

٢ ـ نۆدە ناوخۆییەکان

ئەونۆدانەن کە پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ دوو نۆدی تر یا زیاتر دا هەیەو ناونیشانی پۆلێکی تەواو هەڵدەگرن ،نەک وشەیەکیفەرهەنگیو ئەو نۆدانەن کە دەتوانن دابەش بن بۆ نۆدی تر.

(٣٠) پێشمەرگەکەهات.




لەم نیشانە فرەیزەدا نۆدی ژمارە یەک نۆدێکی ناو خۆییە چونکە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ دوو نۆدی تردا هەیە نۆدی( ر )و نۆدی( ن) ناونیشانی پۆلێک لەپۆلەکانی ئاخاوتنی هەلگرتووە، بەڵام نۆدی ژمارە دوو پەیوەندی ڕاستەوخۆی تەنها لەگەڵ یەک نۆدی تردا هەیە ـ نۆدی (ن)ی سەروو خۆی ـ ،بەمەش دەبێتە نۆدێکی کۆتاییو وشەیەکی فەرهەنگی هەڵدەگرێت، نەک ناونیشانی پۆلێکی ئاخاوتن. بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ڕێزمانی (ب.گ) لەڕێگەی نیشانە فریزەوە دەتوانێت یاساکانی بەرهەم **هێنان بەهێلەکانی کۆتای بگەیەنێت و پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی ڕستەو ئەرکە** ڕێزمانەکانیشیان دەست نیشان بکات (بڕوانە چەمکە ئەرکییەکانی رستە، بەشی سێیەم).

Scanned by TapScanner

# بەشی دووەم

٢- یاساکانی ڕۆنان

٢-١ فرەیزی ناوی

٢-٢ فرەیزی کاری

٢-٣ جوڵەی ڕاناوی لکاو

٢-٤ گوێزانەوە لەڕێزمانی ب. گ دا

٢-٤-٢ یاساکانی گوێزانەوەو ڕستەی کوردی


٢-٥ بکەر نادیار

Scanned by TapScanner

## ٢- یاساکانی ڕۆنان

### ١-٢ فرەیزی ناوی :

فرەیز وەك یەکەیەکی زمانی - کاتیگۆریکی سینتاکسی- لەڕووی ڕۆنانەوە لەرستە بچووکترە ((بەوەی کە شوێنی ڕۆنانێکی لەرستە نزمتر دەگرێت، لەوشەش گەورەترە بەوپێیەی کەشوێنی ڕۆنانێکی بالآتر لەوشە دەگرێت ، بەمەش فرەیز پێکهێنێکی ناوەندییە دەکەوێتە نێوان وشەو رستەوە))"١٨٢:٤٨" لێرەدا دیارە کە فرەیزی ناوی ئەو پێکهێنەی رستەیە کە لەسادەترین ڕۆناندا لەناوێك پێکدێت و بۆ گەورەترین ڕۆنانیش کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بەلآم لەرووی کارەکییەوە هەموو فرەیزێك کۆتاییەکی داخراوی هەیە چونکە سنورداری توانای دەربڕینی ئاخێوەرو سنور داری توانای تێگەیشتنی گوێگریش ڕێگە لە بێ کۆتابوونی درێژی فرەیز دەگرن، دیاردەی فراوان کردنەکەش تایبەتە بە سروشتی فرەیز، لە زمانی کوردیدا یاسا گشتییەکانی ڕۆنانی فرەیزی ناوی بریتین لە: ـ




---

(*) نیشانە بریتی‌یە لە: ١.دیاریکەر ( أ نیشانەی ناسیاری ب ـ نیشانەی نەناسیاری )٢. مۆرفیمی کۆ.

(**) هێمای{ ن } هەموو ئەو پۆلە ئاخاوتنانەش دەگرێتەوە کە دەتوانن جێگەی ناو بگرنەوە لەڕونانی فرەیزدا واتە بینە پاش سەرەی فرەیزەکە .

پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە:

١ـ لە (٤)دا ئەگەر ناوەکە (سەرە) دیاریکەری ناسیاری هەبوو ئەوا نیشانەی دیاریکەر دەچێتە سەر دوایین {ن}ی فرەیزەکە .

٢ـ یاسای (٦)بریتیە لە لێکدانی (٢)لەگەل (٥)

٣ـ لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدادەشێ فرەیزی ناوی دەرنەکەوێت. چونکە فرەیزی کاری لە زمانی کوردیدا هەمیشە ئاماژەکەرە بەبکەرە ڕێزمانیەکەی خۆی.

(١٧) من هاتم .

↓

Ø هاتم

لەیاساکانی پێشودا (ن) بریتیە لە ناو و هەموو ئەو پۆلە ئاخاوتنانەی کەدەتوانن جێگەی ئەو بگرنەوە لە ڕوونانی فرەیزدا ، ئەوانیش بریتین لە :

١ـ ناو

- گشتی
  - قوتابی
- تایبەتی
  - کاروان
- ئەبستراکت(مەعنەوی)
  - سەربەستی
- تاک
  - منداڵ
- کۆ
  - منداڵان

٢. ئاوەڵناو

- بنجی
  - زیرەکەکەی پۆلی یەکەم (زیرەك)
- باڵا
  - جوانترینیان هات (جوانترین)
- بکەری دارِژاو
  - نووسەرێکی ئازا(نووسەر)
- بکەری لێکدراو
  - جگەرە کێشێکی پیر(جگەرە کێش)
- کراوی دارِژاو
  - سووتاوێکی قاچ خوار (سووتاو)
- کراوی لێکدراو
  - سك سووتاوێکی بەتەمەن (سك سووتاو)

لەبنەڕەتدا ئاوەڵناوەکان پاش سەرەن لەڕونانی ژێرەوەدا ، بەلأم بەلابردنی (سەرە) ئەمانە جێگەی سەرەکە دەگرنەوەو ئەرکەکەی دەبینین بڕوانە ئەم نموونانە:

١–قوتابییە زیرەکەکە

↓

زیرەکەکە

٢–جوانترین کچیان هات

↓

جوانترین Ø یان هات

٣–پیاوێکی نووسەری ئازا

↓

Ø نووسەرێکی ئازا

٤–پیاوێکی جگەرە کێشی هەژار

↓

Ø جگەرە کێشێکی هەژار

٣-چاووگ

(١٨) سووتانی لەش بە ئازارە .

(١٩) خوێندن بۆ ئێوە بەسوودە .

(٢٠)گرتنی دزەکان ئەرکی ئێمەیە .

(٢١)دروونی پانتۆڵ دەزانن.

(٢٢)کرینی خانووەکە سوودێکی زیاتری بۆ ئێوە هەبوو .

٤-راناو

کەسی سەربەخۆ

(٢٣)ئێمەی بێ کەس دەنگمان بەکوێ دەگات

نادیار

(٢٤)هیچ کەس ئاغای ئێمە نییە .

پرس

(٢٥)کێ هات ؟

هەموو فرەیزێك – سادەبێت یان فراوان کراو – سەرەیەکی رێزمانی هەیە، کە دەبێتە دیارخراوی فرەیزەکە ودەکرێت دیارخەری لەگەڵ بێت یان نەیەت. بەدەرکەوتنی دیارخەر لەگەڵ دیارخراو دا فرەیز سنوری سادەیی تێدەپەڕێنێت و هەبونی (سەرە) لە فرەیزدا پێویستییە و لە فرەیزی ناویدا مەرجە تەنها یەك سەرە هەبێت جگە لەبریتی (بدل) لەگەڵ کۆتایەکیکراوە – لە روویتیۆرییەوە - بۆ دیار خەرەکان، لە هەندێك باریشدا سەرە لەڕۆنانی سەرەوەی فرەیزدا دەرناکەوێت، ئەمەش نیشانەی نەبوونی نییە، چونکە لەڕێگەی واتاو سەلیقەی زمانییەوە هەست بەهەبوونی دەکرێت و پەیوەندییە رێزمانیەکانی نێوان پێکهێنەکانی فرەیز ، هەبوونی سەرە لە ڕونانی ژێرەوەدا ئاشکرا دەکەن .

Scanned by TapScanner

(٢٦)جوانترینیان هات

↓

جوانترین کەسیان هات

↓

(کەس) ⟵ سەرە

(٢٧) تێر ئاگای لەبرسی نییە.

↓

مرۆڤی تێر ئاگای لەمرۆڤی برسی نییە

↓ ↓

(مرۆڤ)⟵ سەرە ⟵(مرۆڤ)

## ٢-١-١ فراوانکردنی فرەیزی ناوی بۆ دەرەوە


لەدوای سادەترین پلەی فرەیز کردەی فراوانکردنی دەست پێدەکات لەڕێگەی کردەی لێکدانەوە، لەم کردە یەشدا سەرە بنەڕەتەو هەموو خستنە سەرێك بۆ سەرە دەگەڕێتەوە. دەربارەی دیاریکردن و ناسینەوەی سەرەش لە ڕونانی فرەیزدا ئەوا بەهۆی ئەو پەیوەندییە گرنگەوەیە کەسەرە دروستی دەکات لە گەڵ پێکهێنەکانی دیکەی دا، واتە گرنگترین پێکهێن لە ڕۆنانەکەدا سەرەیە(*) بەمەش سەرە ئەو پێکهێنەی فرەیزە کە هەبوونی – نەك دەرکەوتنی– لەفرەیزدا پێویستییەو لەکردەی فراوانکردنی فرەیزیشدا کەرەستەکان بەپێی ئەو ریز دەبن:

(*) بۆ زانیاری تەواو دەربارەی (سەرە ) و پەیوەندیەکانی بەدیار خەرەکانیەوە بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٣،٤،٤٨، ٥٩ )


١- پێش سەرەکان

ئەوکەرەسانەن کەخانەی پێش سەرەی فرەیزەکە دەگرن ، لە زمانی کوردیدا ئەو کەرەسانەی ئەم خانەیە دەگرن بریتین لە (( ژمارە ، ئاوەڵناوی نیشانە ، ئاوەڵناوی پرس، ڕادە ( چەندێتی ) ڕاناوی نەفی ،وشەی ( هەر ، تەنیا ......)، ئاوەڵناوی باڵا ))"١٨:٧"


جوانترین کچ





دوو قوتابی





ئەم کوڕە(*)




هەر ئێمە






چەند شیعرێک




(**) لە زمانی کوردیدا هەر ناوێك بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە نیشانە بکرێت(( دەبێت مۆرفیمی نیشانە((ە)) بچێتە سەر کۆتایی(ن) سەرەکە یاکۆتایی دوا دیارخەر کە سەرەی فرەیزەکە وەری دەگرێت)) "٢٠٣:٤٨"

ئەم کورە






لێرەدا دەبێت تێبینی ئەم خاڵانە بکرێت

١- پێش سەرەکان بەبێ نیشانەی ئیزافە بەشداری لە فراوانکردنی فرەیزی ناویدا دەکەن، جگە لە ئاوەڵناوی نیشانە.

٢- لە کاتی پێش سەرەکانی ( ڕادە، ئاوەڵناوی پلەی باڵا، ئاوەڵناوی نیشانە)دا سەرە توانای وەرگرتنی (ناسیاری) نامێنێت.

- زۆر کەسێك */ کەسەکە

- جوانترین گوڵێك */ گوڵەکە

- ئەو پیاوەکە*/ پیاوێك

٣- ئەگەر (س) هێما بێت بۆ ئەو کەرەسە زمانیانەی دەتوانن ببنە پێش سەرە، فراوان کردنی فرەیز لە ڕێگەی پێش سەرەوە بەم شێوەیە دادەڕێژرێت :

| |
|---|
| ف ن ← س+ ن |

٤- لەم کۆمەڵە پێش سەرانەدا توانای دووبارە بونەوە لە یەك کۆمەڵەدا نی‌یە ، واتە ئەم شێوە ڕونانە ڕێگەی پێنادرێت: (ژمارە + ژمارە +ن )

(ئاوەڵناوی‌نیشانە + ئاوەڵناوی نیشانە + ن)..................هتد

جگە لە ئاوەڵناوی پلەی باڵاو وشەکانی (هەر، تەنها ...) بەم شێوەیە:

| |
|---|
| ئا . باڵا + و +ئا. باڵا .. $\alpha$ + ن |

- دوو چوار قوتابی *

- ئەم ئەو کوڕە *

(٢٨) جوانترین و ناسکترین تابلۆ فرۆشرا.

- هەر تەنیا خۆم

## ٢- پاش سەرەکان

ئەو کەرەسانەن کەدەچنە خانەی پاش سەرەی فرەیزەوە، ئەوانیش بریتین لە: [ناو،ناوەڵناو - جگە لە ئا(نیشانە ،پرس ، بالا)-،چاووگ ، راناو، وشەکانی رادە(*) ]

---

(*) وشەکانی رادە intensifier وەك (زۆر ،کەم، ... هتد) هەبوونیان لەناو فرەیزێکی فراوانکراودا مانای ئەوەیە لانی کەم دوو پاش سەرە لەو فرەیزەدا هەیە واتە بەتەنیا ناتوانێت لەگەڵ سەرەدا دەرکەوێت بەلکو بۆ ( ن) ێك دەگەرێتەوە کە پاش سەرەیەو دەچێتە سەر فرەیزێك و پێکهاتەکەی بەم شێوەیە:

ن+ ( ە ) +( ن )

ئەمەش دەبێتە پاش سەرەیەکی تر بۆ سەرەکەو دەچێتە سەر خانەی دوای سەرە- پێش (ن) .

| |
|---|
| ن + ( ەی ) + رادە + ( ن ) |

کۆمەڵە وشەکانی رادەش لەناوخۆیاندا توانای دووبارەبوونەوەیان هەیە:

- منالێکی زۆر جوان
- منالێکی زۆر زۆر جوان

| |
|---|
| ن+ رادە + رادە ...... $\alpha$ + ( ن ) |


لەم حاڵەتەشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە (ن)ی سەرەی فرەیزەکە بەزۆری نیشانەی نەناسیاری وەردەگرێت یا خود بێ نیشانە دەبێت بەلام هەرگیز سەرەی فرەیزەکە لەم حاڵەتەدا ناسراو نابێت بەهۆی نیشانەی (ەکە) و سەرەی نەناسراو لەم حاڵەتەدا نیشانەی دیاریکەری ناسیاری (ەکە) دەگوێزێتەوە بۆ کۆتایی دوایین دیارخەری (ن) کەلەدوایەوە هاتووە .

- منالەکەی زۆر جوان *
- منالێکی زۆر جوان
- منالە زۆر جوانەکە


- منال (ەکە)
- منالە جوان(ەکە)
- منالە جوانە ئێسك سووك (ەکە)
- منالەجوانە ئێسك سووکە خنجیلان (ەکە

لەناو کۆمەڵەی ئەو کەرەسانەی دەبنە پاش سەرە ( ئاوەڵناو ،ناو ،ڕادە ) بەپێی زنجیرە لە ڕووی دووبارە بوونەوەوە چالاکن ، بەڵام ئەوانیتر توانای دووبارە بوونەوەیان نییە، واتە ئاوەڵناو لەناو زیاترو ناو لەڕادە زیاتر دەتوانرێت لە یەکجار زیاتر وەك دیارخەری هەمان فرەیز بەکاربهێنرێنەوە ،بەڵام ڕاناو و چاووگ ئەم توانایەیان نییە :

- خێزانی کوڕی خاڵی دایکم .
- کوڕی کوڕی پوورم




- هونەرمەندێکی زۆر زۆر بەتوانا




- دراوسێیەکەی ماڵی برام ین *
- ئازاری سوتان کوژران *

لێرەشدا پێویستە ئەم دووخاڵەی خوارەوە لەبەر چاو بگیرێت:-

١- چاووگ لە ڕێگەی نیشانەی (و) ی ئیزافەوە دەتوانرێت وەك پاش سەرە دووبارەبکرێتەوە.

(٢٩) ئازاری مردن و کوژران بە سوێیە .

٢- هەر کاتێك ڕاناوی لکاو ببێتە پاش سەرە بەدوای‌دا هیچ پاش سەرەیەکی تر نایەت ،واتە ڕاناوی لکاو لە ڕووی بەدیارخستنەوە فرەیز دادەخات

- قوتابییە پۆلەکەمانی زیرەك *
- قوتابییە زیرەکەکەی پۆلەکەمان .

ئەوەی کەمابێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت فراوان کردنی فرەیزی ناویە بەهۆی فرەیزی بەندەوە کەبەپێی ئەم یاسایە ف. بەند بەشداری لەفراوانکرنی فرەیزی ناوی‌دا دەکات :

أ- ف.ن ←—— ن+[ نیشانە]


ب - ف.ن ←—— ن + ن

ج - ن ←—— ن + ف.بەند


ف.ن ←—— ن + ف.بەند + [ نیشانە]

د- ن ←—— ن +[ نیشانە]

- ئۆتومبیلی لەقوردا چەقیوو




- ئوتومبیلە لەقوردا چەقیوەکە





هەروەها لەبواری فراوانکردنی فرەیزەی ناوی دا ( ڕستە)ش دەتوانێت بەشداری لەفراوانکردن دا بکات لە ڕێگای ئەم یاسایانەی خوارەوە:

١. ف.ن ←—— ر̄


٢. ر̄ ←—— ئامرازی بەستن + ر

Scanned by TapScanner

(٣١) ئەو منالەی کە لەتەنیشت تۆوە دانیشتوە برامە،




(٣٢) منالآنی گەڕەکی بەختیاری کە بەرامبەر گەڕەکی ڕزگاریە شەڕە بەرد دەکەن.



لەبەر ئەوەش کەبابەتی فراوانکردنی فرەیزی ناوی بەهۆی ( رستە ) وە سنووری ڕێزمانی رستەی سادە دەبەزێنێت بەرەو رستەی ئاڵۆز و لێکدراو ئەوەش ناچێتە سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە ، بۆیە لێرەدا تەنها ئاماژەمان پێکردوە و بەرەو لێکدانەوەی دیارەدەکە نەڕۆیشتوین.

## ٢ ـ ٢ فرەیزی کاری

بەپێی پێناسە ڕۆنانیەکەی ڕێزمانی (ب.گ) ، فرەیزی کاری پێکهێنەکەی دیکەی ڕستەیەو((وەك ڕۆنانێکیبنجی چەسپاو (اجباری) لەناو چوارچێوەی ڕستەدا تەماشا دەکرێت))"٢١:٧" فرەیزی کاری کەسادەترینی لەڕووی ڕۆنانەوە لەکارێك پێکدێت ، ((ڕەگەزێکی ئاڵۆزەو پێکهاتەیەکی دەرەکی و ناوەکی هەیە ، کەلەچەند مۆرفیمێکی بەند پێکهاتووە))"٢٠٨:٤٨"

لەزمانی کوردیدا چونکە کار (ف.ك) ڕاناوەکانی بکەرو بەرکار وەردەگرێت لەئاستی سەرەوەی ڕستەو دەرکەوتندا گرنگییەکی زیاتری هەیە لەفرەیزی ناوی چونکە دەکرێت فرەیزی ناوی لەڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەوێت بەڵام ((لەزمانی کوردیدا ڕستە بەبێ دەرکەوتنی ئەم فرەیزە هەرگیز دروست نابێ)) "١٦:١٦" فرەیزی کاری لەسادەترین ڕۆنانیدا لەکارێك پێك دێت کە لە رووی رۆنانەوە ناسادەیە(*) و تیایدا مۆرفیمی ڕەگی کار مۆرفیمێکی تەوەرەییە ومۆرفیمە بەندەکانی تری بۆ دەگەڕێتەوە کەهەریەك ڕیزبوونێکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆیان هەیەو بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم خانانە سەبارەت بەڕۆنانی کار(**) جیابکەینەوە

(*) لەزمانی کوردیدا کاری سادەنیە بڕوانە سەرچاوەی ژمارە١٢.

(**) بۆ زانیاری تەواو دەربارەی وردەکارییەکانی ڕۆنانی کار لەکوردیدا بڕوانە سەرچاوەی ژمارە٤٨.

أ- کاری تێپەڕ

| |
|---|
| [ پێش کار] + راناو + [نەرێ] + [ئەسپێکت] + رەگ + کات + راناو |

< + خاوەنی >

< + رێککەوتن >

بکەر

بەرکار

١- رابوردوو = [ئەسپێکت]

٢- رانەبوردوو= ئەسپێکت

ب-کاری تێنەپەڕ

| |
|---|
| [پێش کار] + [نەرێ] + [ئەسپێکت] + رەگ + کات + راناو |

هەڵ + مان + نە + دە + گر + ت + ن

نە + مان + دە + خوار + د + ن

-نەمان دەخواردن

دە + مان + بر + د + ن

-دەمان بردن

دا + نە +دە+ نیش + ت + م

-دانەدەنیشتم

نە+دە+چ+وو+ م

-نەدەچووم

دە + چ + وو + م

-دەچووم

نا + ی + خۆ + Ø + ن

دە+ م+خۆ+ Ø +ن

-دەمخۆن

رۆ+ نا + چ +Ø+ +م

-رۆناچم

دا + دە + نیش + Ø + ین

-دادەنیشین

دە + نووس+ Ø + م

-دەنووسم

لەڕێگەی ئەم نموونانەوە دەتوانرێت ئەم خاڵانە تێبینی بکرێت:

١- لەبەر ئەوەی لەزمانی کوردیدا ڕاناوی لکاو هەرگیز نابێتە سەرەتای وشە ـ ناسادە. بۆیە کاتێك (پێش کار) لەڕۆنانەکەدا نەبێت، خانەی (نەرێ) و(ڕاناو) جێگەی خۆیان پاش و پێش دەکەن.

٢- مۆرفیمی فەرماندان لە هەر ڕۆنانێکی کاردا بێت خانەی (ئەسپێکت) دەگرێت، (ب) بۆ ئەرێ و (مە) بۆ نەرێ .

مە + ی+ خۆ+ Ø +Ø

مەیخۆ

| |
|---|
| م. فەرماندان +راناو + ڕەگ+کات+راناو |

مەچۆ

| |
|---|
| م. فەرماندان+ ڕەگ+کات+ڕاناو |

(٣٣) نانەکە مەخۆ.

| |
|---|
| پێش کار + ڕاناو + ڕەگ + کات + راناو |

هەڵیان بگرە

| |
|---|
| پێش کار + ڕەگ + کات + ڕاناو |

هەڵبگرە

(٣٤) کتێبەکان هەڵبگرە

لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت یاساکانی ڕۆنانی فرەیزی کاری بەم شێوەیە بنوێنرێن

١- ف.ك ← ف.ن + ف.ك

٢- ف.ك ← ف.بەند + ف.ك

٣- ف.ك ← ك(تێپەر، تێنەپەر)+ ڕاناو

٤- ك (تێپەڕ) ← ڕەگ + ڕاناو

## ٢-٢-١ فراوانكردنی فرەیزی كاری

وەك لەبەندی پێشتردا باس لەچۆنیەتی فراوانكردنی فرەیزی ناوی كرا ، بەهەمان شێوە فرەیزی كاریش لەڕووی تیۆرییەوە دەكرێت تا بێكۆتا درێژ بكرێنەوەو فروان بكرێت ، ئەمەش بەڕێگەی زیادكردن ، ئەو كەرەسە زمانیانەش كەدەتوانرێت بۆ فرەیزی كاری زیاد بكرێن بریتین لە: (فرەیزی بەند، ئاوەڵكار ، ڕستە ) .

لەهەرسێ حاڵەتیشدا ئاخێوەر دەیەوێ زانیاری زیاترو ڕونكردنەوە لەبارەی ڕستە بنجی‌یەكەوە دەرببڕێت بۆ گوێگر.

أ- فرەیزی بەند:


فرەیزی بەند ئەو فرەیزەیە كەپەیوەندییەكی بەندێتی(سەرەی) فرەیزەكە بەیەكێك لەئامرازەكانی( پرێپۆزیشن)ەوە دەبەستێتەوە.




ف.ك ← ف.ن + ك

ف.ن ← ن + ف.بەند

(٣٥) شوان كۆترەكەی بۆ تۆ گرت.







Scanned by TapScanner

ب ـ ئاوەڵکار :

لەزمانی کوردیدا ئاوەڵکارەکانی (کات، شوێن و هۆ) دەتوانن لەفراوانکردنی فرەیزی کاریدا ڕۆڵ ببینن جا چ سادە بن ، یا ناسادە ـ بەهەموو جۆرەکانیانەوە. چۆنیەتی ، چەندێتی ،......هتد ئەوەی لێرەدا دەبێت تێبینی بکرێت لەتیۆری بەرهەمهێنان وگوێزانەوە (٥٧-٦٥) ئاوەڵکار بەلقێکی سەربەخۆ لە نیشانە فرەیزدا ئامازەی بۆ دەکرێت بەو واتایەی کەئاوەڵکارەکە بۆ تەواوی ڕستەکە دەگەڕێتەوە .

(٣٦)من دوێنێ هاتم.




ج . ڕستە :

ڕستە کاتێك بەشداری لە فراوانکردنی فرەیزی کاریدا دەکات دەبێتەرستەیەکی شوێن کەوتوو لەسنووری رستەیەکی ناسادەدا بۆیە دیسان لەبەر تێنەپەڕاندنی سنووری باسەکە ئەم بابەتەمان وەرگرنەگرتووە

## ٢ـ ٣ جوڵەی ڕاناوی لکاو :

لەزمانی کوردیدا لەچوارچێوەی فرەیزی کاریدا ، ڕاناوە لکاوەکانی دەستەی خاوەنی جوڵەیەکی چالاکیان هەیە و لەخانەی بنەڕەتی خۆیانەوە کەبریتییە لە{( " رەگ + کات" + راناو) +راناو} ـ تێپەر ـ ،{( رەگ + کات)+ راناو}ـ تێنەپەر ـ بەرەو لای ڕاستی ڕستەکە – لای ڕاستی ڕەگی کاری ڕستەکە – دەجوڵێن بەپێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕستەکەدا دێت و ئەو م. بەندە ڕێزمانیانەی دەچنە سەرکارەکە. دیارترین جوڵەی ڕاناوی لکاو لەچوارچێوەی فرەیزی کاریدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

## أ- کاری ڕابوردوو

١- جوڵانی ڕاناوی لکاوی بکەر بۆ سەر بەرکاری ڕستەکە لەکاتی دەرکەوتنی بەرکار بەوشەیەکی سەربەخۆ (*).

(٣٧) من سێو خوارد م

- من سێوم خوارد.

٢- لە کاتی دەرنەکەوتنی بەرکار بە وشەیەکی سەر بەخۆ لە کاری ڕابردوی بەردەوام دا ڕاناوی لکاوی بکەر دەجۆڵێت بۆ پێش ڕەگی کار پاش ئەسپێکتی بەردەوامی (دە) (**).

- من سێوم دەخوارد.

- من دەمخوارد .

٣- لە کاتی دەرنەکەوتنی بەرکاری ڕستە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەکاری ڕابردووی بەردەوام < + نەرێ> ڕاناوی لکاوی بکەر دەجوڵێت بۆ سەر مورفیمی نەرێ _ پێش ئەسپێکتی بەردەوامی (دە) (***).

- خواردم

- دەم خوارد

- نەم دەخوارد

٤- لەکاتی دەرنەکەوتنی بەرکار بە وشەیەکی سەربەخۆ، لە کاری ڕابوردوو ( بەردەوام ، سادە ) < + پێش کار ، + نەرێ > ،ڕاناوی لکاوی بکەر دەجولێ بۆ سەر ( پێش کار) (****)

(٣٨) گرتم .

(٣٩) دام گرت .

- دام نەگرت .

---

(*) بڕوانە گوێزانەوە بەخورتیەکان گوێزانەوەی ژمارە (٤) .

(**) بڕوانە گوێزانەوە بەخورتییەکان ژمارە (٧) .

(***) بڕوانە گوێزانەوە بەخورتییەکان، گوێزانەوەی ژمارە (٩) .

(****) بڕوانە گوێزانەوە بە خورتییەکان، گوێزانەوەی ژمارە (١٠)



Scanned by TapScanner

- دام دەگرت .

- دام نەدەگرت .

ب - کاری ڕانەبوردوو

١- لە کاتی دەرنەکەوتنی بەرکاری ڕستە بە وشەیەکی سەربەخۆ ،لە کاری ڕانەبردووی < + نەرێ > ڕاناوی لکاوی بەرکار دەچێتە سەر مۆرفیمی بەردەوامی یا مۆرفیمی نەرێ پێش ڕەگی کارەکە.(*)

(٤٠) من کتێب دەکڕم .

- دەی کڕم .

- نای کڕم .

٢- لە کاتی دەرنەکەوتنی بەرکاری ڕستە بە وشەیەکی سەربەخۆ ، لە کاری ڕانەبوردوو < + پێش کار ،+ نەرێ > ڕاناوی لکاوی بەرکار دەچێتە سەر (پێش کار) - پێش ڕەگی کارەکە -.(**)

(٤١) دەیان گرم/ نایان گرم .

(٤٢) دایان دەگرم / دایان ناگرم .

## ٤-٢ گوێزانەوە لەڕێزمانی ( ب . گ ) دا

کردەی گوێزانەوە لەڕێزمانی ( ب. گ ) دا کردەیەکی بنەڕتییە بۆ ڕۆنانی ڕستە چونکە بەبێ ئەمە تیۆری ڕێزمانی ناتوانێت دیاردەی ڕۆنانی ڕستە بەتەواوی شی بکاتەوە و لەسنوورێکی نزمدا ڕادەوستێت کەسنووری دەرهێنانی دانە زمانیەکانە لە فەرهەنگ، بۆیە بیرۆکەی گوێزانەوە دەتوانێت کێشەی هەنگاوەکانی دیکەی ڕۆنانی ڕستە چارەسەر بکات لە ڕێگەی یاساکانیەوە، چونکە یاساکانی بەرهەمهێنان تەنیا یاسای ڕێزمانی نین لە

---

(*) بڕوانە گوێزانەوە بە خورتییەکان ، گوێزانەوەی ژمارە(٩)

(**) بڕوانە گوێزانەوە بە خورتییەکان ، گوێزانەوەی ژمارە (١٠)

ئیۆرەکەداو ڕستە بەبێ‌کردەی گوێزانەوە بە ڕۆنانی سەرەوە ناگات، لەبەر ئەوە لە سەرەتای کردەی بەرهەمهێنانی ڕستەدا(( زنجیرەیەکی زمانی سەرەتایی #ڵ# . کەهێمایەکی زمانی بێ واتایە. دەچێتە ئاستی یاساکانی ڕۆنانی فرەیز و دەبێتە سەرەتایەك بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەکان))" ١٣١:٣٣"ڕستەش لەم ئاستە قوڵەی ڕۆنانی‌دا نامێنێتەوە و دەبێ بۆ ئاستی سەرەوە ڕەت بێت، بەهۆی کردەی گوێزانەوەی پێکهاتەی گوێزانەوەیی یەوە،ئەو کەرەسە زمانیەش‌ک، لەم ئاستەدا(ئاستی ڕۆنانی فرەیز) دێتە دەرەوە ( دەرهاتوو (( بریتیە لەو ڕستەیەی کەهەموو پێویستیەکانی تایبەت بە ڕستەی بنجی تێدایە )) "١٣١:٣٣" پاشان ئەو ڕستەیەی لە یاساکانی ڕۆنانی فرەیز دێتە دەرەوە دەچێتە ئاستی یاساکانی گوێزانەوە بۆ ئەوەی کردەکانی گوێزانەوەی لەسەر پیادە بکرێت بە پێی سروشتی ڕستەکە. ئەو مەبەستەی کە پێویستە تیایدا بێتەدی. ، لەکاتێکدا ئەگەر تەنها یاسا بەخورتییەکانی بە سەردا پیادە کرا ئەوا ئەو ڕستە بەرهەم هاتووە دەبێتە ڕستەیەکی بنجی(KERNEL)بەڵام ئەگەر هەر ڕستەیەك یاسا بەخورتیەکان و بە ئارەزوویەکانیشی بەسەردا پیادە کرا ئەوا ئەو ڕستەیە داڕژاوە(*).

## ٢-٤-١ سروشتی کردەی گوێزانەوە

پێکهاتەی گوێزانەوەیی کەدەست بەکار دەکات لەسەر بەجێ گەیاندنی کردە ڕێزمانیەکانی گوێزانەوە(( سەرەتا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ڕۆنانی ژێرەوە کار ناکات بۆ یەکسەر بەرهەمهێنانی ڕۆنانی سەرەوە)) "٢٠٥:٤٧"واتە کردەی گوێزانەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ڕۆنانی ژێرەوەو سەرەوە نیە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی

---

(*) داڕژاو وەك زاراوە ئاماژەیە بەو رستەیەی کە پێچەوانەی ڕستەی بنجییە ، واتە ڕستەی نا بنجی ، ئەو ڕستەیەی کە یەك یان زیاتر لەم سیفەتانەی تێدابێت:

١-سادە ( لێکدراو یا ئاڵۆز نەبێت) - دزەکانی گرت . × - دزەکانی گرت و کوشتنی.

٢-ئاشکرا ( خەبەری ، پرسیار ، فەرماندان بێت واتە مەرجی نەبێت) - مەڕەکانی سەربڕی .

× - مەڕەکانی سەر ببڕیایە .

٣- دیار ( نادیار نەبێت ) - نامەکەم نووسی . × - نامەکە نووسرا .

٤- ئەرێ ( نەرێ نەبێت) - ئاسکەکەیان ڕاو کرد . × - ئاسکەکەیان ڕاو نەکرد .

### ٢- یاسا تایبەتییەکانی گوێزانەوە:

ئەم یاسایانە لەسەر یەک پیادە دەبن و لەسنوری یەک زنجیرەی زمانی بەرهەم هاتودا کاردەکەن ولەناو خۆیاندا لەڕوانگەی پێویستی پیادەکردنیانەوە دەبنە دوو بەش:

*أ. یاسا بەخورتییەکان*

ئەویاسایانەن کە پیادەکردنیان لەسەر رستە پێویستییەو ناکرێ ڕستە دەست بەرداریان بێت و رستە لەڕۆنانی سەرەوەیدا بەبێ پیادەکردنیان بەرهەم نایەت. ئەم یاسایانەش بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە یاساکانی(( کات ، پاشکۆکان ، سنوورد وجیاکەرەوە))"١٤٦:٣٣"

*ب- یاسا بە ئارەزوییەکان*

ئەویاسایانەن کە دەتوانرێت پیادەبکرێن یا نەکرێن، واتە بەبێ پیادەکردنیان ڕستە (بنجی) لەڕۆنانی سەرەوەدا بەرهەم دێت و بەپیادەکردنیان ڕستەکە دەبێتە دارژاو وەک یاساکانی ((نەرێ، پرسیار، فەرماندان، ............))"١٤٦:٣٣" بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە چوار شێوە وەردەگرن :


١.لادان

٢.جێگۆڕکێ

٣.جێگری

٤ کۆپیکردن

٥ .زیادکردن




هێڵکاری -٤-

## ١. یاسا گشتی‌یەکان:

پیادەکردنیان لەسەردوو ڕستە دەبێت لەکاتی لێکدانی دووڕستە یابەرهەم هێنانی ڕستەی ئاڵۆز .

(٤٤) باوکم چوو بۆ بازاڕو ئێمە لەماڵەوە ماینەوە.

ر١ - باوکم چوو بۆ بازاڕ.

ر٢ - ئێمە لە ماڵەوە ماینەوە.

| ر١ + و + ر٢ |
|---|

یەکێك لەتایبەتییەکانی ئەمانە ئەوەیە کەرستەکان لەناوخۆیاندا پاش و پێش ناکرێن چونکە ئامرازەکە لەگەڵ بەشی دووەم دایەو لەرووی واتاشەوە پاش و پێش کردنەکە هاوواتایی دورست ناکات.

لەم بوارەشدا دەشێ رستەکان گوێزانەوەیەکی گشتی‌یان لەسەر پیادە بکرێت پاشان گوێزانەوەی بەئارەزوویان تێدا رووبدات

(٤٥) پیاوەکە دزەکەی گرت و کوشتی .

– پیاوەکە دزەکەی گرتو پیاوەکە دزەکەی کوشت.

– Ø دزەکەی کوشت

– Ø Ø کوشت

– Ø Ø کوشتی (کۆپی کردنی راناو)

– پیاوەکە دزەکەی گرت و کوشتی .

بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە رستەی بەستراو ( ئاڵۆز ) ئەوا ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئاسان بەدوای دەستنیشان کردنی ئەو یاسایانەدا بگەڕێین کە چۆنیەتی بەستانی ڕستەکان دیاری دەکات چونکە ( پاڕستە ) دەتوانێت ( شاڕستە ) بچێتە نێوان کەرەسەکانیەوە بە پێی ئەو کەرەسەیەی کە پارستە دەبێتە دیار خەری(*) چونکە ئەم لایەنە سنووری ڕستەی سادە دەبەزێنێ و پێویستی بە لێکۆلینەوەیەکی تایبەت هەیە:

---

(*) بۆ زانیاری دەربارەی پاڕستە بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١١) .

(٤٦) من كه پێشتر تۆم نەناسیبوو ڕقم لێت دەبۆوە .

(٤٧) پێش ئەوەی بت ناسم ڕقم لێت دەبۆوە .

(٤٨) من ڕقم لێت دەبۆوە پێش ئەوەی بت بناسم .

٢ـ یاسا بەخورتییەکان : گوێزانەوە بەخورتییەکانی ڕستە ئەوانەن كه پیادە کردنیان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی ڕێزمانی مەرجێکی دەست لێهەڵنەگیراوەو لە ڕستەی بنجیدا هەردەم پیادە دەکرێن و گوێزانەوە بەخورتییەکانی زمانی کوردیش بریتین لە :

١ـ یاسا بە خور تییەکانی گوێزانەوەی کات ( یا . خ. گ . ك )

ئەم یاسایە ((تایبەتە بەدەست نیشانکردنی کاتی کاری ڕستەکەو دەکرێ بەم شێوەیە بنوێنرێت)) "١٣٧:٣٣" ئەم یاسایەش مانای نەبوونی کات نییە لەڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەدا بەڵکو ڕیزبوونی کات لەگەڵ ڕەگ دا دیاری دەکات.

س + ع + ك←س + ع + [ ڕابوردوو / ڕانەبوردوو(*) ]

(٤٩) ژنەکە کەواکە(برین) - چاووگ -

ڕانەبوردوو ⇩ ژنەکە کەواکە دەبڕێت .

ڕابوردوو ⇩ ژنەکە کەواکەی بڕی .

٢- یاسا بە خورتییەکانی گوێزانەوەی پاشکۆکان (یا.خ.گ. پ)

ئەم یاسایە تایبەتە بەو پێشگرو پاشگرانەی کە دەچنە سەر کار ، لێرەدا مەبەست لە مۆرفیمە بەندەکانی کارە - جگە لە کات - بۆ دیاری کردنی جێگەی تایبەتیان لەگەڵ ڕەگی کاردا دەکرێ بەم شێوەیە بنوێنرێت:

| |
|---|
| س+ ع + (پاشکۆ + ڕەگ ) |
| ⇦ س + ع (ڕەگ + پاشکۆ) |

(*) یاساکە بەپێی زمانی کوردی دەست کاری تێدا کراوە سەبارەت بەجێگەی کار لەڕستەدا

کۆت :

پاشکۆ = ز

رەگ= رەگی کارێکی سەرەکی

(٥٠) ژنەکە دەرگاکە ەوە (کردن) رانەبوردوو

⇩

ژنەکە دەرگاکە ەوە (دەکات)

⇩

ژنەکە دەرگاکە دەکاتەوە

## ٣-یاسا بەخورتییەکانی گوێزانەوەی سنوور و جیاکەرەوەکان(یا .خ. گ. س. ج)

ئەم یاسایانە تایبەتن بەلێك جیاکردنەوەی وشەکان و دەست نیشانکردنی سنووری ڕۆنانی هەریەکێکیان لەچوارچێوەی ڕۆنانی گەورەتردا کە رستەکەیە.

| |
|---|
| س+ ع ⇦ س+ #ع |

کۆت:

س = رەگ

ع = پاشکۆ


(٥١) قوتابییەکان گەڕانەوە.

# قوتابی # ەك# ان#گەڕانەوە# .


## ٤- گوێزانەوەی راناوی لکاو لەکاری تێپەری رابوردوودا

کاتێك بەرکار لە ڕۆنانی سەرەوەی رستەکەدا فۆرمێکی تایبەتی هەبێت (وشەیەکی فەرهەنگی بێت)، دەرکەوتووبێت ئەوا گوێزانەوەیەکی بە خورتی ( ڕاناوی لکاوی کارەکە بەکۆتایی بەرکارەکەوە دەلکێنێت ( لە کۆتایی کارەکەوە دەیگوازێتەوە کۆتایی بەرکارەکە)


(٥٢) من نان م خوارد




(٥٣) ئێمە نامەمان دەنووسی.



(٥٤) منالەکان کتێبەکەیان دڕاندبوو.




لێرەدا دەبێت تێبینی ئەوەبکەین کە ئەم گوێزانەوە یەی راناوی لکاو بۆ سەر کۆتایی بەرکاری رستە تەنها لەحاڵەتێکدا روودەدات کەریزبوونی کەرەسەکانی رستەکە ریزبوونێکی ئاسایی (ب.بە.ك) بێت و ئەگەر ئەوریزبوونە تێك بچێت راناوە لکاوەکە هەر بەکۆتایی کارەکەوە دەمێنێتەوە. (بڕوانە بە لووتکە کردن ل ٧٥ ).

٥- بەدوایەکداهاتنی ئاوەڵکارەکان

لەزمانی کوردیدا لەکاتی هاتنی ئاوەڵکارەکان لەرستەدا ، هەمیشە ئاوەڵکاری کات پێش ئاوەڵکاری شوێن دەکەوێت لەریزبووندا ، بۆیە دەبێ یاسایەکی بەخورتی تایبەتی هەبێت .

ئاك.شوێن
ئاك.کات ⟸ ئاك. کات + ئاك. شوێن

(٥٥) پێرێ لەبازاڕ دراوسێکەمانم بینی .

٦- گوێزانەوەی راناوی لکاو

بکەر — لەرابوردووی تێپەڕی بەردەوام

بەرکار — لەرانەبوردووی تێپەڕ

بۆ پێش رەگی کار لەکاتی دەرنەکەوتنی بەرکار بەوشەیەکی سەربەخۆ لەرستەکەدا

(٥٦) سێوم دەخوارد

دەم خوارد

(٥٧) من تۆ دەکوژم

دەت کوژم

٧- گوێزانەوەی راناوی لکاو - بکەر - لەکاتی رابوردووی بەردەوام (+ نەرێ) بۆ پێش ئەسپێکتی بەردەوامی- پاش (م.نەرێ) -

(٥٨) من دیوارەکەم روخاند

- من نەم دەڕوخاند(*)

٨- گوێزانەوەی راناوی لکاو - بکەر - لەکاری رابوردوو (+پێش کار ) بۆ پێش م.نەرێ - پاش (پێش کار)ی کارەکە - کاتێك بەرکاری رستەکەبەوشەیەکی سەربەخۆ دەرنەکەوتبێت .

{ کارەکە دەشێت ( $\mp$ نەرێ ، $\mp$ بەردەوام ) بێت }

(٥٩)کتێبەکەت هەڵگرت .

- هەڵت گرت .

- هەڵت دەگرت / هەڵت نەدەگرت

٩- لەکاتی دەرنەکەوتنی بەرکاری رستە بەوشەیەکی سەربەخۆ لەکاری رانەبوردوو ($\pm$نەرێ) دا، راناوی لکاو - بەرکار - دەگوێزرێتەوە بۆ سەر م.بەردەوامی یا م. نەرێ - پێش رەگیکار-

(*) لێرەدا رستە کە دوو گوێزانەوەی بەسەردا پیادە دەبێت :


١- نەرێ ٢- راناوی لکاو

Scanned by TapScanner

(٦٠)نان دەخۆم

⇦ دەی خۆم

⇦ نای خۆم





١٠- لەکاتی دەرنەکەوتنی بەرکاری رستە بە وشەیەکی سەربەخۆ لەکاری رانەبردوو (+ پێش کار ، ∓نەرێ ) ، راناوی لکاو(بەرکار) دەچێتە سەر (پێش کار )ەکە .

- پێش م. بەردەوامی یا م. نەرێ -

(٦١) دەیان گرم / نایان گرم.

- دایان دەگرم / دایان ناگرم .




لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کەئەوەی لەگوێزانەوە بەخورتییەکانی ژمارە( ٧ ) ، ( ٨ )،( ٩ )، ( ١٠ ) دا ، بەدیاردەکەوێت ، ئەوەیە کەئەم گوێزانەوانە ڕۆنان پارێز نین ، واتە پارێزگاری لەشێوازی ڕۆنانی رستەکە ناکەن ئەمەش یەکێکە لەکەم و کوڕییەکانی

گوێزانەوەکانەو لەزمانی کوردیدا. جگە لەحاڵەتی ئاوەڵکار(*) ـ لەم حاڵەتانەشدا دروست دەبێت .

(٦٢) ژنەکە دەرگاکەی کردەوە

١- # ژن + ەکە + دەرگا + ەکە + ەوە + کردی + کات #

٢- # ژن + ەکە + دەرگا + ەکە + ەوە + کردی + رابردوو #

٣- # ژن + ەکە + دەرگا + ەکە + کردی + ەوە #

٤-# ژن #ەکە# دەرگا # ەکە# کردی ەوە#

٥-# ژن # ەکە # دەرگا # ەکە # ی # کردەوە #

٦- # ژن # ەکە # دەرگا # کە # ی # کردەوە #

لەڕۆنانی ئەم رستەیەدا ئەم یاسایانە پیادەکراون .

١. یاسای رۆنانی فرەیز .

٢. یاسای کات ـ بەخورتی ـ

٣. یاسای پاشکۆکان ( پاشکۆکانی کار ).

٤. یاسای سنوور و جیاکەرەوە.

٥. یاسایەکی بەخورتی گوێزانەوەی راناوی لکاو.

٦. وەك تێبینی دەکرێت گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی لەنێوان هەردوو ڤاوڵی /ا/ و /ە/ دا روویداوە لەهەنگاوی (٦)دا ، کەتیایدا یاسایەکی فۆنۆلۆجی رۆنانی ژمارە (٦)ی بەرهەم هێناوە .


## گوێزانەوە بەئارەزووییەکان

بریتین لەو کردانەی گوێزانەوە کەپێویستی سەرەکی نین و بەبێ پیادەکردنیشیان رستەی رێزمانی بەرهەم دێت و هەموو رستەیەك کە گوێزانەوەیەکی بەئارەزوویی ـ یان زیاتر ـ ی لەسەر پیادە کرابێت دەبێتە رستەیەکی دارژاو DERIVED SENTENCE. بەشێوەیەکی

(*) بڕوانە کورتەی لێکۆڵینەوەکە ، کەموکورییەکانی رێزمانی ب.گ ل ( ٩٦ ) .

گشتیش گوێزانەوە بەئارەزوویيەکان ((لەڕێگـەی هـەندێ لـەم کردانـەوە ئـەنجام دەدرێـت : لادان ، زیادکردن ، کۆپی کردن ، جێگۆڕکێ ، جێگری )) "٥٢:١٨٦"

١- لادان:





أ + ب + ج ⇦ ب + ج

(٦٣) من نان دەخۆم

ـ نان دەخۆم

٢- زیادکردن :





أ + ب + ج ⇦ أ + ب + د + ج

(٦٤) ئێمە کوڕەکە دەگرین .

⇦ ـ ئێمە کوڕەکەت دەگرین .


٣- کۆپیکردن :




أ + ب + ج + د ⇦ ج + د + أ + ب

بۆنموونەی ئەم جۆرە گوێزانەوەیە بڕوانە رستەی (٤٥).

٤- جێگۆڕکێ





أ + ب + ج ⟸ أ + ج + ب

(٦٥) من بۆ بازاڕ چووم .

⟸ ـ من چووم بۆ بازاڕ .

٥- جێگری (*)




أ + ب + ج ⟸ أ + دِ + جَ

دەربارەی پیادەکردنی یاسا بە ئارەزوویـیـەکانی گوێزانـەوە لـەزمانی کوردیـدا ئـەوا بەشێوەیەکی گشتی لەم گوێزانەوانەدا خۆی دەبینێتەوە:

١ـ نەرێ کردن

أـ رابوردوو (سادە ، دوور ، تەواو )

رستەی رابوردوو لەرێگەی ئەم یاسایەوە دەبێتە نەرێ

| |
|---|
| س + أ + ع ⟸ (زیادکردن) س + ب + أ + ع |

س = کەرەسەکانی پێش کار

(*) ئەم شێوازە لەبنەڕەتدا بریتیـیە لەهەردوو کردەی لادان و زیادکردن

ع - کەرەسەکانی دوای کار - ئەگەر هەبێت -

أ - رەگی کار (رەگ + کات)


ب - مۆرفیمی(نە)

(٦٦) ئێمە چووین بۆ بازاڕ.


(س) (أ) (ع)

⇦ - ئێمە نە چووین بۆ بازاڕ

(س) (ب) (أ) (ع)




⇦




ر.سارەوە [ (١) (٣) (٤) (٥) (٦) (٢)

Scanned by TapScanner

... رابوردووی بەردەوام .

رستەی رابوردووی بەردەوام بەم شێوەیە نەرێ دەکرێت ..


| |
|---|
| س + أ + ب + ع ⟸ س + ج + أ + ب + ع |
| (زیادکردن) |

أ = مۆرفیمی (دە)


ب = کار

ج = مۆرفیمی (نە)

(٦٧) کۆترەکان دەفڕین.




⟸ - کۆترەکان نەدەفڕین .



ج ـ رانەبوردوو

رستەی رانەبوردوو بەم شێوەیە دەگوێزرێتەوە بۆ نەرێ .

| |
|---|
| س + أ + ب + ع ⟸ س + ج + ب + ع |
| (جێگری) |

أ = مۆرفیمی (دە)

ب = کار

ج = مۆرفیمی (نا)

(٦٨) ئێمە دەچین بۆ سەردەشت .

⟸ ـ ئێمە ناچین بۆ سەردەشت .

د ـ فەرماندان

رستەی فەرماندان بەم شێوەیە بۆ رستەی نەرێ (نەهی) دەگوێزرێتەوە : ـ

| |
|---|
| س+ أ + ب + ج + ع ⟸ س + د + ب + ج + ع |
| ( جێگری) |

أ = پێشگری (ب)

ب = رەگی کار

ج = پاشگرەکانی دوای رەگ (رێزمانی)

( مۆرفیمە بەندە رێزمانیەکانی دوای رەگی کار )

د = مۆرفیمی (مە)

(٦٩) چێشتەکە لێبنێ.

⟸ ـ چێشتەکە لێمەنێ .

٢- پرسیار

لەزمانی کوردیدا رستەی پرسیار (پرسیاری وشەی پرس) بەپێی ئەم یاسایە لەرستە ناوکەکەیەوە دەگوێزرێتەوە :

| | | |
|---|---|---|
| أ + ب + ج | ⟸ | د + ب + ج |
| | (جێگری) | |
| أ + ب + ج | ⟸ | أ + د + ج |
| | (جێگری) | |
| أ + ب + ج | ⟸ | أ + ب + د |
| | (جێگری) | |

(أ ، ب ، ج) = کەرەسە سەرەکیەکانی رستە

د = وشەی پرسیار - بەپێی گونجان لەگەڵ رستەکە

کۆت :

لەکاتی لادانی هەر کەرەسەیەک دەبێت ئەو ڕاناوانەش لەرستەکە لابدرێن کەبۆ کەرەسە پرسیار لێکراوەکە ( لادراوەکە ) دەگەڕێنەوە .

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەبکرێت کە ئەم یاسایە لەهەموو حاڵەتێکدا ناتوانێت رستەیەکی رێزمانی پرسیار دروست بکات چونکە لەکاتی پرسیار کردن لە ئاوڵکارو گوزارەدا ئامرازی پرس دەبێت پێش بکەوێت،لەسەرەتای رەستەکەدا بێت:


(٧٠) نایەت چونکە نایەوێ بێت.

-بۆ نایەت؟

*نایەت بۆ؟

ئەم حاڵەتەش دەبێت وەک کۆتێك لەسەر ئەم یاسایە دابنرێت واتە کاتێك یاساکە راست دەرچێت کەکەرەسەی پرسیار لێکراو ئاوڵکار یان گوزارە نەبێت.


(٧١) سیروان مریشکەکەی سەربڕی .




⇦ - کێ مریشکەکەی سەربڕی ؟

- سیروان چی سەربڕی؟

- سیروان چی لە مریشکەکە کرد؟




(١٠٠) دوێنێ بەفرێکی زۆر باری .

⇦ (جێگری) - کەی بەفرێکی زۆر باری ؟

## ٢. بەلووتکە کردن Topicalisation

لەزمانی کوردیدا(( دەکرێت بەرکاری رستە بەرێگەی لووتکاندنەوە ـ بەپێی یاسایەکی گوێزانەوە ـ بخرێتە سەرەتای رستەوە)) "١٢:٧" یاساکەش بەم شێوەیە دەنوێنرێت :

أ. کاری رابوردوو

| |
|---|
| س + أ + ب + ع ⇐ أ + س + ع + ب |

ب. لەبنەڕەتیشدا بەدوو قۆناغی گوێزانەوەیی دەبێت

١. جێگۆڕکێ

س + أ + ب + ع ⇐ س + أ + ع + ب

٢. جێگۆڕکێ

س + أ + ع + ب ⇐ أ + س + ع + ب

س=بکەر

أ=بەرکار

ب=راناوی لکاوی بکەر

ع=کار

(٧٢) نەسرین گوڵدانەکە ی شکاند .
س أ ب ع

⇐ ـ نەسرین گوڵدانەکە شکاند ـ ی .
س أ ع ب

⇐ ـ گوڵدانەکە نەسرین شکاند ـ ی
أ س ع ب

⇐ ـ گوڵدانەکە نەسرین شکاند ی
أ س ع ب

ب ـ کاری رانەبوردوو

بەلووتکەکردن لەرستەی رانەبوردوودا بەم شێوەیە پیادە دەکرێت :

| |
|---|
| س + ع + أ + ب ⇐ ع + س + أ + ب<br>٤، ١<br>(جێگۆڕکێ) |

⇦ (کۆپی‌کردن) ع + س + أ + ع + ب

أ=م. (ده)

ب=کار

(٧٣) ئێمه خانوه‌که ده فرۆشین.

س ع أ ب

⇦ (جێگۆرکێ) - خانوه‌که ئێمه ده فرۆشین.

ع س أ ب

- خانوه‌که ئێمه ده – ی فرۆشین.

کۆپی کردن ع س أ ع ب

که‌سی سێیه‌می تاك

## ٢-٥ بکەر نادیار(*)

کێشەی بکەر نادیار لەرێزمانی ب.گ دا بەشێوەیەکی ئاشکرا سەرنجی زمانەوانەکانی راکێشاوەو رەنگە هەر ئەمەش(**) وای کردبێت (بریزنان) بلێت ((ئەو بەلگانەی کەپێشکەش دەکرێن سەبارەت بەهەبوونی بکەر نادیارێك کەسروشتێکی رۆنانی (سینتاکسی) هەبێت وەهمی‌یە))"٣١ : ٧٩ ـ ٨٠ "سەبارەت بەدروست کردنی بکەر نادیاریش ئەوا ((لەهەموو زمانەکاندا لەرێگەی یاسایەکی فەرهەنگی‌یەوە چارەسەر دەکرێت کەدوو جۆر گۆڕانکاری ئەنجام دەدات ، گۆڕانێکی ئەرکی‌و گۆڕانێکی ئینشائی:

١. بکەر ⟵ Ø

بەرکار ⟵ بکەر

---

(*) باس کردن لەبکەر نادیار لەم جێگایەدا لەبەر ئەو هۆیەیە کە لە پیادەکردنی تیۆری. ب.گ هەندێ زمان-لەوانە زمانی ئینگلیزی - لەدیاردەی گوێزانەوەییەکانە بەڵام لەزمانی کوردیدا ئەم کردەیە وەك دیاردەیەکی گوێزانەوەیی نابینرێت.

(**) مەبەست کەموکورییەکانی یاسای گوێزانەوەی بکەرنادیارە ، یاخود باس کردن لەبکەر نادیار وەك دیاردەیەکی گوێزانەوەیی .

...... )) "٣١ : ٧٩ ـ ٨٠ "

٢. گۆڕانی گەردانی

ئەم بۆچوونەی بریزنان بەم گشتاندنە (تعمیم) دروست نیيەو سەبارەت بەهەموو زمانەکان پیادە ناکرێت ـ وەك ئینگلیزی ـ بەلام سەبارەت بەهەندێ زمانی تر دروستی هەلدەگرێت ، چونکە چۆمسکی خۆیشی جۆرێك لەگومان لەبەرامبەر یاسای گوێزانەوەی بکەر نادیاردا دروست دەکات و دەلێت (( ئەوەندەی بزانم بەلایەنی کەمەوە دوو جۆر بکەر نادیار هەیە ، یەکەمیان جۆرێکە سروشتێکی گوێزانەوەی هەیە و دووەمیان نییەتی زمانی ئینگلیزی زمانێکە بکەرنادیاری راستەقینەیە ، چونکە ئەو یاسایە پەیوەندە بەهەندێ خەسلەتی تایبەتیەوە ، بەلام عەرەبی زمانێکە بکەر نادیاری راستەقینە نیيەو سروشتێکی گەردانی (صرفی) هەیە )) "٧٩:٣٠" . بەم پێیە کەم و کوڕییەکانی تیۆری ب.گ لەوەدایە کە((رۆنانی دیارو نادیار بەتەواوی لەیەکتری دەترازێنێ و گوێ ناداتە ئەو پەیوەندییە واتاییەی کەلەنێوان ئەم دوو جۆرە رۆنانەدا هەیە ))"٥٧:٩" ئەمە جگە لەوەی کەسەرنجدان لەدیاردەکە گومان دروست دەکات لەسەر هەبوونی ئەم گوێزانەوەیە لەزمانی کوردیدا ، بەلکو ئەو نموونەو رستانەی کەدیاردەکەیان لێوە شیدەکرێتەوە ئەوە بەدیاردەخەن دیاردەی بکەر نادیار لەزمانی کوردیدا سروشتێکی فەرهەنگی هەیەو گۆڕانەکە مۆرفۆلۆجییە و (( لەزمانی کوردیدا دروست بوونی نادیار دەدرێتە پال مێژو دەسەلاتی مۆرفیمی{ر} ))"٥٧:٩" لەدوای لادانی بکەری رستەکەو ئەو راناوە لکاوانەی پەیوەندیداری بکەرن ، کارەکە ئەم گۆڕانانەی بەسەردا دێت .

أ. کاری رابوردوو

| |
|---|
| م. پێش رەگ + رەگی رابوردوو(رەگ + م.رابوردوو) + ر+ ا + راناو |

ب ـ کاری رانەبوردوو

| |
|---|
| م.پێش رەگ +رەگی رانەبوردوو(رەگ+م رانەبوردوو) +ر+ێ+راناو |

Scanned by TapScanner

(٧٤) شۆخان پارەکەی دزی

- پارەکە دزرا

ر١ ........ ف.ن (١) + ف.ن (٢) + ف.ک

ر٢ ........ ف.ن (٢) +ف.ک

ک = دز+ ر+ ا = دزرا.

# بەشی سێیەم

## ٣- چەمکە ئەرکییەکانی رستە لەریزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا

### ٣-١ یاسا فەرهەنگییەکان

### ٣-٢ سیما سینتاکسی و فەرهەنگییەکان


Scanned by TapScanner

## ٣ - چەمکە ئەرکییەکانی رستە لە رێزمانی (ب.گ) دا


یاساکانی رێزمانی ب.گ تەنها تایبەت نین بە رۆنانی رستە و چۆنیەتی پێکهاتەی رستەکان ، بەڵکو ((بەشداری لە دارشتنی پەسنی ئەرکی رستەکانیش دەکەن )) "٨٣:٣٠" ئەم لایەنەش خاڵێکی تری تیۆرە رێزمانییەکە بە کە تارادەیەك توانی وردتر چەمکی بکەرو بەرکاری رستە پێناسە بکات . پێناسەکانی رێزمانی ب.گ بۆ چەمکە ئەرکییەکانی رستە دەکرێت لە یاساکانەوە(یاساکانی رۆنانی فرەیز) دیاری بکرێت و هەر لەوانیشەوە وەرگیراون، دەبێت ئەو خاڵەش لەبەر چاو بگیرێت کە ئەم دیاریکردنەی چەمکە ئەرکییەکانی رستە بۆ ئەو زمانانە نابن کە لەریزبوونی کەرەسەکانی رستەدا (کار) سەرەتای گرتووە، -وەك زمانی عەرەبی- ئەمەش لەوانەیە رەخنەیەك بێت لەو رەخنانەی ئاراستەی تیۆری ب .گ دەکرێت بەوەی لەم رووەوە یاساکانی رۆنانی فرەیز دەبنە هۆی داترازانی پەیوەندیو لێکچوونی نێوان زمانە مرۆڤایەتیەکان. بەپێی بۆچوونی ب.گ بۆ ئەم بابەتە بکەر دەبێت ئەو فرەیزە ناوییە بێت کەبەر کاریگەری (رستە) دەکەوێت واتە راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی نۆدی (ر) دایەو بەرکاریش ئەو فرەیزە ناوییەیە کەراستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی فرەیزی کاری دایە (مەبەستیش لەهەردوو چەمکی بکەرو بەرکار ، بکەرو بەرکاری رێزمانین نەك مەنتیقی ) ، بەم پێیە ئەو پێناسەیەی رێزمانی ب.گ بەشێوەیەکی گشتی بۆ چەمکەکانی دەکات بریتین لە :

- بکەر : { ف.ن ، ر }
- بەرکار : { ف.ن ، ف.ك }
- گوزارە : { ف.ك ، ر }
- کار : { ك ، ف.ك }
- تەواوکەر : { ف.بەند ، ف.ك }

(٧٥) کورەکە کەمانچە دەژەنێ.




(٧) پەرداخەکە شکا .





لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەجیاوازی سروشتی کارەکان لەنێو خۆیاندا (کۆت) لەسەر پیادەکردنی یاساکانی ڕۆنانی رستە دروست دەکەن بەتایبەتی ئەو کارانەی کەهەندێك تایبەتی دیاریکراویان هەیەو سیمای فەرهەنگی یا سیمای ریزمانی دیاریکراو بەبەرکارەکانیان دەبەخشن . لەزمانی کوردیدا ئەو کارەی لەچاووگی (گووتن )ەوە وەردەگیرێت یەکێکە لەو کارانەی سیمای رێزمانی<+رستە> بەسەر بەرکارەکەیدا


دەسەپێنێت ، واتە بەرکاری ئەم کارە دەبێت ڕستە بێت ، لێرەدا چەمکی بەرکار بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت :

بەرکار : { ڕ،ف.ك }

(٧٧) ڕەسولی هەمزاتوف گوتی: گەلی بچووک پێویستی بەخەنجەری گەورە هەیە .





(٧٨) من بە تۆم وت: مەڕۆ بۆ شەڕە بەفر.



هەرچەندە ئەم پێناسانەی تیۆرەکە بۆ چەمکە ئەرکییەکانی رستە کردوویەتی کەوتونەتە بەر ڕەخنە بەلام لەبەر ئەوەی لەبۆچوونەکانی پێش خۆی وردترو زانستیتر دەڕوانتە ئەرکەکان و دەستنیشانکردنیان لەوان پەسندترن، بەتایبەتیش لەزمانی کوردیدا چونکە لایەنێکی ڕەخنەکە لەوەدایە کەهەندێك زمان کاری تێدانی‌یە ، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زمانی کوردی ناگرێتەوە ، چونکە لەزمانەکەدا رستەنی‌یە کاری تێدا نەبێت .

## ٣ـ١ یاسا فەرهەنگییەکان

هەموو وشەیەکی زمانی کەلەفەرهەنگی زمانەکەدا هەیە پەیوەندیدارە بەواتایەك یا ناوەڕۆکێکی واتایی ( یازیاتر) هەلدەگرێت ، ئەگەر ئەم پەیوەندییە لەدەست بدات لەفەرهەنگەکەدا دەچێتە دەرەوە ، بۆیە ئەرکی هەموو یاسایەکی ڕۆنانی رستە جگە لەشێوازی ڕیزکردن و ڕێککەوتن بەشێوەیەکی ئەبستراکتی دەبێت یەکانگیر بێت لەگەڵ فەرهەنگی وشەکان (واتاکانیان) ، بەمەش یەکێك لەکێشە سەرەکیەکان لەکاتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی رستەدا بۆ ڕێزمان دروست دەبێت کەگۆڕینەوەی ئەو هێما ئەبستراکتانەی یاساکانی ڕێزمانە بەدانەی گونجاوی فەرهەنگی بۆ پڕکردنەوەی بواری فەرهەنگی ڕستەکە ، ئەم ئەرکەش لەتیۆری ب.گ دا بەر پێکهاتی بنجی دەکەوێت .




هێلکاری - ٥ -

لەپێکهێنی بنجی دا یاسا فەرهەنگییەکان ئەرکی پڕکردنەوەی فەرهەنگی ڕستەکە دەبینن ، لەپێکهێنی بنجی دا ئەم یاسایانە کاردەکەن :

Scanned by TapScanner

### ١. یاساكانی ڕۆنانی فرەیز:

وەك لەبەشەكانی پێشتردا باسكرا ، ئەو یاسایانەن كەبەشەكانی (توخمەكانی) ڕستە بەدیار دەخەن و كاتیگۆرییە فرەیزییەكان دەخەنە ڕوو:

ر ← ف.ن + ف.ك

ف.ن
ف.ك ← كاتیگۆرێكی فرەیزین

### ٢. یاسا فەرهەنگییەكان :

#### أ. یاساكانی پۆلكردنی فەرهەنگی :

ئەویاسایانەن كەكۆمەڵە وشەیەكی زمانەكە یەك دەخەن لەژێر پۆلێكی فەرهەنگیدا . لەزمانی كوردیدا ئەو یاسایەی كە (ئازاد ، چیا ، قوتابی ، كوردستان ،.......) لەژێر پۆلی (ناو) دا ڕیزدەكات ، یاسای پۆلكردنی فەرهەنگییە، هەروەها سەبارەت بەو یاسایانەش كە (ئاوەڵناو ، كار...) پۆلین دەكەن .

#### ب. یاسای پۆلكردنە پاژییەكان:

ئەو یاسایانەن كە ئەركیان شیكردنەوەی ڕەمزێكی سەرنیشانە فرەیزە بۆ ئەو سیما سینتاكسی و فەرهەنگیانەی كەپێویستە هەی بێت ، واتە چۆن لە فۆنۆلۆجیدا یاسایەكی وەك نەبزوێن ← (- ژێدار، + تەقیو، + لێوی) دەتوانێت لەناو هەموو فۆنیمەكاندا /پ/ بهێنێتە دەرەوە ، ئەو یاسایەش ئەركی شیكردنەوەی ئەو هێمایەیە بۆ ئەو سیمایانەی كەپێویستە لەو دانە فەرهەنگییەدا هەبێت كەلەژێر ئەونۆدەدا هەڵدەبژێردرێت ، چونكە بەپێی ئەو سیمایانەی كەوەك مەرج هەبوونیان هەیە ئەو دانە فەرهەنگییە هەڵدەبژێردرێت .

(٧٩) مەلاجەكە لۆكەكەی شیكردەوە .

١- ر ← ف.ن ⁀ ف.ك

٢- ن ← ن ⁀ [نیشانە] ە٠

٣- ف.ک ←——— ف.ن ⁀ ف.ک

٤- ن ←——— < ± زیندوو >

٥- نیشانە ←——— <± ناسیاری >

٦- ن ←——— < ± کۆ >

٧- ± کۆ ←——— <± مرۆڤ >

٨- ک ←——— ( < + بکەر ، + بەرکار >
بکەر < + مرۆڤ>
بەرکار < − زیندوو + بەرجەستە > )

یاساکانی (١، ٢، ٣) یاسای ڕۆنانی فرەیزن ، بەڵام یاساکانی تر یاسای فەرهەنگیین ، لێرەدا دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کەلەرووی زنجیرە بەندییەوە دوای یاسای ڕۆنانی فرەیز دەکەون و ئەگەر یاسا فەرهەنگییەکان لەسەر رەمزی هەر پێکهاتەیەك پیادەکران ئەوا ناتوانرێت دوای ئەوە یاساکانی ڕۆنانی فرەیزی لەسەر پیادە بکرێتەوە و یاساکانی هەڵبژاردنیش لەدوای یاسای پۆلکردنی پاژییەوە دەست بەکارکردن دەکەن ، یاساکانی پۆلکردنی پاژی دوو جۆرن :

١- یاسای دورە کۆنتێکست: ئەو یاسایانەن کەکۆنتێکست ناتوانێت حوکمیان بکات و بەشێوەیەکی گشتی کاردەکەن وەك ن ←——— <± کۆ>
کە یاسایەکی ئازادە و دورە لە کۆنتێکست واتە لەهەموو کۆنتێکستێکدا (ناو) یا (تاکە) یان (کۆ) یە.

٢-یاسا بەندەکانی کۆنتێکست : ئەو یاسایانەن کەگشتی نین و بەندن بەو کۆنتێکستەوە کەڕەمزەکەی تێدا دەردەکەوێت وەك :

< بەرکار ←——— + بەرجەستە >

لەڕستەی (٧٩) دا کەیاسایەکی بەندی کۆنتێکستە هەروەك لە رستەکەدا دەردەکەوێت سیمای <+ بەرجەستە> لەژێر کاریگەری کۆنتێکستەکەی خۆیدا (بکەر—— کار) دێتە ئاراوە ئەمەش بەئاسانی دەسەلمێنرێت کاتێك لەڕستەی (٨٠) دا سیماکە دەگۆڕێت و دەبێتە < ـ بەرجەستە >

(٨٠) مامۆستا وانەکەی      شیکردەوە .

< - بەرجەستە >

ج - یاساکانی هەڵبژاردن :

ئەو یاسایانەن کەئەرکیان ((هەڵبژاردنی دانەی فەرهەنگی (وشەی فەرهەنگی) یە ، لەژێر تۆدی پۆلەکاندا)) "١١٨:٥٨" ، واتە ئەو یاسایانەی کەدەتوانن پیاو بۆ تۆدی { + ن، + زیندوو ، + نێر ، + ئاقڵ } هەڵبژێرن ، ئەم یاسایانە کار لەسەر تۆدە کۆتاییەکان دەکەن ، دەکەونە دوای یاساکانی لق لێبوونەوەو یاساکانی هەڵبژاردنەوەو ((بەشێک نین لەیاساکانی نووسینەوە)) "١٣٩:٣٩" .دانان و دەستنیشانکردنی یاساکانی پۆلکردنی پاژی سەبارەت بەهەر زمانێك کارێکی ئاسان نییە و دەبێت پابەند بێت بە ئەنجامدانی ئامارێکی سەرتاسەری وردو تەواو دەربارەی دانە فەرهەنگییەکان نەك هەر ئەوەندە بەڵکو دەبێت هەندێ جار کۆنتێکستیش لەبەر چاو بگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت لەم بوارەدا هەندێ هەوڵی سەرەتایی و گشتی بدرێت :

١- ن ← < + ن ، ± گشتی >

واتە ن دەبێت بگۆردرێت بەیەکێك لەو پێکهاتانەی لای چەپ ، واتە (ن) یان گشتی بێت یان تایبەتی .

+ن ← < + گشتی >

+ن ← < - گشتی >

٢- ± بژێر ← < زیندوو >

+ بژێر ← < + زیندوو >

کوڕ ، یەك کوڕ ، دوو کوڕ ......

- بژێر ← < + زیندوو >

ئەم حاڵەتە سەبارەت بەزمانی کوردی بەرچاو ناکەوێت چونکە هیچ ناوێك بەرچاو نەکەوت زیندوو بێت و توانای ژماردنی نەبێت ، لەمرۆڤ و ئاژەڵ و رووەکدا.

+ بژێر ← < - زیندوو >

پیاڵە ، یەك پیاڵە ، دوو پیاڵە ......

Scanned by TapScanner

- بڕێر ← < + زیندوو >

ئاو ، یەك ئاو * ، دوو ئاو * ......

٣- - گشتی ← < ± زیندوو >

هەڵەبجە ← < - گشتی ، - زیندوو >

کانی - ناوی مرۆڤ - ← < - گشتی ، + زیندوو >

٤- + گشتی ← < ± بڕێر >

فەرمانبەر ← < + گشتی ، + بڕێر >

ئاو ← < + گشتی ، - بڕێر >

٥- + زیندوو ← < ± ئاقڵ >

مرۆڤ ← < + زیندوو ، + ئاقڵ >

بزن ← < + زیندوو ، - ئاقڵ >

٦- - بڕێر ← < ± بەرجەستە >

شەکر ← < - بڕێر ، + بەرجەستە >

مێز ← < - بڕێر ، - بەرجەستە >

٧- ك ← + ك ، + تێپەڕ / [ ___ ، ف.ن ]

خواردن + تێپەڕ / [ ___ ، ف.ن ]

٨- ك ← + ك ، - تێپەڕ / [ ___ ، ∅ ]

سووتا ← < - تێپەڕ >

٩- + ك ← بکەر ، < + بەرجەستە >

واتە + ن < + بەرجەستە >

(٨١) منداڵەکە هات .

منداڵ < + بەرجەستە >

١٠- + ك ← + بکەر ، - بەرجەستە

{ + ن ، - بەرجەستە }

(٨٢) زستان هات .

زستان ⟵ < ـ بەرجەستە >

١١- + ك ⟵ [ ⟵ + بەرکار < + زیندوو > ]

(٨٣) من ئێوە دەگرم .

ئێوە ⟵ < + زیندوو >

+ بەرکار ⟵ + ن

١٢- + بەرکار ⟵ < + رستە >

(٨٤) باوکم فەرمووی : ( <u>ئێرە بەجێ مەهێڵن</u> )

ر

(٨٥) من وتم[*] : ( <u>نایەم بۆ ئەوێ</u> )

ر

ئەم یاسایانە یاسای نووسینەوەن و (( لەرێگەیانەوە سیمای سینتاکسی و فەرهەنگی تایبەت بەدەست دێن )) "١٠٨:٣٩" ، واتە لەناو خۆیاندا دەتوانرێت لەبری دانانیان بەسەردا پیادە بکرێت و لەژمارەیا زیاد بن و تەواوی ئەگەرەکانیان لێ وەربگیرێت .

واتە :

∵

١- [ +زیندوو ] ⟵ <+ئاقڵ>

٢- [ ـ گشتی ] ⟵ <+زیندوو>

٣- [ +ن ] ⟵ < –گشتی>


∴ [ +ن ] ⟵ <+ئاقڵ>

---

(*) ئەم حاڵەتە لەگۆرانی گووتندا روونادات.

- منداڵەکە گۆرانی وت.

ئەم یاسایانە دەکرێت بەهۆی هێڵکاریشەوە بنوێنرێن:




دەبێت تێبینی ئەوەش بکەین کەلەزمانی کوردیدا ناوە (−بەرجەستەکان) کەسیمای<+ بژێر > یان هەیە، ئەوە ناگەیەنن کە کۆناکرێنەوە ،بەڵکو واتای ئەوەیە کەتوانای ژماردنیان نییە ، بۆ نموونە (ئازادی )کۆدەکرێتەوە بەلآم ناژمێردرێت .

- ئازادیەکانی مرۆڤ
- یەك ئازادی *
- دوو ئازادی *

لەمیانی کارکردنی یاساکاندا ،(( یاساکان دارێژراوێك پێك دەهێنن کەبەپێکهاتەی رێزمانی هێمای لێکدراو کۆتایی هاتووە))"١١٥:٣٩" ، ئەم پێکهاتەو هێمایە دەکەوێتە سەر زنجیرە پێش کۆتاییەکان pre — terminal string لەلق لێبوونەوەی نیشانە فرەیزدا، واتە ئەو زنجیرەیەی کەپێش دوایین هەنگاو لەهەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی رستە دەکەوێت ، کەبریتییە لەهەڵبژاردنی (دانانی) وشەی فەرهەنگی ، لەبەرامبەر ئەمەشدا زنجیرەی کۆتایی terminal string لەرێگەی زنجیرەی پێش کۆتاییەوە بەرهەم دێت بەهۆی هێنانی دانەی فەرهەنگییەوە بەگوێرەی یاساکان .

## ٣ـ ٢ سیماسینتاکسی و فەرهەنگییەکان:

(٨٦) سیروان لەشەڕ دەترسێت .

لێکدانەوەو پەسنکردنی ڕێزمانی بۆ رستەیەکی وەك (٨٦) دەتوانێت ئەم کۆمەڵە زانیارییەی خوارەوە بەدەست بهێنێت :-

سیروان ـ ناوە ، تایبەتییە ، (نازمێردرێت) ، گشتی نییە ، ناوێکی زیندووە ، جیاوازە لە (پەرتووك ، پەرداخ) ناوی مرۆڤە جیایە لە (کۆتر ، ماسی ، نێرگز ).

شەڕ: ناوێکی گشتییە ، بەرجەستە نییە ، ناوی مرۆڤ نییە ، ناوی گیاندارو زیندوو نییە ،

دەترسێت : کارە ، تێپەڕە ، بەرکارەکەی دەشێت زیندوو یا نازیندوو ، بەرجەستە یا مەعنەوی بێت .

ئەم زانیاریانەش جێگەی دروست بوونی پرسیارن سەبارەت بەچۆنیەتی بەدەستهێنانیان لەڕێزمانی ب.گ دا ؟ ئەو پرسیارەش دەبێت لەو ڕێگەیەوە وەڵام بدرێتەوە کەئەم زانیارییانە تاچەند پەیوەندیان بەپێکهێنی بنجییەوە هەیە ، واتە ئەگەر زانیاریەکان تەنها ڕێزمانی بن یاخود بەشێك بن لەئەرکی پێکهێنی سیمانتیکی (واتایی) . لێرەشدا دیارە کەئەم زانیارییانە دەربارەی لایەنی پاژی پۆلەکانن ، لەکاتی بەکارهێنانی دانە فەرهەنگییەکان دا لەلایەن پێکهێنی بنجییەوە بەهۆی یاساکانی بەرهەمهێنانەوە (یاساکانی ڕۆنانی فرەیز) ، کەلەبەرهەمهێنانی ڕستەکاندا دەبێت کۆت لەسەر هەڵبژاردنی دانە فەرهەنگییەکان هەبێت ، زیادبوونی ئەو کۆتانە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی توانای ئەو یاسایانە لە بەرهەمهێناندا ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە پێویستی دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك یاسای تریش سەبارەت بەچۆنیەتی دانان و حوکم کردنی کۆتەکان دەهێنێتە ئاراوە ، تاکو زانیارییەکانیش بەرەو وردەکاری بچن کێشەکە فراوانتر دەبێت. ڕێزمانی ب.گ بۆ بەدەست خستنی ئەم زانیارییانە پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێك یاسای فەرهەنگی بۆ دیاریکردنی سیمای سینتاکسی دانە فەرهەنگییەکان وەك لەڕستەکانی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

(٨٧) پیاوەکە ئاشتی دەوێ .

پیاوەکە ← + ن

( + گشتی
+ زیندوو
+ مرۆڤ
+بەرجەستە
+ ناسراو
.......... )

گشتی ← + ن

( - بەرجەستە
- بژێر
- زیندوو
.......... )

دەوێ ← ک [ ___ ، ف. ن ]

ف.ن ← بەرکار

( ± گشتی
± بەرجەستە
.......... )

(٨٨) نەخۆشەکە دەرمانی دەوێ .

<+ بەرجەستە >

(٨٩) پیاوەکە کتێبەکەی هێنا .

لەزمانی کوردیدا ئەگەر ( هێنان ) بەواتای (هێنان و بردن ) نەهات ، بەواتای ( ژن هێنان هات ئەوا دەبێت سیمای < - نێر > لەبەرکارە راستەوخۆکەیدا بێتە دی .

(٩٠) سەرکەوت شنەی هێنا .

< - نێر >

(٩١)نازەنین پەرداخەکەی شکاند .

شکاند [ ___ ، ف . ن < + بەرجەستە ، + شکستەنی > ]
سیمای فەرهەنگی < + شکستەنی > دەبێت لەبەرکاری کاری (شکاندن) دا هەبێت ، بۆ
ئەوەی یاسای هەڵبژاردن نەتوانێت وشەی کتێب ی بۆ هەڵبژێرێت .

(٩٢) نازەنین کتێبەکەی شکاند ؟

بەلام بکەرەکەی سیمای < ± زیندوو > ی هەیە

(٩٣) رەشەبا شوشەکەی شکاند .

↓

< ـ زیندوو >

(٩٤) سەربازەکان مناڵەکانیان کوشت .

↓

< +زیندوو >

کوشت [ف.ن ـ بکەر ـ < + زیندوو > ]

(٩٥) مامۆستاکە رۆژنامەکە دەخوێنێتەوە .

مامۆستا ( + زیندوو, + مرۆڤ, + ئاقڵ )

دەخوێنێتەوە [ ___ ، ف.ن < + خوێندنەوەیی > ]

ئەمانی سیمای < + ئاقڵ > لەبکەری خوێندنەوەدا رستەی نادروست بەرهەم دەهێنێت .

(٩٦) مەڕەکە رۆژنامەکە دەخوێنێتەوە ؟

(٩٧) کچەکە پێدەکەنێ .

کچەکە < + مرۆڤ >

پێدەکەنێ [ ف.ن ـ بکەر ـ < + مرۆڤ > ]

(٩٨) مێزەکە پێدەکەنێت ؟

↓

< ـ مرۆڤ >

(٩٩) دایکت قاپەکانی دەژمارد .

Scanned by TapScanner

ئاپەکان < + بژێر >

دەژمارد [ ـــــ ، ف.ن < + بژێر > ]

بکەرەکەی < + مرۆڤ >

(١٠٠) دایکت ئاردی دەژمارد ؟

دایك < + ئاقڵ >

ئارد < - بژێر >

(١٠١) کۆترەکە درەختەکانی دەژمارد ؟

کۆترەکە < - ئاقڵ >

درەختەکان < + بژێر >

(١٠٢) براژنەکەم ئاوەکەی کوڵاند .

کوڵاند [ ـــــ ، ف.ن < - زیندوو ، + شلەمەنی > ]

براژنەکەم ( ئاو ) ەکەی کوڵاند .
( نینسك )
( سرکە )
( شلە )
( ...... )

- براژنەکەم ( *برمە ) ەکەی کوڵاند ؟
( *دەفتەر )
( *کولێرە )
( ...... )

(١٠٣) ئازاد دۆیەکەی ڕژاند .

ڕژاند [ ـــــ ، ف.ن < + شلەمەنی > ]

- ئازاد میوەکەی ڕژاند ؟

میوەکە < - شلەمەنی >

(١٠٤) خاڵۆزاکەم دەچێت بۆ سنە .

Scanned by TapScanner

دەچێت [ ___ ، + ف.بەند ]

بکەر < + مرۆڤ ، یان + ئاژەڵ >

(١٠٥) مەیمونەکە چووە سەر دارەکە .

مەیمونەکە < + ئاژەڵ >

(١٠٦) من خواردنەکە بۆ تۆ دادەنێم .

دادەنێم [ ___ ، ف.ن ، ف. بەند ]

(١٠٧) شیلان پەرداخەکەی لەسەر مێزەکە دانا .

دانا [ ___ ، ف.ن ، ف.بەند ]

هەبوونی ف.بەند وەك سیمایەکی کاری دانان بە ئارەزوویيە :

- شیلان پەرداخەکەی دانا.


(١٠٨) کاروان ڕقی لەنەوزاد هەڵگرت .

کاروان
( + ن
- گشتی
+ بژێر
+ زیندوو
+ ئاقڵ
...... )

ڕق
( + ن
- بەرجەستە
- بژێر )

هەڵگرت [ ___ ، ف.ن ]

زنجیرەی پێش دەرەکی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە دەنوێنرێت :



# کورتەو ئەنجامەکان

لەکورتەی لێکۆڵینەوەکەدا واباش زانرا کە گرنگترین خاڵەکانی لاوازیو کەمو کوڕی لەتیۆری ب.گ مۆدێلی (٥٧-٦٥)دا بەدیار بخەین چونکە تیۆری ڕێزمانی ب.گ بێ بەش نی‌یە لەکەمو کوڕی و خاڵی لاواز کەببێتە هۆی گرفت و دروستکردنی گومان لەو ئەنجام و بڕیارانەی کەسەبارەت بەیاساکانی ڕێزمان دەیدات . ئەمەش وای کردوە تیۆرەکە لەهەندێك لایەنەوە بکەوێتە بەر ڕەخنەو سەرنجدان و لایەنەکانی کەم و کوڕی تیایدا دەستنیشان بکرێت ، بەڵام ڕەخنەکانی کەلەم بوارەدا لەتیۆرەکە دەگیرێت بەچەند ئاراستەیەکەو هەندێکیان تایبەتن بەچوارچێوەی فیکری تیۆرە ڕێزمانیەکەو لەبازنەی فەلسەفەی ڕێزماندا دەخولێنەوە ، لەهەمان کاتدا هەندێکی دیکە لەڕەخنەکان تایبەتن بەخودی تیۆرەکە و لایەنە پراکتیکی و تەکنیکیەکانی کەتیۆرەکە گرتویتیەبەر بۆ پەسنکردنی ڕۆنانکارییانەی ڕستەو تیایدا ڕەخنە لەهەندێك ئەنجام دەگیرێت کەتیۆرەکە بەدەستی دەهێنێت و لەگەڵ بنەماکانی خۆیدا ناگونجێت .

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاسانتر هەندێ لەو ڕەخنەو گرفتانە بخەینە ڕوو هەردوو لایەنە کە جیادەکەینەوەوبەجیا باسیان لێوە دەکەین:

أ- ئەو کەم و کوڕییانەی لەچوارچێوەی فیکری تیۆرەکەدان :

١- ئەم تیۆرە لەکاتێکدا کەڕێزمان و یاساکانی دەبەستێتەوە بەتوانستی ئاخێوەرەوەو لەو توانستەوە وەریان دەگرێت (واتە توانست دەکاتە بنەما بۆ ڕێزمان ) ، ڕەخنەی ئەوەی ئاراستە دەکرێت کە ((چۆن دەتوانێت لەوە دڵنیا بێت کەئەو وەسفەی زمانەوان دەیداتە ڕستەیەك توانستی ئاخێوەر دەنوێنێت ؟ یان بەچ واتایەك چەمکی زانینی ئاخێوەر بۆ زمانەکەی دیاری دەکرێت )) "١٣٠:٢٦"، واتە ئاخێوەر کێ‌یە ؟ و زمانەوانەکانی ب.گ چۆن هەڵی دەبژێرن و لەتوانستەکەی دڵنیا دەبن ، بەرامبەر بەم پرسیارانە تیۆری ب.گ بەڵگەی تەواوی هەیە سەبارەت بەتوانستی ئاخێوەر کە ڕەنگدانەوەی زمانەو پەسنکاریە ڕۆنانیەکەی زمانیش ئەو توانستە دەنوێنێت ، چونکە لەقوڵترین پلەی لێکدانەوەی ئەقڵانی دیاردەکەدا ، لێکدانەوەی بۆ کراوەو یاساکان بەو شێوە ئەبستراکتە لەو حاڵەتەدا وەرگیراون و سەبارەت بەئاخێوەرو دڵنیابوون لەتوانستەکەشی ، ئەوە هیچ زانیاریەکی

Scanned by TapScanner

زمانی لەدەرەوەو لەسەرووی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکەوە نی یە ، بۆیە دەبێت زمانەوان لەو توانستە دڵنیا بێت و هەر ڕستەیەکیش لەزمانەکەدا توانستی ئاخێوەرێکی ڕەسەن ڕێگە لەبەرهەم هێنانی بگرێت ئەوا ئەو ڕستەیە ئێنتیما بۆ زمانەکە ناکات ،هەروەها دەربارەی نیگەیشتنیش هەمان شێوەیە .

٢- پەیڕەوکردنی(( بنەمای هۆهێنانەوە explanation لەزمانەوانی تیۆریدا نەگونجاوە )) "٧١:٢٥" ، لەگەڵ سروشتی زانستەکەدا یەکانگیر نی یە و ئاڵۆزی دروست دەکات ، ئەم سەرچاوەیە لەبواری ئاراستەکردنی ئەم ڕەخنەیەیدا پشت بەدوو هۆ دەبەستێت و بەسەرەکی دادەنێت ، یەکەمیان چۆمسکی مەبەستی ئەوە بووە ، ئەو لایەنانەی زمان کەبواری تیۆری هۆهێنانەوە دەگرنەوە ئەوانەن کەتا ڕادەیەك ئاشکران و بەزمانێکی تایبەتی پەیوەندی هێماکان گوزارشتیان لێدەکرێت،بەو جۆرەی کەتیۆرە بەدیهی یەکان پێویستیانە ، بەڵام ئەنجامەکەی جەخت کردنێکی زیادە ڕەویانە بوو لەسەر گرنگی فۆرمی زمانی و بەلاوە نانی تەواوی واتا بوو لەپانتایی تیۆرەکەدا . دووەمیان بریتی یە لەنەگونجانی بنەمای هۆهێنانەوە لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەك زمانەوانی ، ((لەبەر ئەوەی سروشتێکی ئیختیزالی هەیەو ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە زانستی یەکە بەتەواوی ناپێکێت)) " ٢٥ : ٧٣ _ ٧٤ " .

٣- خەریك بوونی چۆمسکی بەلێکۆڵینەوە لەشێوەی تیۆرە هۆهێنانەوەییەکە ، (( وای کرد بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تیۆرەکەدا لەقاڵب بدات ، لەبری پەرەپێدان بەتیۆرەکە )) "٧٦:٢٥" ، ئەوانەی ئەم ڕەخنەیە ئاراستەی تیۆرەکە دەکەن پێیان وایە کەئەنجامی ئەمەش بوەتە هۆی دروست بوونی جیاوازییەکی دیار لەنێوان ئەو زمانەوانییەی چۆمسکی خەریکی بووە لەگەڵ بابەتی سەرەکی دیراسەکردنی زمان ، واتە خودی زمان ، چونکە زانستی زمان نەگەیشتۆتە ئەو ڕاددە بەرزەی پێشکەوتن و ئەم دەستپێشخەرییە لەبواری زانستی زماندا سەرکەوتوو نابێت .

ب-کەم و کوڕییەکانی خودی تیۆرەکە :

١-بەو پێیەی کە یەکێك لەتایبەتیەکانی یاساکانی گوێزانەوە ئەوەیە کە( (ڕێگە بەگۆڕانی واتا نەدات )) "١٧٨:٤٣" واتە گوێزانەوەکان پارێزگاری واتا بکەن و واتای ڕستە

ەرۆنانی سەرەوەیدا هەمان واتای رۆنانی ژێرەوەی رستەکەی هەبێت چونکە بەپێی مۆدێلە
رێزمانیەکەی ب.گ پێکهێنی سیمانتیکی لەسەر رۆنانی ژێرەوەی رستە کاردەکات و ئەگەر
واتای رۆنانی ژێرەوە یەکسان نەبێت بەرۆنانی سەرەوە کردەی لێکدانەوەی واتایی رستەکە
هەڵە دەبێت (بڕوانە هێڵکاری ژمارە٢) .

بەڵام وەکو لە شیکردنەوەی هەندێك لە رستەکانی زماندا دەردەکەوێت گوێزانەوەکان
بوونەتە هۆی گۆڕینی واتا (نەك تەنها گۆڕین بەڵکو لەهەندێ رستەدا واتایان پێچەوانە یان
دژە - وەك لەنەرێ کردندا - )

- ژمارەیەك لەقوتابیەکان دەرچوون .
- ژمارەیەك لەقوتابیەکان دەرنەچوون .

⇦ (لێکدانی ڕستە )

(١٠٩) ژمارەیەك لەقوتابیەکان دەرچوون و دەرنەچوون .

لێرەدا بەئاشکرا هەست بەجیاوازی واتایی لەنێوان رستەی (١٠٩) و ئەو دوو رستەیەدا
دەکرێت کە لێیانەوە گوێزراوەتەوە ، هەروەها سەرنج دان لەم رستەیەی خوارەوە جەخت
لەسەر هەبوونی هەمان گرفت دەکاتەوە :

- هەندێك گوڵ جوانن .
- هەندێك گوڵ بۆنخۆشن .

⇦ (لێکدانی ڕستە )

(١١٠) هەندێك گوڵ جوانن و بۆنخۆشن .

لێرەشدا جیاوازی ئاشکرای واتا ، وا پیشان دەدات کەرستەی (١١٠ ) لەگەڵ دوو
رستەکەی تردا هەمان رۆنانی ژێرەوەیان نیەو تیایدا جیاوازن .

زمانەوانەکان بەرامبەر بە هەبوونی ئەم گرفتەلە رێزمانی ب.گ دا پاساوی جیاوازیان
هێناوەتەوە ، یەکێك لەو پاساوانە لەدیاردەی بەکارهێنانی رادە quantifier خۆی
دەبینێتەوە بەوەی کە لەم حاڵەتانەدا مەرج دادەنێن و گوێزانەوەی (لێکدانی ڕستە) بۆ ئەو
ڕستانەی وشەکانی ڕادەیان تێدایە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا .

ئەم گروپە لەو بڕوایەدان کەلەهەندێك باردا کردەکانی گوێزانەوە واتا دەگۆڕن و
(لێکدان)یش یەکێکە لەو بارانە . ئەو زمانەوانانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە دەچنە

چوارچێوەی تیۆری ستانداردی چاککراو (EST) بەڵام هەندێك لەزمانەوانەکانی دیکە لەو بڕوایەدابوون (( کەکردەکانی گوێزانەوە واتا ناگۆڕن )) "١٨٠:٤٣" ، بەڵکو کێشەکە لەچەمکی ڕۆنانی ژێرەوەدا دەست پێدەکات ، بەبۆچوونی ئەوان ((گرفتەکە زیاتر گرفتی تێگەیشتنی تەواوی چۆمسکی‌یە لەرۆنانی ژێرەوە تاخودی یاساکانی گوێزانەوە )) "١٨٠:٤٣" ، بەم جۆرە دەبێت هەردوو رستەی :

- هەندێك گوڵ جوانن .
- هەندێك گوڵ بۆنخۆشن .

لەگەڵ رستەی (هەندێك گوڵ جوانن و بۆنخۆشن ) لەرۆنانی ژێرەوەیاندا هاوبەش نەبن واتە یەك رۆنانی ژێرەوەیان نەبێت . ئەم گرووپەش بریتین لەگروپی سیمانتیکی بەرهەمهێنانی .

٢- کەم و کورییەکی تری ڕێزمانی ب.گ لەژێر زاراوەی (رۆنان پارێزی) بەدیار دەکەوێت و لەو پرسیارەوە دەست پێدەکات کە ((چۆن دەتوانرێت توانای گوێزانەوەکان کۆنترۆل بکرێت )) "١٨٤:٤٣" چونکە تایبەتیبەکی تریکردەکانی گوێزانەوە ئەوەیە کەدەبێت پارێزگاری لەرۆنانیش بکات . یەکێك لەو بۆچوونانەی وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە گوێزانەوەکان ((تەنها دەتوانن توخمەکان لەو چوارچێوەیەدا بجولێنن کە پێشتر لەلایەن یاساکان رۆنانی فرەیزەوە بەرهەم هاتوون)) "١٨٤:٤٣" ، واتە کردەکانی گوێزانەوە توانای بەرهەمهێنانی رۆنانی نوێیان نی‌یە ، (( ئەنجامێکی ناڕاستەوخۆی ئەم بۆچوونەش گۆڕانی هەندێك لەیاساکانی رۆنانی فرەیز بوو))"١٨٤:٤٣" ، ئەمەش چارەسەری کێشەکە ناکات و لەخوودی یاساکانی بەرهەمهێناندا گرفتی نوێ دروست دەکات لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەشدا پێشنیاری هەندێك لەزمانەوانەکان (( بریتی بوو لەدانانی چوارچێوەیەك بۆ ئەو مەودایەی کە توخمەکان دەتوانن لەناویدا بجولێن )) "١٨٥:٤٣"

(١١١) نەورۆز کتێبەکەی دایە کارزان .

⟸ (جێگۆرکێ)

- نەورۆز دایە کارزان کتێبەکە .

ئەم جولەیەی ( ف.ن ٢ ) - بەرکار - لەهەموو رستەیەکدا روونادات لێرەدا تێبینی ئەم رستەیە دەکەین :

Scanned by TapScanner

(١١٢) ئەوڕۆز کارزانی کوشت .


- ئەوڕۆز کوشتی کارزان *

هەروەها ناتوانن[٧] مەودایەك یان سنورێك بۆ جوڵەی هەندێك لەتوخمەکانی رستە دابنرێت ، لەم رستەیەدا ئاوەڵکار ئازادەو دەتوانێت هەرجێگایەك هەڵبژێرێت کەدەیەوێت


(١١٣) من نیوەڕۆ نانم خوارد.




- نیوەڕۆ من نانم خوارد .



- من نانم خوارد نیوەڕۆ(*) .




نەتوانینی دەستنیشانکردنی جو لەی توخمەکان دەبێتە هۆی دەرچوون لەپارێزگاری ڕۆنان و هەندێك جار کردەکانی گوێزانەوە (( دەبنە هـۆی زیادبوون لەهێزی بەرهەمهێنانی گوێزانەوەکاندا )) "٧٢:٣٠" ئەمەش ، وەك بنەمایەك لەگەڵ تیۆرێکی راڤـەیی ـ تفسیری ـ زمانیدا ناگونجێت .

٣- زیادبوونی کۆتەکان لەکاتی پیادەکردنی کردەکانی گوێزانەوەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرێك لەلاوازی لەهەڵوێستی کردەی گوێزانەوەدا ، بەتایبەتیش لەرستەی لێکدان(**)، رستەی ئاڵۆز، گوێزانەوەی

راناوی لکاوی بکەر بۆ کۆتایی وشەی بەکاری رستە(***) ، رستەی پرسیارو کۆتی لادانی راناوە لکاوەکانی کەبۆ کەرەسەی پرسیار لێکراو دەگەڕێنەوە(****) .

(*) ئەم رستەیە پلەی پەسندییەکەی لەرستەکانی ترنزمترە .

(**) لەپاڕستەی بکەری و بەرکاریدا (( دەبێت کۆت لەسەر ئەو کارانە دابنرێت کەئامرازی (کە ...) وەرناگرن.

- ئاشکرایە کەدەڕوات .

- دیارە کەنایەت .

- وابزانم کەدێت* .

- وابزانم دێت . )) "١٦:٤"

(***) بڕوانە ل ( ٦٢ ) ی بەشی دووەم .

(****) بڕوانە ل ( ٧٣ ) ی بەشی دووەم .

Scanned by TapScanner

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە چەند ئەنجامێك کەسەرەکی ترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

١- تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە لەزمانی کوردیدا تیۆرێکی ڕێزمانی چالاکەو لەمۆدێلە ڕێزمانیەکانی تری پێش خۆی چالاکتر کاردەکات و هەروەها دەتوانێت لەپەسن کردن و شیکردنەوەی ڕۆنانیانەی ڕستەکانی زمانەکەدا سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنێت.

٢-لەزمانی کوردیدا ، (١٠) گوێزانەوەی بەخورتی - اجباری - هەیە سەبارەت بەرستەی بنجی کە هەریەك لەو گوێزانەوە بەخورتیانە بەپێی مەبەستی تایبەتی خۆی لەسەر رستەکە پیادە دەکرێت و بۆ هێنانە دی مەبەستێکە تیایدا ، لەنێوان گوێزانەوەکانیشدا سیفەتی رۆنان پارێزی جیاوازە ؛ هەندێك پارێزگاری لەرۆنان دەکەن و هەندێکیش لەو گوێزانەوانە رۆنان ناپارێزن .

٣-راناوە لکاوەکان - دەستەی خاوەنی - لەسنووری فرەیزی کاری دا جوڵەیەکی چالاکیان هەیەو بەگۆڕینی حاڵەتی فرەیزە کارییەکە دەجوڵێن و گوێزانەوەیان بەسەردا دێت، جوڵەی راناوە لکاوەکانیش لەخانەی بنەڕەتی خۆیانەوە دەست پێدەکات بەئاڕاستەی لای راستی رەگی کار لەفرەیزە کارییەکەدا .

٤-گۆڕینی کاری بکەر دیار بۆ کاری بکەر نادیار لەزمانی کوردیدا دیاردەیەکی گوێزانەوەیی نییەو ئەو گۆڕانانەی لە سنووری رستەی نادیاردا روودەدەن پابەندە بەئەنجامی گۆڕان لەحاڵەتی فەرهەنگی و تایبەت بەکاری رستەکەو بەمەش بکەر نادیار دەبێتە دیاردەیەکی فەرهەنگی و لەئەنجامی گۆڕانی ئەو بارەدا دێتە ئاراوە ، نەك یاسایەکی گوێزانەوەیی بەئارەزوویی .

٥- لەزمانی کوردیدا جوڵەی ئازادانەی ئاوەڵکار لەرستەدا و هەندێك گوێزانەوەی رۆنان نەپارێزی راناوی لکاو لەفرەیزی کاریدا هاوکات لەگەڵ گرفتی واتا نەپارێزیدا دەبنە دوو هۆکاری سەرەکی دروست بوونی کەم وکوڕی لەسنووری پیادەکردنی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەداو دووخاڵی سەرەکی پێك دێنن کەتیایاندا تیۆرەکە لاوازی نیشان دەدات لەشیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕێزمانیدا .

# سەرچاوەکان

## - بەزمانی کوردی:


١. ئاواز حمه صدیق ،(١٩٩٦)، ریزبوونی کەرستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر ، کۆلیجی ئاداب ،زانکۆی سەلاحەدین

٢. ئەکرەم عەنەبی ،(١٩٩٩) تیۆری بەرهەمهێنان وگوێزانەوەی چۆمسکی لە زماندا، گ: ژیار .ژ(٣).

٣. حاتم ولیا محەمەد ،(٢٠٠٠)فرێزی ناوی وفرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا ،نامەی ماجستێر ،کۆلیژی زمان،زانکۆی سلێمانی.

٤. ساجدە عبداللە فرهادی ،(١٩٩٥) ، رێزمانی بەندێتی و هەندی لایەنی رستەی کوردی،نامەی ماجستێر،کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٥. شەعبان شەعبان ئەحمەد، (٢٠٠٠)،کورتە باسێك لە بارەی رێبازی ((گواستنەوە - وەچکردن ))ەوە لە بۆتەی زانستی زماندا ، گ.رامان ژمارە ٥٢ تشرینی یەکەم.

٦. شێرکۆ بابان (د.)(٢٠٠٠) لەمۆرکە تایبەتیەکانی زمانی کوردی،بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژ(٣١)،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧. تالب حسێن عەلی، (١٩٩٨)هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رستەو واتا لە کوردی،نامەی دکتۆرا/ فەلسەفە،کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین .

٨. عبداللە حسێن رەسول ،(١٩٩٥) مۆرفیمە رێزمانیەکانی کار ، نامەی دکتۆرا ،کۆلیجی پەروەردە - ئیبن روشد - زانکۆی بەغدا .

٩. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ،(١٩٩٨)،نادیاری ،نامەی ماجستێر ،کۆلیجی ئاداب ،زانکۆی سەلاحەدین.

١٠. ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانەیی،(٢٠٠١)، رێکەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی کوردیدا ،نامەی ماجستێر ،کۆلیجی ئاداب ،زانکۆی سەلاحەدین .

١١. کوردستان موکریانی (د.)،(١٩٨٦)، سینتاکسی رستەی سادە لە زمانی کوردیدا ،چاپخانەی دار الحریة للطباعة، بغداد.


Scanned by TapScanner

١٢. محمد معروف فتاح ،(١٩٨٩)كـار پۆلـين كـردن بـەپـێی ڕۆنـان ،گ:ڕۆشـنبیری نـوێ ، ژ(١٢١).

١٣. محمد معروف فتاح، (١٩٩٠)،زمانەوانی ،چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین .

١٤. محمد معروف فتاح ،(١٩٩٢)،باس لە جۆرێك لە ڕستەی كوردی دا گ:ڕۆشنبیری نـوێ ژ(١٢٨).

١٥. محمدمعروف فتاح،(٢٠٠٠)، موحازەراتی زمانەوانی، كورسی یەكەمی ماستەر، كۆلیجی پەروەردە بەشی كوردی.

١٦. محمود فتح الله (١٩٨٨)كار تـەواو كـردن لـە كـوردی دا ،نامـەی ماجسـتێر، كولیجی ئاداب ،زانكۆی سەلاحەدین

١٧. محەمەد مەحوی،(٢٠٠١) رستە سازی كوردی ،زانكۆی سلێمانی.

١٨. وریا عمر ئەمین ،(١٩٨٦)، رێزمانی ڕاناوی لكاو،مطبعة الجماهیر ،بەغدا.

١٩. وریا عمر ئەمین ،(١٩٨٧)، بیركاری لە زمانا، گ : ڕۆشنبیری نوێ ژ(١١٣).

٢٠. وریـا عمـر امـین ،(١٩٨٩)، بنـج وسـیما و یاسـاكانی گوێزانـەوە، گ: ڕۆشـنبیری نـوێ ژ(١٢١).

٢١. وریا عمر امین ،(١٩٨٩)،ئەلۆمۆرفی رێزمانی گ: ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١٢٢).

٢٢. وریـا عمـر امـین ،(١٩٩٢)، لـە پـەیوەندی یـەكانی بكـەر نادیـار، گ:ڕۆشـنبیری نـوێ ژ(١٢٩).

٢٣. وریا عمر امین ،(١٩٩٥)، لێڵی لە زمانی كوردیدا، گ:ڕۆشنبیری نوێ ژ(١٣٦).

٢٤. یوسف شریف سەعید ،(١٩٩٠)، دۆخەكانی ژێـرەوە لای فیلمـۆر هەندێلایـەنی رسـتە سازی كوردی، نامەی ماجستێر، كۆلیجی ئاداب زانكۆی سەلاحەدین .

ب- بەزمانی عەرەبی :


٢٥. تيرنيس مـوورو كريستين كـارلنغ (١٩٩٨)فـهم اللغـة :نحـو علم لغـة لما بعـد مرحلـة جومسكى ت:د.حامد حسين الحجاج ،مطبعة دار الشئون الثقافية العامة بغداد .

٢٦. جون سيرل ، (١٩٧٩) ، تشومسكى والثورة اللغوية ، مجلة الفكر العربى العددان (٩-٨) ، السنة الاولى ،بيروت .

٢٧. حاتم صـالح الضـامن، (١٩٩٨)، علـم اللغـة ، وزارة التعليـم العـالى والبحـث العلمـى ، جامعة بغداد ، مطبعة التعليم العالى ، جامعة الموصل .

٢٨.روبيتز د.،(١٩٩٧) ، موجز تـاريخ علـم اللغـة فـى الغـرب ،ت:د. احمـد عـوض ، عـالم المعرفـة سلسـة الكتـب الثقافيـة الشـهرية تصدرهـا المجلس الوطنـى للثقافـة والفنـون و الاداب الكويت.

٢٩.عادل الفاخورى،(١٩٨٨)،اللسانيات التوليدية و التحويلية، دار الطليعة ،ط٣، بيروت.

٣٠.عبدالقادر الفاسى الفهرى،(١٩٨٢)،اللسانيات واللغـة العربيـة،الكتـاب الاول، دارالشؤون الثقافيةالعامة، بغداد.

٣١.عبدالقادر الفاسى الفهرى ،(بلا)،اللسانيات و اللغة العربية ،الكتاب الثـانى، دار الشؤون الثقافية العامة بغداد.

٣٢.فيردنيـان دى سوسـور، (١٩٨٨)،علـم اللغـة العـام، ت:د.يوئيـل يوســف عزيـز،بيـت الموصل، الموصل.

٣٣.مازن الوعر ،(١٩٨٨)،قضاياأساسية فى علم اللسانيات الحديث ـ مدخـل ـ ،دار طـلاس للدراسات والترجمة والنشر، دمشق .

٣٤.ميشال زكريا (د.)،(١٩٨٣)الالسينة التولدية والتحوليـة وقواعـد اللغـة العربيـة ـ الجملـة البسيطة ـ ، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع بيروت.

٣٥.ميشـال زكريـا( د.)،(١٩٨٣)،الالسـنية (علـم اللغـة الحديـث )المبـادئ والاعـلام، ط٢، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع بيروت.

٣٦.ميشال زكريا (د.)،(١٩٩٢)،بحوث السنية عربية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشـر والتوزيع، بيروت.




Scanned by TapScanner

٣٧.ميلكا افيتش،(١٩٩٦)،اتجاهات البحث اللساني، ت:سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المطابع الاميرية

٣٨.نايف خرما ،(١٩٧٩)،أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، ط٢،عالم المعرفة سلسلة (٩)مطابع دار القبس، الكويت.

٣٩.نعوم جومسكي ،(١٩٨٥)،جوانب من نظرية النحو، ت:مرتضى جواد باقر ، مطبعة جامعة الموصل الموصل.

٤٠.نعوم جومسكي،(١٩٨٧)،البنى النحوية ، ت:د. يوئيل يوسف عزيز، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد .

٤١.نعوم جومسكي ،(١٩٩٦)،اللغة والعقل، ت:بيداء علي العلكاوي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد .

٤٢.وفاء محمد كامل (د.)،(١٩٩٧)،البنيوية في اللسانيات، مجلة عالم الفكر ، عدد ٢مجلد ٢٦اكتوبر/ ديسمبر، المجلس الوطني للثقافية والفنون والاداب، الكويت.

ج- بەزمانی ئینگلیزی:

43- Aitcheson,J . (1992) , Linguistics , Hodder& Stoughton , London .

44- Allerton , D.J . (1979) , Essentials of grammatical theory ((A consensev view of syntax and morphology )) , University of Manchester , London .

45- Crystal, D.(1992) , A dictionary of linguistics and phonetics , 3rd edition , B. Blackwell .

46- Ernest, N. McCarus, (1958) , A Kurdish grammar((descriptive analysis of Sulaimaniya, Iraq)) , American Council of Learned Societies , New York .

47- Falk, J. S.(1978) , Linguistics and language , A survey of basic concepts and implications , Second edition , USA .

48- Fattah ,M,M . (1997) , A generative grammar of Kurdish , University of Amsterdam .

Scanned by TapScanner

49- Fowler , R. (1981) , An introduction to transformational syntax , 4th editiion , Routledge and Kegan Paul, Ltd , London .

50- George, Yule. (1996) The study of language, Second edition , Cambridge university press .

51- Harthman , R , R ,K . and Stor, F,C . (1976) , Dictionary of language and linguistics , London .

52- Jacobsen, B . (1978) , Transformational - Generative grammar, Second revised edition , North - Holland , publishing company , Amsterdam .

53- Jeanue,H .Herndon, (1970) , A survey of modern grammar , USA .

54- John , T. Grender& suzette Haden Elgin , (1973) , Guide to transformational grammar , ((History . Theory. Practice)) , USA .

55- Lyons , J.(1976) , Chomsky , The open university , London .

56- Mahmod , farrokhpey (Dr.) , (1375) Universal grammar ,Ladan publishing Co., Tehran

57-Palmar, Frank.,(1976),Grammar ,Penguin book, England .

58-Radford,A.(1982),Transformational Syntax, Cambridge university press, Cambridge.

59- Radford,A.(1997), Syntax "A minimalist introduction ", Cambridge university press, Cambridge.

60- Radford,A.(1997), Transformational Grammar "A first course", Cambridge university press, Cambridge.

61-Thomas ,O, and Kintgen ,E,R.(1974), Transformational Grammar and the teacher of English, Second edition ,USA.

62-Trask ,R. L.(1993), A dictionary of grammatical terms in linguistics ,T.Jpress,London

Scanned by TapScanner

# ملخص الرسالة

**هذه الرسالة تخص دراسة النحو التوليدى التحويلى ( ١٩٥٧-١٩٦٥ ) مع تطبيقاتها في اللغة الكردية تتضمن الدراسة ثلاثة فصول أضافة الى المقدمة والاستنتاج .**

**الفصل الاول :**

مدخل نظري للنظرية التوليدية التحويلية ويبين اساسياتها ، وتليها أيجابيات النظرية في تحليل الجملة .

**الفصل الثانى :**

يصف عمليتا التوليد والتحويل في نحو اللغة الكردية ،وذلك بايجاد قوانين بنية العبارة والقوانين التحويلية الخاصة باللغة الكردية وتطبيقاتها على الجمل ، تطبيق القوانين التحويلية الاجبارية على جمل النواة والقوانين التحويلية الاختيارية على الجمل المشتقة .

**الفصل الثالث :**

عرض لمنظور نظرية النحو التوليدى التحويلى لمفاهيم العناصر الوظيفية للجملة (فاعل ، مفعول ...) وكذلك يبين القواعد المعجمية اضافة الى السمات المعجمية - التركيبية لعناصر الجملة الكردية وفي المختصر والاستنتاج عرض للعيوب الرئيسية للنظرية التوليدية التحويلية.

Scanned by TapScanner

# Abstract

This study studies Transformation Generative Grammar with its application in Kurdish language. It deals with the structure of Noun Phrase and verb phrase

It consists of three chapters apart from introduction and conclusion:

The first chapter deals with a survey to T.G theory, its importance and then the merits of T.G theory.

Chapter two describes generative and transformational processes in Kurdish sentences. It also sheds some lights on the application of obligatory T- rules for kernel sentences and optional rules for derivative ones.

The third chapter Shows the functional elements (e.g. sub, obj , complement...) as T.G grammars method and showing lexicon rules and the syntactic -lexical features of Kurdish sentences .

Scanned by TapScanner